# ئیستاتیکای ئاماژە نازمانییەکان لە دەقە شیعرییەکانی (ع.ح.ب) و جەمال شارباژێڕیدا)

نامەیەکە

پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی زمان لە زانکۆی چەرموو- چەمچەماڵ کراوە وەك بەشێك لە پێداوستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

لەلایەن

**زرار سەردار محمد**

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا لە ساڵی (٢٠١٢) لە زانکۆی سلێمانی

سەرپەرشت

**د.ئاسۆ عومەر مستەفا**

تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ زایینی

گەلاڕێزانی ٢٧٢٢ کوردی

**بەڵێننامە**

بەڵێن دەدەم، کە ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی (**ئیستاتیکای ئاماژە نازمانییەکان لە دەقە شیعرییەکانی (ع.ح.ب)و جەمال شارباژێڕیدا)**. هەمووی بەئەنجام گەیەنراوە لەلایەن خودی خۆمەوە، جگە لەو جێگایانەی، کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێ کردووە، هەموو نووسین و ئەنجامەکانی توێژینەوە کاری سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاو نەکراوەتەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە، بەڵێن دەدەم لە هەر جێگەیەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە......

ئیمزا:

ناوی خوێندکار: زرار سەردار محمد

بەروار:

## بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی

ئەم ماستەرنامەیە بەناونیشانی (**ئیستاتیکای ئاماژە نازمانییەکان لە دەقە شیعرییەکانی (ع.ح.ب)و جەمال شارباژێڕیدا**). کە لەلایەن(زرار سەردار محمد) پێشکەشکراوە. لەلایەن خودی خۆمەوە لەڕووی زانستییەوە پیاداچونەوەی بۆ کراوە و پشتگیری دەکەم و ڕەزامەندین، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاوتێکردن بکرێت.

هەڵسەنگێنەری زانستی : د. مەریوان حسێن فرحان

بەروار:

## **پشتگیری سەرپەرشتیار**

ئەم ماستەرنامەیە بەسەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نوسراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی (ئەدەب)و پشتگیری دەکەم. کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاووتوێکردن بکرێت.

ئیمزا:

ناو: د. ئاسۆعومەر مصطفی

بەروار

**پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراون و ڕەزامەندین بەناردنی بۆ لیژنەی گفتوگۆ**

ئیمزا:

ناو: د. ئاسۆعومەر مصطفی

سەرۆک بەش:

بەروار:

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە لیژنەی گفتوگۆ، ماستەرنامەی خوێندکار (زرار سەردار محمد) بەناونیشانی(**ئیستاتیکای ئاماژە نازمانییەکان لە دەقە شیعرییەکانی (ع.ح.ب)و جەمال شارباژێڕیدا**). خوێندەوە و لەگەڵ خودی خوێندکار گفتوگۆمان کرد، بۆیە بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی(          )پێبدرێت.

| | |
|---|---|
| ئیمزا: | ئیمزا: |
| ناو: | ناو: |
| ئەندام | ئەندام |
| بەروار: | بەروار: |
| ئیمزا: | ئیمزا: |
| ناو: | ناو: |
| ئەندام | ئەندام |
| بەروار: | بەروار: |
| ئیمزا: | ئیمزا: |
| ناو: | ناو: |
| ئەندام | ئەندام |
| بەروار: | بەروار: |

ئیمزا:

ناو:

سەرۆکی لیژنە

بەروار:

## پێشکەشکردن

- **پێشکەشە:**

❖ بەنەتەوەی (کورد)، بەوڵاتەکەم (کوردستان).

❖ بە هاوسەری خۆشەویستم (سارا)، لەگەڵ هەردوو ئازیزی دڵم (ڕەوێن و لەیدی)

❖ بە (د. ئاسۆ عومەر) وەکو سەرۆکی بەشی کوری و سەرپەرشتیاری نامەکەم.

❖ بە خوێنەران و ڕۆشنبیرانی خاوەن قەڵەم و نووسین.

❖ بە سەرجەم دکتۆرە بەڕێزەکانم.

❖ بە مامۆستایانم لە سەرجەم قۆناغەکانی خویندن.

## سوپاسنامە

- **سوپاس و پێزانین بۆ:**

❖ خودای باڵادەست، کە فەزڵی ئەوە بەسەرمانەوە گەیشتووین بەم ئاستە.

❖ مامۆستای ئازیز و خۆشەویستم (د. ئاسۆ عومەر مستەفا)، کە سەرپەرشتی نامەکەی کردم و بەسەرنج و تێبینییەکانی نامەکەیان دەوڵەمەند کرد.

❖ هاوسەری خۆشەویستم کە هەمیشە پاڵپشت و هاوکارم بووە.

❖ سەرجەم مامۆستا و هاوڕێیانم لە قۆناغی خوێندنی ماستەر کە هەمیشە پشت و پەنای یەکتر بووین.

## پوختە

### ئیستاتیکای ئاماژە نازمانییەکان لە دەقە شیعرییەکانی (ع.ح.ب)و جەمال شارباژێڕیدا)

ئاماژە نازمانییەکان لە بنەما گرنگەکانی پڕۆسەی پەیوەندیکردنن، چونکە لەم پڕۆسەیەدا گواستنەوەی زانیاری لە ڕێگەی ئاماژەی زمانییەوە بە تەنیا سەرکەوتوو نابێت، بەڵکوو پێوستی بە ئاماژە نازمانییەکانە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکە، ئەم گرنگییە لە بواری ژانرە ئەدەبییەکاندا بە هەمان شێوازە، سەرجەم ڕەگەزەکانی ئاماژە نازمانییەکان لە ئەدەب و بە تایبەتی لە دەقی شیعریدا ڕەنگیان داوەتەوە، چونکە ڕۆڵێکی کارایان لە بەرجەستەکردنی وێنەی شیعری جوان و ڕازاوەدا هەیە، لەبەرئەوە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی هەر ئاماژەیەکی نازمانی گرنگی و پەیامی تایبەتیی خۆی هەیە، بەرجەستەکردنی ئاماژە نازمانییەکان لە شیعردا کورتی و پوختی و جوانی بە دەقی شیعری دەبەخشن، کە ئەمەش تایبەتمەندیی لە مێژینەی شیعرە. هەردوو شاعیر " ع. ح. ب و جەمال شارباژێڕی" زۆر سەرکەوتووانە ئاماژە نازمانییەکان بە وردی لە بەشێک لە دەقی شیعرییاندا بەرجەستەکردووە، بنەمایەکی گرنگی جوانیی بەشێک لە شیعرەکانیان بوون، هۆکارێک بوون بۆ ئەوەی چێژی زیاتر بە خوێنەر ببەخشن.

# ناوەڕۆک


| لاپەڕە | ناونیشان |
|---|---|
| I | ناونیشان |
| Ii | بەڵێننامە |
| Iii | بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی |
| Iv | پشتگیریی سەرپەشتیار |
| V | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ |
| Vi | پێشکەشە |
| Vii | سوپاس و پێزانین |
| Viii | پوختەی نامەکە |
| Ix- xi | ناوەڕۆک |
| **١** | **پێشەکی** |
| **٤** | **بەشی یەکەم: ئیستاتیکا و ئاماژە نازمانییەکان** |
| **٥** | ١-١-١: ئیستاتیکا |
| **١٠** | ١-١-٢: تیۆری ئیستاتیکی کانت |
| **١٣** | ١-٢-١: ئاماژەی نازمانی و سیمۆلۆژیا |
| **١٥** | ١-٢-٢: سیمۆلۆژیا |

| | |
|---|---|
| ١-٣-١: پرۆسەی پەیوەندیکردن و ئاماژەی نازمانی | ٢٣ |
| ١-٤-١: ئاماژەی نازمانی لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە | ٣٦ |
| ١-٤-٢: ئاماژەی نازمانی لە ڕوانگەی زانستی دەروونناسییەوە | ٣٧ |
| ١-٤-٣: ئاماژەی نازمانی لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە | ٣٩ |
| ١-٤-٤ ئاماژەی نازمانی لە ڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە | ٤٠ |
| **بەشی دووەم: ئیستاتیکای ئاماژە جەستەییەکان** | ٤٣ |
| ٢-١-١: ئیستاتیکای ئاماژەکانی ڕوخسار | ٤٥ |
| ٢-١-٢: ئیستاتیکای ئاماژەکانی جەستە | ٥٨ |
| ٢-١-٣: ئیستاتیکای ئاماژە ئیرۆتیکییەکان | ٦٧ |
| **بەشی سێیەم: ئیستاتیکای ئاماژە هەستی و دەنگییەکان** | ٧١ |
| ٣-١-١: ئیستاتیکای ئاماژە هەستییەکان | ٧٢ |
| ٣-٢-١: ئیستاتیکای ئاماژە دەنگییەکان | ٨٤ |
| ٣-٢-٢: دەنگە مرۆییەکان | ٨٥ |
| ٣-٢-٣: دەنگە سروشتییەکان | ٩٥ |

| | |
|---|---|
| **بەشی چوارەم: ئیستاتیکای ئاماژەکانی سروشت و ڕەنگەکان** | ٩٩ |
| ٤-١-١: ئیستاتیکای ئاماژە سروشتییەکان | ١٠٠ |
| ٤-٢-١: ئیستاتیکای ئاماژە ڕەنگییەکان | ١١٢ |
| ٤-٢-٢: ڕەنگەکانی سروشت | ١١٩ |
| ٤-٢-٣: ڕەنگەکانی جەستە | ١١٨ |
| ٤-٢-٤: ڕەنگە بەکارهاتووەکانی ژیانی ڕۆژانە | ١٢١ |
| **ئەنجام** | ١٢٥ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | ١٢٩ |
| ABSTRACT | A-B |

# پێشەکی

ئاماژە نازمانییەکان فاکتەرێکی گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردن و ئەفراندنی جوانین لە دەقی شیعریدا و بنەمایەکی گرنگی وێنەی شیعرین، ڕۆڵی ئاماژە نازمانییەکان کەمتر نییە لە زمانی ئاخاوتن، هەریەکێک لە ئاماژە نازمانییەکان چۆن لە ژیانی ڕۆژانەماندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن، بەهەمان شێوە لە ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی ڕەنگیان داوەتەوە و هۆکارێکن بۆ گەیاندنی چێژ و جوانی. ئەدیب زیاتر لەهەر کەسێکی ئاسایی ئاماژە نازمانییەکان سەرنجی ڕاکێشاوە، بەرجەستەبوونی هارمۆنییەت لە نێوان ئاماژە زمانی و نازمانییەکاندا جوانیی زیاتری بەدەقی شیعریی بەخشیوە، هەروەها خستنە ڕووی مەبەستەکانی پشت ئاماژە نازمانییەکان لە نێو دەقدا هۆکارێکە بۆ گەیشتن بەواتا قوڵەکانی دەق. بۆیە ئەم لایەنە، لە نێو شیعری شاعیراندا ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە و شاعیران توانیویانە لەو ڕوانگەیەوە وێنەی بەرزی هونەری بهێننە ئاراوە و چێژ و واتای نوێ ببەخشن، بە تایبەتی لە شیعری هەردوو شاعیر(ع.ح.ب) و جەمال شارباژێڕ)دا بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە،

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

**"ئیستاتیکای ئاماژە نازمانییەکان لە دەقە شیعرییەکانی (ع.ح.ب) و جەمال شارباژێڕیدا)،** ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەیە، کە هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی زانستییانە سەرجەم ئاماژە نازمانییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ڕووی ئیستاتیکیەوە لە شیعری هەردوو شاعیردا بخاتە ڕوو.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** میتۆدی بەکارهاتوو بۆ ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە میتۆدی "وەسفیی شیکاری زمانەوانی، بە سوود وەرگرتن لە تیۆری ئیستاتیکی کانت.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** گەڕانە بە دوای سەرجەم ئاماژە نازمانییەکان لە نێو دەقی شیعریی "جەمال شارباژێڕی و ع. ح. ب" پاشان هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەی کە چۆن ئەم ئاماژانە بوونەتە بەشێک لە جوانی دەقی شیعری هەردوو شاعیر و پاشان هەریەکێک لەو ئاماژانە بە چ مەبەستێک بەکارهاتوون، لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی زانستی و لە چوارچێوەی بابەتێکی سەربەخۆدا لەم لایەنەوە توێژینەوە لەسەر ئەم دوو شاعیرە نەکراوە. هۆکاری هەڵبژاردنی هەردوو شاعیر پێکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دوو شاعیری هاوسەردەمن، بەڵام لە دووقۆناغی شیعری جیاوازدان، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری شیعرەکانیان لە بواری خۆشەویستی و دڵداریدان.

**سنووری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە خستنە ڕووی جوانی "ئاماژە نازمانییەکان"، لە دەقی شیعری هەردوو شاعیر، " ع. ح. ب و جەمال شارباژێڕی" دا.

**گرنگیی توێژینەوەکە:** گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئاماژە نازمانییەکان لە دەقی شیعریدا، کە ئەمە شێوازێکی نوێی کارکردنە لەسەر دەق، کە پێشتر ئاماژە نازمانییەکان زیاتر لە بواری زمانناسی و دەروونناسی و زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا کاری لەسەر کراوە، هەوڵێکە بۆ ئەوەی ببێت بە جێگەی سوود بۆ ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا کاری زانستی ئەنجامدەدەن.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی توێژینەوەکە گەیشتنە بە دەرئەنجامێکی دروست لەبارەی ئاماژەی نازمانی و خستنەڕووی ئەو جوانییەی کە بە دەقی شیعریان بەخشیوە، هەروەها تیشک خستنە سەر لایەنی جیهانبینی هەردوو شاعیر لە ڕوانگەی ئاماژە نازمانییەکانەوە.

**کێشەی توێژینەوە:** ئایا هەردوو شاعیر (جەمال شارباژێڕی و ع.ح.ب) توانیویانە ئاماژە نازمانییەکان لەنێو شیعرەکانیاندا بە شێوەیەکی هونەری دابڕێژنەوە و ڕەهەندێکی ئیستاتیکی پێ ببەخشن؟ هەروەها بۆ چ مەبەستێک ئاماژە نازمانییەکانیان بەکارهێناوە؟

لە شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکانی هەردوو شاعیردا وەڵامی ئەم دوو پرسیارە دەدەینەوە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە بەسەر چوار بەشدا دابەشکراوە.

**بەشی یەکەم**: (ئیستاتیکا و ئاماژە نازمانییەکان) لەچوار تەوەر پێکهاتووە لەتەوەری یەکەم باسی لە چەمک و زارەوەی ئیستاتیکا و تیۆری ئیستاتیکی کانت کراوە، تەوەری دووەم تایبەتکراوە بە ئاماژەی نازمانی و سیمۆلۆژیا، هەروەها لە تەوەری سێیەم بە وردی تیشک خراوەتە سەر پرۆسەی پەیوەندیکردن و جۆرەکانی، هەروەها تەوەری چوارەم خستنە ڕووی ئاماژەی نازمانییە لە چەند ڕوانگەیەکی جیاوازەوە.

**بەشی دووەم**: (ئیستاتیکای ئاماژە جەستەییەکان) تایبەتکراوە بۆ ئیستاتیکای ئاماژە جەستەییەکان لە دەقی شیعری هەردوو شاعیر، زۆر بەڕوونی تیشکخراوەتە سەر هەریەک لە ئاماژەکانی جەستە و بەژن وباڵا و ئاماژە ئیرۆتیکییەکان.

**بەشی سێیەم**: (ئیستاتیکای ئاماژە هەستی و دەنگییەکان)تایبەتە بە خستنە ڕووی هەریەک لە ئاماژە هەستی و دەنگیەکانە لە دەقی شیعری هەردوو شاعیردا.

**بەشی چوارەم:** (ئیستاتیکای ئاماژەکانی سروشت و ڕەنگەکان) تایبەتە بەهەریەک لە ئاماژەکانی سروشت و ڕەنگەکان بە شێوەیەکی تایبەتی لایەنی ئیستاتیکی هەریەک لەم ئاماژانە بە نموونەی شیعریی (جەمال شارباژێڕی و ع.ح.ب) خراوەتەڕوو، پاشان لە کۆتاییدا هەڵسەنگاندن لە نێوان ئاماژە نازمانییەکان لەدیوانی شیعری هەردوو شاعیردا کراوە و بەشێوەیکی ئاماری و ورد، لە کۆتاخاڵی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا دانراوە.

# بەشی یەکەم

## ئیستاتیکا و ئاماژە نازمانییەکان

١-١-١: ئیستاتیکا

١-١-٢ : تیۆری ئیستاتیکی کانت

١-٢-١: ئاماژەی نازمانی و سیمۆلۆژیا

١-٢-٢: سیمۆلۆژیا

١-٣-١: پرۆسەی پەیوەندیکردن و ئاماژەی نازمانی

١-٤-١: ئاماژەی نازمانی لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە

١-٤-٢: ئاماژەی نازمانی لە ڕوانگەی زانستی دەروونناسییەوە

١-٤-٣: ئاماژەی نازمانی لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی

١-٤-٤: ئاماژەی نازمانی لە ڕوانگەی ئاینی ئیسلام

# بەشی یەکەم

# ئیستاتیکا و ئاماژە نازمانییەکان

## ١-١-١: ئیستاتیکا

ئیستاتیکا زاراوەیەکی فەلسەفییە ((لە بنەڕەتدا لەوشەی (Aistheticos)ی گریکیەوە هاتووە. واتە ژیری (زانین بەهۆی هەستەوە) یان (ناسینی هەستپێکراو) پاشان بە زانینێکی (أدراک) تایبەت بەهەستی جوانی دەوترا)). (حسێن، ٢٠٠٨: ١٧). زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە بۆ یەکەم جار لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا. ((لە لایەن زانای ئەڵمانی ئەلکسەندەر بۆمگارتن (١٧١٤- ١٧٦٥) لەساڵی(١٧٣٥) لەکتێبی (ڕامان لە شیعرReflections on poetry) چەمکی ئیستاتیکا بەکارهاتووە، بەڵام هزرەکە پێشتر هەبووە بۆمکارتن بەم کارەی بۆ یەکەمجار بەردی بناغەی زانستی ئیستاتیکای وەک لقێکی فەلسەفە دانا، لەو کاتەوە ئیستاتیکا وەکو ڕێبازێکی فەلسەفی و لێکۆڵینەوە لە بنەماکانی جوانی لە ئەدەب و هونەردا خۆی چەسپاند. ئەم چەمکە لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ یۆنان و لە وشەی (ئیسیزیس Aisthesis) وەرگیراوە(مستەفا، ٢٠٠٩: ٢١). پێش بۆمکارتن بەچەند شێوەیەکی تر وشەی ئیستاتیکا دەربڕاوە، وەک زاراوەکانی((تیۆری هونەرەکان، تیۆری زانستە جوانەکان، تیۆری ئەدەبەجوانەکان، زانستی جوانی، کالیستکا)) (حسێن، ٢٠٠٨: ١٨). لەگەڵ ئەوەی هەریەک لەو شێوازانە ئامانجیان لێکۆڵینەوە بووە لە هونەر، بەڵام بەبێ پەیڕەوکردنی میتۆدێکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە بنەما ئیستاتیکییەکانی کاری هونەری. ئەم زانستە بەردەوام جێگای گرنگی و بایەخی سەرجەم لێکۆڵەرانی بواری فەلسەفە و هونەر بووە. بۆیە لەهەر زمانێک و زاراوەیەکی تایبەتیان بۆ داناوە، لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (Aesthetic)ی بۆ بەکاردێت لە زمانی عەرەبیدا وشەی (علم الجمال، الجمالیە، فلسەفة الجمال، جمالیات، الجمال)ی بۆ بەکاردێت، لە زمانی کوردیدا چەند زاراوەیەکی وەکو(ئیستاتیکا، ئیستێتیک، جوانیناسی، جوانی ) بۆ بەکاردەهێندرێت.

بەهۆی گرنگی ئەم زانستە و پەیوەستبوونی بە هەست و دەرونی مرۆڤەوە، چەندین پێناسەی جیاوازی بۆکراوە، بۆیە زۆربەی بیرمەند و توێژەر شارەزایانی ئەم بوارە پێناسەی ئەم زانستەیان لە چاوگی بیرکردنەوە فەلسەفی و بیروڕای هزری و ڕوانینی جوانیانەوە کردووە، وەک دەوترێت: ((ئەو زانستەیە لێکۆڵینەوە لە جوانی و چێژ و هونەرە جوانەکان دەکات و تایبەتمەندە بە ڕوونکردنەوەی بیرۆکەی جوانی وەکو نیشانەیەکی جیاکەرەوەی کارە هونەرییەکان)). (حسان،

غیث، الكرابلیة ٢٠٠٥: ١٥). ئەوەی لەم پێناسەیەدا جەختی لەسەر کراوەتەوە جوانی بە گشتی و جوانی هونەرییە بە تایبەتی.

(کەمال میراودەلی) دەربارەی چەمکی ئیستاتیکا، ئاماژە بەوە دەکات کە ئیستاتیکا ((لقێکە لە فەلسەفە، گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی چەمکی جوانی، ئیستاتیکا خەریکی شیکردنەوەی ئەو چەمک و چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەیە، لە کاتی خوردبوونەوە لە بابەتە ئیستاتیکییەکاندا پەیدادەبن. بابەتە ئیستاتیکییەکانیش، لە لایەن خۆیانەوە هەموو ئەو بابەتانە دەگرنە خۆیان، کە تاقیکردنەوەیەکی ئیستاتیکی دەدەن بە دەستەوە. هەروەها مادام تاقیکردنەوەی ئیستاتیکی جۆرێکە لە جۆرەکانی باوەشکردنی مرۆڤ بە ژیاندا، ئەوە ئیستاتیک لە پەیوەندی خوازانەی مرۆڤ بە جیهان و بە جەوهەر و یاساکانی پەرەسەندنی هونەر و دەوری هونەر لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە)) (میراودەلی، ٢٠٠٥: ٥٦). بەبۆچوونی (کەمال میراودەلی) ئیستاتیکا لە جوانی دەکۆڵێتەوە لەپەیوەندی بەمرۆڤەوە، ئاسۆ عومەر بەم شێوازە پێناسەی ئیستاتیکا دەکات و دەڵێت: ((ئیستاتیکا بە شێوەیەکی بنەڕەتی جەخت لەسەر جوانی بە گشتی و جوانی هونەری بە تایبەتی و ئەو تایبەتمەندییانەی دەبنە بنەمای جیاکردنەوەی جوانی و ناشرینی ئەو چێژەی جوانی دەیبەخشێت دەکاتەوە)) (مستەفا، ٢٠١٩: ٧) هەندێک پەیوەست بەدەروونی مرۆڤەکانەوە لێی دەڕوانن وەک دەڵێن: ((ئەم هونەرە سەرەتا بەشێوەیکی خۆڕسکانە، لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە، بۆ دەربڕینیشی پێویستی بە لێهاتوویەکی باش هەیە، بۆیە هونەر بەوە پێناسە دەکەن کە ئاکارێکی مرۆڤایەتی تایبەتە)) (زکارنە، ٢٠٠٣: ١٥). تا هونەرێکی پێگەیشتووی کاریگەر دروستبکات، دەتوانین بڵێین: ئیستاتیکا زانستێکی فەلسەفییە بە گشتی مامەڵە لەگەڵ جوانیدا دەکات و کار لەسەر مەرجەکانی جوانی و پێوانە و چێژی هونەری دەکات بە شێوەیەکی تایبەت لێکۆڵینەوە لە جوانییەکانی هونەر دەکات و بنەما ئیستاتیکییەکانی جوانی لە هونەردا دەخاتە ڕوو.

ئیستاتیکا بەکۆنترین زانست دادەنرێت کە فەیلەسووفەکان و وانەبێژانی فکرو هونەر و فەلسەفە گفتوگۆیان کردبێت، مرۆڤ هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە هەستی بە جوانی کردووە، بێگومان بە پێی قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤ ئەم هەستە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. مرۆڤ بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری خۆی خاوەنی هەستی جوانی بووە چێژی لە جوانی بینیوە. مرۆڤ بە سەنتەری یەکەمی هەستکردن و درک کردنی جوانی دەژمێردرێت. جا جوانی سروشتی بێت، یاخود هونەری، هەروەها هەستی جوانیناسی یەکێکە لەو هەستانەی بەردەوام لەناخ و دەروونی مرۆڤدا چالاک

بووە و جوانی هەمیشە جێگای سەرنج و تێڕامانی مرۆڤ بووە، یۆنانییەکان پێشەنگی لێکۆڵینەوەی فەلسەفە و جوانین. لەبەرئەوە یەکەمین لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنی جوانی بۆ یۆنانییە کۆنەکان دەگەڕێتەوە، وەک دەوترێت: ((جوانی لە ڕووی زاراوەوە وەک زۆرینەی زاراوە ئەدەبی و زانستییەکانی دی بۆ گریکەکان دەگەڕێتەوە، مەبەست لێی زانستێکە بەهۆی هەستەوە پێی دەگەین و درکی پێدەکەین)). (مطر، ١٩٦٢: ١١). لەبەرئەوە مرۆڤ هەر لە کۆنەوە لە ڕێگەی هەستەکانییەوە بە دوای جوانیدا گەڕاوە و هەستی بە جوانی کردووە گرنگی پێداوە و بە سروشتی خۆی حەزی لە جوانی بووە و هەمیشە لە هەوڵی بەدەست هێنانی جوانیدا بووە، چونکە جوانی مرۆڤ دەگەیەنێت بەو چێژەی کە ئاسودەی دەکات، بۆیە ئیستاتیکا پەیوەندییەکی لێکدانەپچڕاوی بە ژیانی تاکەوە هەیە، کە پێویستە بۆ کۆمەڵگە. مرۆڤ بەهۆی سەرقاڵی و ماندوویەتی بەژیانەوە پێوستی بەشتێک هەیە بۆ ئەوەی ساتێک لەو ماندوێتی و سەرقاڵییەی ڕزگاری بکات و ڕووحی ئاسوودە بکات. ئەوشتەش بریتییە لە چێژ وەرگرتن لە جوانی شتەکانی دەوروبەرمان. بوونی جوانی لە سروشتدا بەستراوەتەوە بەبوونی مرۆڤەوە. واتە هۆکارە خودی و بابەتییەکان ڕۆڵیان لە دەستنیشانکردنی بەها ئیستاتیکیەکانی سروشت هەیە.

یەکێک لە بنەما گرنگەکان کە لە لێکۆڵینەوەی ئیستاتیکیدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە بریتییە لە شێوازی تەکنیکی هونەری لە دەق. چنینی زمان و خستنەڕووی وێنەیەکی بەرزی درکپێنەکراو لە لایەن ئەدیبەوە بۆخۆی چێژێکی ئیستاتیکیمان پێدەبەخشێت، چونکە (تەکنیک هۆکارێکە بۆجیاکردنەوەی خودی نوسەر لە بابەتەکەی، ئەمەش دەبێتە هۆی گواستنەوەی هەستەکان لە قاڵبێکی خودییەوە بۆ قاڵبێکی بابەتی و هونەری بەمەش ئەدەب بکاتە داهێنانێکی بابەتی نەک گوزارشتکردن لەخود). (مستەفا، ٢٠١٩: ٩). ئاشکرایە ئیستاتیکا لە شیعردا لە ڕێگەی ڕەگەز و بنەماکانی شیعرەوە نیشاندەدرێت. لە پاڵ وێنە و مۆسیقای شیعردا، زمانی شیعریش بەڕەگەزێکی گرنگ و کاریگەر دادەنرێت، شاعیر دەتوانێت لە ڕێگەی هەریەکێک لەو ڕەگەزانەوە وێنەی جوان و دەقێکی چێژبەخش بەرهەم بهێنێت و ئامانجی سەرەکی ئەدیب ئەفراندنی جوانییە کاری سەرەکی ئیستاتیکاش گەڕانە بە دوای دۆزینەوەی ئەو جوانییەی کە ئەدیب لە دەقەکەیدا لە ڕێگەی چنینی وشەکانەوە نەخشاندوویەتی، بۆیە دەوترێت: ((دۆزینەوەی ڕەگەزە ئیستاتیکیەکانی بەرهەمی ئەدەبی کاری ڕەخنەگرەو ئەمەش لە پێناو دۆزینەوەی جوانی و بەرجەستەکردنی چێژی هونەرییە بۆ پەیام وەرگران. بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر چێژ لە بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان وەربگرن. ئەوەش کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئێمە ناتوانین یەکانگیر و پێوانەیەکی کۆنکرێتی بۆ جوانی

دابنێین بە تایبەتی لای ئەدیب، چونکە، جوانی ئەدەبی جوانی داهێنراوە دەشێت پێشتر نموونەی نەبوبێت)). (مستەفا، ٢٠١٩: ٨). ئافراندنی جوانی و چێژ وەرگرتن لە جوانی پێوەرێکی چەسپاوی نییە جوانی شتەکانیش وەک دیاردەیەک پەیوەندیان بە تێگەیشتن و بۆچوونی مرۆڤەوە هەیە، ئەم تێگەیشتنەش خۆی لە خۆیدا کەرەستەی ئیستاتیکایە تێگەیشتنی مرۆڤ بە پێی سەردەم دەگۆڕێت. پەیوەستە بەمرۆڤەوە.

ئیستاتیکا بە شێوەیەکی سەرەکی مامەڵە لەگەڵ شتە جوانەکاندا دەکات بە تایبەتی لەهونەردا ئەمەش مانای ئەوەنییە کەتەنها کار لە سەرشتە جوانەکان بکات، بەڵکو باس لەو شتە ناشیرینانەش دەکات، کە بە شێوەیەکی هونەری گوزارشتیان لێ دەکرێت ((هەرچەندە هونەر، گرنگترین بابەتە لە بابەتەکانی ئیستاتیکا، بەڵام تاکە بابەت نییە، بەڵکو جگە لە بەرهەمە هونەرییەکانی، باس لە سروشت و مرۆڤ و بەرهەمەکانی تری مرۆڤ دەکات، بە گشتی ئیستاتیکا وەڵامی ئەوپرسیارانە دەداتەوە، کە هونەرچیە؟ هونەرچ واتایەکی بۆ کلتوری مروڤ هەیە؟ نرخ و بەهای جوانی دەستنیشان دەکات بۆیە دەتوانین خویندنەوە بۆ ئەزموونی جوانیناسی بکەین بە گشتی و دیاردەکانی جوانیناسی بە تایبەتی، دیاریکردنی جوانی کردارێکی کەسی و لەخۆوە نییە)) (سالم، ١٩٩٦: ١٥). بابەتی ئیستاتیکا بەتەنیا جوانی نییە، بەڵکو ناشرینیش بابەتێکی تری ئیستاتیکایە دەوترێت: ((ئیستاتیکا بەتەنیا لە جوانی ناکۆڵێتەوە، بەڵکو لە دزێویش دەکۆڵێتەوە)). (زیادی، ١٩٨٩، ١٠٥)، جگە لە جوانی ناشرینی بابەتێکی گرنگی ئیستاتیکایە و کاری ئاشکراکردنی ئەو جوانییانەیە، کە مرۆڤ لە ناشیرینییەکانەوە بە شێوەیەکی هونەری بەرهەمی هێناوە، لەو هۆکارانەش دەکۆڵێتەوە کە دەبنە هۆی دەرکەوتنی شتی جوان یان ناشرین، کەواتە ئیستاتیکا لە جوانی سروشتی و جوانی خودی و جوانی واتا دەکۆڵێتەوە.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئیستاتیکا و ئاماژە نازمانییەکان، دەکرێت چەند بۆچونێکی جیاواز بخەینە ڕوو، دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئیستایکاو ئاماژە نازمانییەکاندا بەدی دەکرێت لە ڕوانگەی هەریەک لە چەمکەکانی (چێژ، هاوسەنگی و هارمۆنی، ئاوێتەبوونی هەستیی)ەوە، کە ئەم پەیوەندییە زیاتر لە پڕۆسەی شیعردا بەرجەستە دەبێت، ڕوونتری بکەینەوە بەکارهێنانی ئاماژە نازمانییەکان لە پڕۆسەی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتیدا جیاوازە وەک لە پڕۆسەی شیعریدا، چونکە لە پڕۆسەی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتیدا زۆرجار بۆ گەیاندیی چەند مەبەستێکی تایبەتییە، بۆ نموونە (جەختکردنەوە، دووبارەکردنەوە، تەواوکاری،...هتد)، بەڵام بەکارهێنانی ئاماژە نازمانییەکان لای شاعیر جیاوازترە مەبەستی سەرەکی گەیاندنیی جوانییە

لەگەڵ هاوسەنگی و هارمۆنی، ئاوێتەبوونی هەستیی، بۆیە یەکێک لە بنەما گرنگەکان لە لێکۆڵینەوەی ئیستاتیکیدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە بریتییە لە شێوازی تەکنیکی هونەری لە دەق. چنینی زمان و خستنەڕووی وێنەیەکی بەرزی درک پێنەکراو لە لایەن شاعیر بۆخۆی چێژێکی ئیستاتیکیمان پێدەبەخشێت.، ئاشکرایە ئیستاتیکا لە شیعردا لەڕێگەی ڕەگەز و بنەماکانی شیعرەوە نیشاندەدرێت. لەپاڵ وێنە و مۆسیقای شیعردا، زمانی شیعریش بەڕەگەزێکی گرنگ و کاریگەر، کە ئاماژەی نازمانیش دەچێتە خانەی ڕەگەزی زمانی شیعرەوە، بۆیە شاعیر دەتوانێت لە ڕێگەی هەریەکێک لەو ڕەگەزانەوە وێنەی جوان و دەقێکی چێژبەخش بەرهەم بهێنێت، هەندێک بیرمەند و فەیلەسوف بڕوایان وایە ئەوەی دەبێتە هۆی جوانی و ڕێکبوون و پەیوەندی و یەکێتی و گونجانی نێوان بەشەکان و شتەکانە.

بۆچونێکی تر ئەوەیە، کە جوانی بە هەستەکانەوە دەبەستێتەوە ئەم بۆچونە زیاتر لە قوتابخانەی هەستیدا بەرجەستە دەبێت و دەڵێن((جوانی دیاردەیەکی هەستپێکراوە و هەستکردن بە جوانی کردارێکی هەستییە لە شەقڵی هەستی تێناپەڕێت بۆ وشیاری ویژدانە قوڵەکانی ناخی مرۆڤ)) (حمود، ١٩٩١: ٣٦)، گەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانین دەبینین ئاماژە نازمانییەکان لە ڕێگەی هەستەکانی شاعیرەوە گوازراونەتەوە بۆ نێو دەقی شیعری، بۆ نموونە هەردوو شاعیر لە ڕێگە هەستی بینینەوە، هەریەک لە ئاماژەکانی (چاو داگرتن، برۆ هەڵتەکاندن، ڕەنگی ڕووی یار، دەنگی یار... هتد) سەرنجی ڕاکێشاون و جوانیان لە بەشێک لە شیعرییەکانیان پێ خوڵقاندووە. لەبەرئەوە گەوهەری جوانی ئەوەیە دەیەوێت شتێکی هەست ئامێز بێت، واتە شتێک بێت لەبەردەم هەستەکانا. بۆیە شاعیر بە هەموو پێکهاتەی هەستەکانییەوە چێژ لە جوانی وەردەگرێت.

دەتوانین بڵێین ئەو بۆچونانەی دەربارەی چەمکی جوانی خراونەتە ڕوو، هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکەوە ئەم چەمکەیان خستووەتەڕوو، بەڵام هیچ یەکێکیان نەیانتوانیوە لێکدانەوەیەکی تێروتەسەل و بێ کەم و کورتی بخەنەڕوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی چەمکی جوانی، چونکە ئەم چەمکە ڕێژەییە و نادیارە و بەردەوام بەهۆی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و شارستانییەتەوە لێکدانەوەی نویی بۆ دەکرێت، کە ئەمەش زیندوویی و گرنگی چەمکی جوانی دەخاتە ڕوو، شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکانی ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی بۆچوونەکانی سەرەوەدایە، چونکە پەیوەندی نێوان ئیستاتیکا و ئاماژە نازمانییەکان پەیوەندییەکی فراوانە و هەندێک جار لە گەیاندنی (چێژ و جوانیدایە و هاوسەنگی و هارمۆنی و ئاوێتەبوونی هەستیی)دا. خۆی دەبینێتەوە.

ئیستاتیکا وەک زانستێک پەیوەستە بە جوانی و چێژ وەک هەر ڕێبازێکی تری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە هەموو دەقێکی کۆن و هاوچەرخدا، هەوڵی بەدەستهێنانی یەک شتی داوە بەردەوام کاری لەسەر کردووە ئەویش دەرخستنی بنەما جوانییەکانی دەقی ئەدەبییە. ئەو بنەمایانەی کە دەقێکی ئەدەبی جوان دەکات بریتییە لە چنینێکی پتەوی نێوان وشەکان لە دەقدا بەهێزی نێوان ڕوخسار ناوەڕۆک و خستنەڕووی وێنەی پڕ لە هونەری نوێ، هارمۆنییەتی نێوان پێکهاتەکانی دەق هۆکارێکی تری ئیستاتیکای دەقە، کە ئاماژە نازمانییەکان بەشێکن لە جوانی دەق، بۆیە ئاماژە نازمانییەکان لە دەق توانییان شتێک پێشکەشبکەن کە پێشتر درکی پێنەکراوە، وێنەیەکی سەرسامکەری پیشاندا و چێژێکی بەخشی لەوە و پێش پێی نەگەیشتوون. ئەوە دەقێکی پڕ لە ئیستاتیکایە.

**١-١-٢: تیۆری ئیستاتیکی کانت:**

ئیستاتیکا یەکێکە لە زاراوە فەلسەفییە گرنگەکانی سەردەمە کە لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا ڕەنگیداوەتەوە، ئەدەبیش وەکو گۆشەنیگایەکی جوانیناسیی مرۆڤایەتیی هەر زوو لەگەڵ ئیستاتیکادا پەیوەندییەکانیان دەرکەوت و میتۆدی ئیستاتیکی بوو بە ڕەهەندێکی گرنگی ڕەخنەی ئەدەبیی، هەروەها بەهۆی گرنگیی ئیستاتیکا و پەیوەستبوونی بە هەست و دەروونی مرۆڤەوە، لەبەرئەوە کۆمەڵێک فەیلەسوف و بیرمەند و زانا بە درێژایی مێژوو لە چاوگی بیرکردنەوەی فەلسەفی و بیروڕای هزری و ڕوانینی جوانییانەوە کاریان تێداکردووە، یەکێک لەو فەیلەسوفانە (کانت)ە، کە کۆمەڵێک بیر و بۆچوون و تێڕوانین و جیهانبینی تایبەتی هەیە دەربارەی جوانی و هەستی جوانیناسی و چێژ و هارمۆنی، کانت لە سەردەمی خۆیدا گۆڕانکارییەکی جۆریی لە تێڕوانینی خەڵکدا بۆ جوانی و چێژ و سروشت و چاکە کرد، لەبەرئەوە بیروڕا و سەرنجی ئەم فەیلەسوفەمان کردووە بە بنەمای تیۆری توێژینەوەکەمان و کاری لەسەر دەکەین.

**ئیمانوئێل کانت** (١٧٢٤- ١٨٠٤) یەکێکە لە فەیلەسوفە گەورەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری و بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئیستاتیکا و فەلسەفەی ئایدیالی ئەڵمانی دادەنرێت، ئەم فەیلەسوفە گرنگییەکی زۆری بە جوانی داوە، لەبەرئەوە کۆمەڵێک ڕاو سەرنجی زۆری لەسەر ئیستاتیکا هەیە، ئەم سەرنجانە بوون بە تیۆرییەک، کە تاوەکو ئێستاش کاریان لەسەر دەکرێت، گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە (ڕەخنەی عەقڵی ڕوون، ڕەخنە لە بڕیاردان). کتێبی ((ڕەخنە لە بڕیاردان)ی کانت یەکێکە لە کۆڵەگەکانی بنیادنانی زانستی جوانی، تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە ناشێت بنەمایەک دابنرێت بۆ مرۆڤ لەمیانیدا جوانی شتێک دەستگیر بکات، حوکم و بڕیاردان لەسەر

جوانیناسی بڕیارێکی خودیە و لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت)) (ڕەسوڵ،٢٠١٢: ٨٦)، ئەم بۆچونەش گرنگیدانە بە خودیی بوونی جوانیی و ئەوەی سەلماند، کە جوانی ڕێژەییە و لە کەسێک بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، چونکە هەریەکەیان لە گۆشەنیگای خۆیەوە بۆ شتەکان دەڕوانێت. هەروەها پێناسەیەکی ورد بۆ جوانی هونەر دەکات و دەڵێت: ((بریتییە لە گونجان لە نێوان تێگەیشتن و خەیاڵ ئەو شتانەی، کە بڕیار دەدەین بۆ ئەوەی لێیان تێبگەین تەنیا لە خەیاڵی ئێمەدا دروستدەبێت و لە ڕاستیدا نییە))( مستەفا، ٢٠٠٩: ٦٣) بەم شێوازە کانت سیفەتی ڕێژەیی بوون دەبەخشێتە جوانی و جوانی هونەری بۆ مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە.

بەلای کانتەوە جوانی پەیوەندییەکی قوڵی بەهەستەکانی مرۆڤەوە هەیە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی چێژی لێ ببینێت و دەروونی ئارام بێتەوە و ڕوحی ئاسوودە بێت، جوانی هونەری تاڕادەیەکی زۆرتر لە جوانی سروشتی چێژ بەمرۆڤ دەبەخشێت، بۆیە دەڵێت: ((جوانی لە سروشتدا شتێکی جوانە، بەڵام جوانی لە هونەردا وێنەکێشانێکی جوانە بۆ شتێک)) (حسێن،٢٠٠٨: ٥٥)

یەکێک لە سەرنجەکانی تری کانت لە کتێبی (ڕەخنەی ئەقڵی ڕووندا ئەوەیە)، کە دەڵێت: ((چێژی جوانی پەیوەستە بە سەرنجدەرەوە نەک بابەتەکەوە، هەروەها بە بۆچوونی کانت ئامانجی جوانی بابەتەکەش و هەستی خۆشییەکەش هەر لەخودی سەرنجدەرەوە پەیدا دەبێت نەک لە بابەتەکەوە)) (پیربال، ٢٠٠٤: ٥٤) بەمجۆرە جوانی لە تێڕوانینە باوەکانی سەردەم ڕزگارکرد و جوانی کۆمەڵخوازانە و تێڕوانینی گشتی خەڵکی بۆ جوانی خستە ژێر پرسیارەوە ئەو بۆچونەی ڕەتکردەوە کە کلاسیکەکان باوەڕیان پێی بوو، پێیان وابوو جوانی دەبێت بوونێکی کۆمەڵخوازانەی هەبێت و لەلایەن کۆمەڵەوە ویستراو بێت، هەروەها کانت دژی ڕەهەندی سوودخوازانەی جوانی وەستایەوە و ئەوەی خستەڕوو، کە پێویستە جوانیمان تەنها لەبەر جوانی بوێت، نەک لەبەر سوودەکەی یان هەر شتێکی لاوەکی تر، وەک دەڵێت: ((جوانی ئەو بابەتەیە کە هەست بە چێژی پاک دەکەین و چێژ لە خودی شتەکە وەردەگرین، نەوەک بە ئامانجی سوود وەرگرتن لە شتەکە)) (حسێن،٢٠٠٨: ٥٥).

کانت لەسەر بنەمای مەبەست و سوودخوازی جوانی دابەش دەکات بۆ دوو جۆر((جوانی ئازاد: کە لەم جۆرەدا هیچ چەمک و مەبەست و سوودێک نییە، جوانی هاوەڵ تێگەیشتنی پێویستە لەسەر چیەتی شتەکە لەگەڵ بەدیهێنانی شتەکە بەشێوەیەک کە هاوجوتی ئەم شتە بێت)) (مستەفا، ٢٠١٩:

٣١) بە بڕوای کانت هەموو شتێک ئامانجێکی هەیە تەنیا جوانی نەبێت، کە تەنها بەرانبەری هەست بە چێژ دەکەین.

کانت((چەشەی ئیستاتیکی بە هەست و زانینەوە دەبەستێتەوە کە ماوەکانی بڕیاردانی چەشەی هەستکردن بۆ چوار بەش دابەشدەکرێت، کە بریتین لە)) (میراودەلی، ٢٠٠٥: ٧٨).

١- لە ڕووی چۆنییەتییەوە: جوانی ئەو شتەیە کە مرۆڤ ئاسوودە دەکات چێژی پێ دەبەخشێت و بە بێ ئەوەی لە پشت ئەم ئاسوودەییەوە سودیکی دیاریکراویان مەبەستێک هەبێت.

٢- لە ڕووی چەندێتییەوە: جوانی ئەو شتەیە، ک بەڕێگایەکی گشتی تەواو ئاسوودەمان دەکات بە بێ بەکارهێنانی بۆچونە عەقڵییەکان.

٣- بە پێی ئامانجە بەرچاوگیراوەکانی: جوانی فۆڕمی ئامانجداری بابەتێکە تا ئەو ڕادەیەی کە ئەو فۆڕمەی تیا بەدی دەکرێت بەبێ ئەوەی ئامانجەکە بدات بەدەستەوە.

٤- بەپێی ڕادەی چێژوەرگرتن لە شتەکە: جوانی ئەوەیە، کە بەبێ تێگەیشتن، بە لەزەتێکی حەتمی بزانرێ.

کانت جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە جوانی ئەوەیە کە مرۆڤ ئاسوودە دەکات و چێژی پێ دەبەخشێت، بە بێ ئەوەی لەپشت ئەم ئاسوودەییەوە سوودێک هەبێت، گرنگترین ڕێبازی ئیستاتیکی بریتییە لە (ڕێبازی خودیی)، کە کانت یەکێکە لە پێشەنگە دیارەکانی ئەم ڕێبازەیە و پێی وایە، کە ((چاوگی هەستکردن بە جوانی لەناو دەروونی خۆماندایە بە میزاجی ڕووحەوە پەیوەستە، نەک لە سروشتەوە سەرچاوە بگرێت و بڕیاردانی جوانیش لە یەکگرتنی هزری ئازاد و هێزی ئەندێشە و خەیاڵەوە دێتە ئاراوە)) (ڕەسول، ٢٠١٢: ٨٧) هەربۆیە کانت بە جوانی دەڵێت (یاسایەکی بێ یاسا). دەتوانین بڵێین کانت بە بۆچوونەکانی خاڵی وەرچەرخانی لە ئیستاتیکادا هێنایە ئاراوە، کە زۆربەی فەیلەسووفان و توێژەران لەدوای خۆی سوودیان لێ وەرگرتووە.

دەتوانین بۆچوونە ئیستاتیکییەکانی کانت لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا پوخت بکەینەوە:

١- بەلای کانتەوە جوانی پەیوەندییەکی قوڵی بە هەستەکانی مرۆڤەوە هەیە.

٢- ئەو شتەی چێژی لێ ببینین و دەروون ئارام بکاتەوە و ڕووح ئاسوودە بکات ئەوە جوانییە.

٣- جوانی هونەری بەرزتر و چێژبەخشترە لە جوانی سروشتی، چونکە جوانی هونەری داهێنراوی مرۆڤە.

٤- جوانی لای کانت ڕێژەییە و لە کەسێکەوە بۆکەسێکی تر دەگۆڕێت و ناتوانین پێوەرێکی چەسپاو نەگۆڕ بۆ جوانی دابنێین.

٥- کانت بە جوانی دەڵێت یاسایەکی بێ یاسا، لەبەرئەوەی خۆشی نەگەیشتە ئەنجامێکی ئەبستراکت.

٦- چێژی جوانی پەیوەستە بە سەرنجدەرەوە، نەک بابەتەکەوە.

٧- بەلای کانتەوە هەموو شتێک ئامانجێکی هەیە و تەنیا جوانی نەبێت کە تەنها بەرانبەری هەست بە چێژ دەکەین.

٨- جوانی خۆی لە خۆیدا هیچ کەڵکێکی نییە، بەڵام کۆمەڵ ئەو کەڵکەی پێدەبەخشێت.

**١-٢-١: ئاماژەی نازمانی و سیمۆلۆژیا:**

مەبەست لە ئاماژەی نازمانی بریتییە لە ناردنی پەیام لە ڕێگەی ئاماژەکانی (جەستە، ڕەنگ، دەنگ، هەستەکان، سروشت). دەکرێت بڵێین هەر پەیامێک زمان بەشدار نەبوو لە گەیاندنی بە وەرگر، پێی دەوترێت پەیامی نازمانی، ئاماژەی نازمانی چەمکێکی فراوانی هەیە بەتەنیا کۆناکرێتەوە لە جوڵە و ئاماژە جەستەییەکاندا، بەڵکو هەریەک لە (ڕەنگەکان، دەنگەکان، هەستەکان، ئاماژە سروشتییەکان و نیشانەکانی خاڵبەندی)، وەکو ئاماژەی نازمانی لە دەقی شیعریدا ڕەنگی داوەتەوە.

ئاماژەی نازمانی دەکرێت بە تەنها ڕۆڵی لە گەیاندنی پەیام بە گوێگر هەبێت، یاخود بە هاوبەشی لەگەڵ زماندا پەیوەندییەکە بەهێزتر بکات، کەواتە هەر پەیوەندییەک لە ڕێگەی ئەو ئاماژانەی خوارەوە دەتوانین پێی بڵێین ئاماژەی نازمانی، ئەو ئاماژەیە بەمەبەست بێت، یاخود بێ مەبەست.

ڕەنگدانەوەی  جۆرەکانی ئاماژەی نازمانی لە شیعری (ع.ح.ب و جەمال شارباژێڕیدا)[١] بە مەبەست بووە، ئەمەش وایکردووە ڕەهەندێکی ئیستاتیکی بە دەقەکانیان ببەخشێت، بە هێڵکارییەک بەشە جیاوازەکانی ئاماژەی نازمانی دەخەینەڕوو.




خشتەی ژمارە (١) جۆرەکانی ئاماژەی نازمانی

---

* ع.ح.ب ناوی (محمد کوڕی حسێن کوڕی محمد بەرزنجییە) لە ساڵی (١٩٢٣) لە گوندی بەرزنجەی سەر بە قەزای چوارتای سلێمانی لە دایکبووە لەو کاتەی شیعری بڵاو کردووەتەوە نازناوی (ع.ح.ب) بۆخۆی داناوە وەکو ڕەمزێکی نهێنی، کە ئەم کورتکراوەیە لە پیتی یەکەمی ناوی سیانی براکەی خۆی بەناوی (علی حسێن بەرزنجی) وەرگرتووە، ئەم شاعیرە خاوەنی یەک دیوانی شیعرییە کە سەرجەم شیعرەکانی تێدا کۆکراوەتەوە بە ناوی (دیوانی ع.ح.ب)، لە(٦- کانوونی دووەمی- ٢٠٠٠) لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە (مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، بەرگی حەوتەم)

* جەمال شارباژێڕی ناوی (جەمال کوڕی ئەمین کوڕی عارف)ە. (شارباژێڕی) وەکو نازناویکی شیعری و لە خۆشەویستی خۆی بۆ زیدی باوباپیرانی هەڵبژاردووە. ئەم شاعیرە لە (١٦-١٠-١٩٤١) لە گوندی (واژەی) سەربەقەزای شارباژێڕ لە دایکبووە، خاوەنی کۆمەڵێک دیوانی شیعرییە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٣) سەرجەم بەرهەمە شیعرییەکانی بە دوو بەرگ چاپکراوە، بە ناوی (دیوانی جەمال شارباژێڕی) جەمال شارباژێڕی تاوەکو ئێستا لە

ژیاندا ماوە و لە ساڵی (٢٠٠٥) ڕووی کردووەتە وڵاتی بەریتانیاو لەوێ دەژیت. بڕوانە (جەمال شارباژێڕی و ڕۆڵی لە نوێگەری شیعری کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی).

یەکێک لە کەرەستە گرنگەکانی بەردەست هەردوو شاعیر بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی شیعری پڕ لە هەست و سۆز و ئیستاتیکی ئاماژەی نازمانییە، کە زیاتر لەدەقە ڕۆمانسیەکانیاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە، گەر هەردوو شاعیر بیانەوێت گوزارشت لە (جوانی ئافرەت) بکەن، زیاتر بە ئاماژە نازمانییەکان ئەو هەست و سۆزە خۆشەویستییەی ناخیان دەردەبڕن و جوانترین گوزارشتی لێدەکەن، بۆیە مەرجی بایەخدان بەلایەنی هونەری زمانی شیعر بەکارهێنانی ئاماژە نازمانییەکان، کە بوونەتە هۆی دیاریکردنی لایەنێکی تری خاسیەتی ئەوزمانە، زمانی شیعری زمانێکی هونەرییە و بەهۆی بەکارهێنانی جۆرێک لە ئاماژە مانایەکی تایبەتی دەبەخشێت، کەواتە لەگەڵ ئاماژەی زمانییەکان ئاماژەی نازمانی بەبنەمایەکی زۆر گرنگ دادەنرێت لەو پەیامەی، کە دەقی شیعری لە هەناوی خۆیدا هەڵیگرتووە، هەروەها ئاماژەی نازمانی وەکو زمانێکی سەربەخۆ لە نێوان مرۆڤە کەڕ و لاڵەکاندا بەکاردێت. تاکە بنەمای گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردنە لە نێوان ئەو جۆرە مرۆڤانەدا. وەک دەوترێت ((زمانی ئاماژە کۆمەڵەیەکە لە چەند سیستەمێک پێکدێت، کە ئەو سیستەمانە بە پێی یاسای هەستی بینین و لە ڕێگەی جوڵە تایبەتەکانی دەست و گوزارشتەکانی ڕوخسار و جوڵەکانی لەش، کە نوێنەرایەتی هەندێک وشە و چەمک و بیر دەکەن ئەنجام دەدرێت، زمانی ئاماژە زمانێکی بینراوە، بەڵام وێنەیەکی نییە پێی بنووسرێتەوە واتە ئاماژەن. ئەم زمانە لەوڵاتیکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە. پەیوەستە بە دابونەریت وکولتووری هەر وڵاتێک)) (موعین،٢٠٢١: ١٨٥ ). بۆ ئەو مرۆڤانەی، کە ناتوانن قسە بکەن ئاماژە بووە بە جێگرەوەیان.

**١-٢-٢: سیمۆلۆژیا:**

سیمۆلۆژیا چەمکێکی فراوانی هەیە، وەکو زانستێکی فراوان لە زمانی کوریدا چەندین زاراوەی جیاوازی لە لایەن توێژەرانەوە بۆ بەکارهاتووە، وەکو (هێماسازی، هێمالۆژی، سیمیۆلۆژیا، زانستی نیشانەکان، ئاماژەناسی، نیشانە ناسی...هتد) هەریەک لەم زاراوانە سەرەڕای جیاوازیان لەفۆڕمدا، بەڵام هەموویان لە ناوەڕۆکدا یەک واتای سەرەکی لەخۆدەگرن، کە مەبەست لە پێڕەوێکی هێماییە، کە بایەخ بە سەرجەم بوونیادە پێکهێنەرەکانی ئەو ئاماژانە دەدەن، کە بناغەی پرۆسەی پەیوەندیکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا دروست دەکەن، سیمیۆلۆژیا ((هەردوو زاراوەی (سیمیۆلۆجی) و (سیمیۆتیک) ی بۆبەکارهاتووە، بەڵام هەردووکیان لە وشەی (Semio) (سیمۆ) وە وەرگیراون، کە بناغەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ زاراوەی (Semeion) (سیمیۆ)ی یۆنانی واتە نیشانەیە)) (المرابط،

٢٠١٠: ١٧). ئەم زاراوەیە بۆ گریکەکان دەگەڕێتەوە. کە واتای نیشانەی گەیاندووە، واتایەکی سنورداری لە بواری پزیشکیدا هەبووە، وەک دەوترێت: ((زاراوەی (Semeion) لای گریکەکان لەزانستی پزیشکیدا بەکارهێنراوە بۆ دەستنیشانکردنی جۆری نەخۆشیەکە)) (بویسنس، ٢٠١٧: ٦). دیارە هەرنەخۆشیەک کە توشی مرۆڤ دەبێت چەند دەرهاویشتەو نیشانەیەک لە سەر ڕوخسار و جەستەی بەدیار دەکەوێت، هەریەکێک لەو نیشانە جیاوازانە لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێت و ئاماژەیە بۆ جۆرێک نەخۆشی بۆیە یۆنانییەکان بۆ دەستنیشانکردنی جۆری نەخۆشیەکە زاراوەی (Semeion)یان بەکارهێناوە، بەڵام دواتر ((زاراوەی Semiotica گوازرایەوە بۆ بواری لۆژیک و زانستی زمان دواتریش ئەدەب و کلتور، کەواتە سیمیۆلۆژیا بریتییە لە زانستی گشتی نیشانەکان، ئەمەش واتا کار لەسەر نیشانە (Sign) و واتا (Meaning) دەکات.)) (عەلی، ٢٠١٣، ٧-٨). ئەم زانستە مێژوویەکی زۆر دێرینی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شارستانییەتی مرۆڤ، کە مرۆڤ لەسەرەتادا لە ڕێگەی هێماو ئاماژەوە گوزارشتی لەشتەکانی دەوروبەری کردووە، ((لە ڕووی مێژووییەوە لە پێش فەلسەفەی یۆنانییەکانەوە ئەم زاراوەیە بەفۆڕمی دیکە و بەکارهێنانی جیاواز لەبەکارهێنانە فیکری و فەلسەفی و ئەدەبییەکان بوونی هەبووە و بەکارهێنراوە، بۆ نموونە سەرەتا لە بواری پزیشکی و دۆزینەوەی نیشانە و ئاماژەکانی نەخۆشدا بەکارهێنراوە)) (حسێن، ٢٠٢١، ٦١) پەیوەندی نێوان ئاماژە و مرۆڤ پەیوەندییەکی تێکئاڵاوە سروشتی مرۆڤ واهەڵکەوتووە هێماو ئاماژە بەشێکی گرنگی کاری ژیانیان بێت، بۆیە((بە شێوەیەکی گشتی سەرەتای سەرهەڵدانی هێماکاری بۆ چەرخە کۆنەکان و سەرەتایی و درککردنی مرۆڤی سەرەتای دەگەڕێتەوە بۆ ئەو حەزوئارەزووەی مرۆڤ بۆ پەیوەندیکردن هەیبووە، بۆ نیشاندانی ئەو ژینگەو دەوروبەرەی تیایدا ژیاوە)) (مامە، ٢٠٢١: ٥).

زمان پێش ئەوەی بگاتە ئەم گەشەیەی ئێستای بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە. بەبڕوای هەندێک لە زمانەوانەکانی وەک: (ڤۆنت، مار، پیاجیە) ((سەرەتای زمان زمانی بزاوتن (ئاماژە) بووە کە تاوەکو ئێستاش لەگەڵ ئاخاوتن بەکاردێت وەک: (سەرلەقاندن، لێوقرچاندن، چاوتروکاندن.... هتد) لەگەڵ بەرەو پێشچونی ژیان، مرۆڤ پێویستی بە ئاماژە هەبووە بۆ پەیوەندیکردنی ڕۆژانەی، لەبەرئەوەی دەستیشی بەکارەوە خەریک بووە ناچاربووە بێ ئەوەی ئاگاردار بێت ئەوە بزاوتنەکانی بگۆڕێتەوە بە بزاوتنی ماسولکەکانی زمان و لێو دەم و قورگەوە)) (صالح، ٢٠١٩: ٨٨)، مرۆڤ لەسەرەتادا بەهێما و ئاماژەکان هەوڵیانداوە لە یەکتری تێبگەن و ئەوەی مەبەستیانە بیگەیەنن. هەرچەندە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم زانستە بە بڕوای زۆرێک لەزانایان دەگەڕێتەوە بۆ هەریەک لە

(سۆسێر١٨٥٧-١٩١٣)و (پێرس ١٨٣٨-١٩١٤) بەزانستكردنی هێماسازی لەسەر دەستی ئەم دوو زانایە سەری هەڵداوە)). (بركات، ٢٠٠٢، ٥٧) هەرچەندە بۆچوونەكانیان جیاوازە لەبارەی سیمۆلۆژیاوە، بەڵام (جۆن لۆک) پێش ئەمان وشەی (semonteike) بەكارهێناوە، زاراوەكەی لە یۆنانییەوە وەرگرتووەو بەكاریهێناوە. دواتر ئەم زانستە لەسەدەی (هەژدەو نۆزدە) لە سەردەستی كۆمەڵێک زانای تر بەرەو گەشەسەندن ڕۆیشت.

پەیوەندییەكی بەهێز لە نێوان ئاماژەی نازمانی و سیمۆلۆژیادا هەیە، سیمۆلۆژیا وەک زانستی هێماو نیشانەكان. گرنگی دەدات بەلێكۆڵینەوە جیاوازەكان لە جۆرەكانی (ئاماژەی زمانی و نازمانی). دەیەوێت لە هەناوی ئاماژەی زمانی و نازمانییەوە بنیادی قوڵی واتاو دەلالەتەكانیان ڕوونبكاتەوە. بەم پێیە سیمۆلۆژیا كاركردنە لە هێماو ئاماژەكان لەناو زمانی ئاساییدا. هێماو ئاماژەكان لەداهێنانی مرۆڤن، لەبەرئەوە مرۆڤ بەسیستەمێكی هێماسازی گوزارشت لە شتەكان دەكات و هەرچی لەگەردوندا هەیە بە سیستەمێكی هێمایی خراوەتە مێشكی مرۆڤەوە، هەروەک دەوترێت: ((سیمۆلۆژیا وەكو زانستێكی سەربەخۆ لەسیستەم و كەرەستەكانی خۆی دەكۆڵێتەوە، كە ئەمانەن (ئاماژە، ڕەمز، نیشانە، كۆد) چۆنییەتی و ناونان و كاركردن و پۆلێنكردنیان دەگرێتە ئەستۆ)) (مامە، ٢٠٢١، ١٣). سیمۆلۆژیا زانستێكە لە هێماو ئاماژەكان دەكۆڵێتەوە وەک پێڕەوێكی هێمایی كاركردن و پۆلێنكردنیان ڕووندەكاتەوە. سیمیۆلۆژیا ((بەو زانستە دەوترێت كە ڕاڤەی واتا دەكات لە ڕێگەی ئاماژە و نیشانەوە. واتە لە ڕێگەی ئاماژە نازمانییەكانەوە هەنگاو بۆ لێكدانەوەی واتاو مەدلول دەنێت لە ڕێگەی ئاماژەوە كار بۆ دەرخستنی دەلالەت و واتا دەكات لە نێوان (دال) و (مەدلول))) (حسێن، ٢٠٢١، ٦١) هەریەک لەڕەگەزەكانی وەكو (ئاماژە، ڕەمز، نیشانە، كۆد) لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەورێكی باڵایان هەیە. بۆ لێكتێگەیشتن و بۆ مەبەستی پەیوەندیكردن بەكاردێت. سیمۆلۆژیا ((بە هەموو شێوەیەک هەنگاو دەنێت، بە مەبەستی خوێندنەوەی نیشانەكان لە ژیانی مرۆڤەكاندا، توێژینەوە لەبارەی كۆدەكان دەكات لەگەڵ ئەو سیستەم و پەیڕەوانە تاوەكو تێگەیشتنی باشترمان بۆ شتەكان هەبێت)) (بركات، ٢٠٠٢، ٥٦).

ئاماژە نازمانییەكان لەسەرجەم بوارەكانی ژیانی مرۆڤدا دەورێكی باڵایان هەیە، بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەی بابەتەكەمان زاراوەی سیمۆلۆژیامان بەكارهێناوە. پێویستە ئەوە ڕوونبكەینەوە، كە توێژینەوەكەمان پەیوەندییەكی زۆر قوڵی لەگەڵ ئەم زانستەدا هەیە و بە ڕەگەزێكی سەرەكی ئەم زانستە دادەنرێت، لە ڕەگەزەكانی سیمۆلۆژیادا ئەم پەیوەندییە زیاتر ڕوون دەبێتەوە، پێویستە پێش چوونە ناوبابەتەكەوە تیشک بخەینەسەر چەند چەمک و زاراوەیەک كە لەلای خوێنەران و

لێکۆڵەرانیش جۆرێک لە تێکڵاوی لە نێوان ئەم زاراوانەدا بەدیدەکرێت. بە گشتی هەریەک لەزاراوەکانی (ئاماژە، ڕەمز، نیشانە، کۆد) بە ڕەگەزەکانی سیمۆلۆژیا هەژمار دەکرێن، کاتێک زمانەوانەکان پێناسەی زمان دەکەن ئاماژە بەوە دەدەن، کە هەریەک لەم زاراوانە بریتین لە پێڕەوێکی کارپێکراو لەزماندا، زۆرجار زمان بەوە دەناسێنن، کە زمان کۆدە، یاخود زمان بریتییە لەپێڕەوێکی نیشانەیی یان دەڵێن: زمان ڕەمزە، یان دەوترێت: زمان بریتییە لە هێماو ئاماژە، هەموو ئەم زاراوانە بریتین لە کەرەستەی سەرەکی زمان و دابەش دەبن بۆ (زمانی و نازمانی)، (گوتەیی و ناگوتەیی).

**١- کۆد:**

پێڕەوێکی هێمایە، کە مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە بەکاریان دەهێنێت، بە مەبەستی تێگەیشتن و پەیوەندیکردن گرنگی و بەهای تایبەتی هەیەلە کاتی پەیوەندیکردن لە نێوان کەسەکاندا دەوترێت: ((کۆد لە هێماسازیدا زاراوەیەکی زانستی هێماو هێمادانانە، نێرەر هەواڵەکەی دەکات بە کۆد و (فۆرم و واتا) بەیەکەوە دەبەستێتەوە و دەینێرێت بۆ گوێگر، کە کۆدەکە لێکدەداتەوە)) (مەحوی،٢٠٠٩: ١٣٨)، کەواتە کۆد سیستەمێکی زمانییە و قسەکەرو گوێگر لە کاتی پەیوەنیدیکردندا بەکاری دەهێنن بۆ گواستنەوەو وەرگرتنی پەیام لە نێوان خۆیاندا. لێرەدا ئاماژە بە جۆرەکانی کۆد دەکەین کە(داستان صابر) دابەشیدەکات بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە (مامە،٢٠٢١: ٣٥)

١- کۆدە کۆمەڵایەتییەکان.

٢- کۆدە لێکدانەوەکان.

٣- کۆدەدەقیەکان.

٤- کۆدە کەتوارییەکان (واقعیەکان).

ئەوەی جێگەی سەرنج و گرنگییە بۆ توێژینەوەکەمان جۆری یەکەمە، کە کۆدە کۆمەڵایەتییەکانە.

**١- کۆدە کۆمەڵایەتییەکان:** بۆ هەریەک لەم جۆرانەی خوارەوە دابەشدەکرێت.

**أ- کۆدە زمانییەکان (گوتەیی):**

زمان لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان بنەمایەکی سەرەکی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کۆدەیە بە مەبەستی لەیەکتر گەیشتن و پەیوەندیکردن پەنای بۆ دەبات. زۆرجار بەتەنیا ناتوانێت پرۆسەی پەیوەندیکردن و لێکتێگەیشتن کامڵ بکات و پێویستی بە کۆدی نازمانی هەیە، وەک دەوترێت: ((ئەم جۆرە کۆدە لە هەمان کاتدا پشت دەبەستێت بە کۆدە نازمانییەکان، واتە دەبنە تەواوکەری دەربڕین

وئاماژە زمانییەکان، بەبێ کۆدە نازمانییەکان پرۆسەی پەیوەندیکردن کرچ و کاڵ دەبێت، هەندێک جار ئاخێوەر کۆدە نازمانییەکانیش بەکاردێنێ ودەیکاتە پاڵپشت و هاریکار بۆئاسانکردن و پتەوکردنی پەیامەکەی)). (مامە، ٢٠٢١، ٤٢-٤٣)، کەواتە پرۆسەی پەیوەندیکردن بەتەنیا لە ڕێگەی کۆدی زمانییەوە سەرکەوتوو کامڵ نابێت.

**ب- کۆدە نازمانییەکان(ناگوتەیی):**

سەرجەم ئەو ئاماژانە دەگرێتەوە، کە ئاخێوەر لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا پەنایان بۆ دەبات بە مەبەستی گەیاندنی پەیامەکەی. بۆیە ئاماژەی نازمانی لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا یارمەتی دەرێکی گرنگی زمانە، مێژووی کۆدی نازمانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای پرۆسەی پەیوەندیکردنی لە نێوان مرۆڤەکاندا ((کۆدی نازمانی دابەشدەکرێت بۆ ئەم چوار جۆرەی خوارەوە)) (خلیل و أصبع، ٢٠٠٦، ٣١-٣٢)

**١- کۆدە دەربڕاوەکان:** مەبەست لە ئاماژە نازمانییەکانە، وەک (پارازمانی و زمانی جەستە و ماوەی دووری و نزیکی نێوان ئاخێوەران).

**٢- کۆدە دروستکراوەکان:** سەرجەم ئەو ئاماژانە دەگرێتەوە کە مرۆڤەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕەنگی داوەتەوە وەک: جلو بەرگ و کەرەستەکانی ناوماڵ و خشڵ، هەریەک لەمانەی هەڵگری ئاماژەن بۆ پلەوپایە.

**٣- کۆدەکانی ڕاگەیاندن:** ئەوکۆدانە دەگرێتەوە کە لەسەر ئاستی خەڵکی ڕێکەوتنی لەسەر کراوە وەک: بەکارهێنانی ڕەنگەکان، مۆسیقا، وێنە، کاریکاتێر.

**٤- کۆدەکانی بارودۆخ:** واتە بارودۆخی پەیوەندیکردن وەک شوێن و کات، یاخود چۆنییەتی ڕەفتاری کەسەکان لە کاتی پەیوەندی کردندا.

**٢- نیشانە:**

هەموو ئەوشتانە دەگرێتەوە، کە لە بری شتێکی تر بەکاردەهێنرێن، کە خۆیان نین بەستراونەتەوە بە ڕاهاتنی کۆمەڵ لەسەریان. هەندێک لە زمانەوانەکان جیاوازی دەکەن لە نێوان هێماو نیشانە،((هێما بریتییە لەو نیشانانەی کە مرۆڤ بۆ لەیەکتر گەیشتن یان وەک چەکێک بۆ بیرکردنەوە بەکاریان دەهێنێت، بۆیە بەلای هەموو ئەو زمانەوانانەی کە جیاوازی لە نێوان هێماو نیشانە دەکەن هەموو هێمایەک نیشانەیە، بەڵام هەموو نیشانەیەک هێما نییە. تەنیا ئەو نیشانانە هێمان کە بۆ لەیەکتر گەیشتن یان تێگەیاندن بەکاردێن، ڕەوشت و دابونەریتی کۆمەڵایەتی

چەسپاندونی، واتە بڕیاری کۆمەڵیان لەسەرە.)) (فتاح، ٢٠١٠: ١٢٣) بۆ نموونە دەوترێت سوربونەوە نیشانەی شەرمە و زەرهەڵگەڕان نیشانەی نەخۆشیە و دوکەڵ نیشانەی ئاگرە، بەڵام ناوترێت دوکەڵ هێمای ئاگرە و زەردهەڵگەڕان هێمای نەخۆشیە، بۆیە((هەریەک لەو نیشانانە مۆری کۆمەڵیان پێوە نییە پەیوەندیان بە پەسەندکردن یان ڕازیبوونی کۆمەڵەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە خودی ئەو پەیوەندییە سروشتیەی کە لە نێوان دوکەڵ بەئاگرو زەردهەڵگەڕان بە نەخۆشیەوە هەیە، چونکە مرۆڤ نەخۆش بکەوێت ڕەنگی زەرد دەبێت و ئاگر بکەوێتەوە دوکەڵ بەرز دەبێتەوە)) (مامە، ٢٠٢١: ٤٧) لەگەڵ ئەوەی هەندێک لەسەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە یەکێک لە مەرجەکانی هەبوونی نیشانە ڕیکەوتنی کۆمەڵایەتییە، واتە کۆمەڵ لەسەر ئەو نیشانەیە ڕێکەوتبن و ڕاهاتبن. بۆ نموونە دەڵێن هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ڕەنگی سوری ترافیک لایت و وەستاندا نییە، بەڵام جیاوازی کلتورەکان واتای ڕەنگەکان دەگۆڕێت.

ئەم بۆچونە بەشێک لەڕاستی تێدایە، بۆیە دەکرێت نیشانەکان دابەش بکەین بۆ دووجۆر بەشێک لە نیشانەکان هیچ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نییە و بەشێک لە نیشانەکان بوونی پەیوەندی لە نێوانیان هۆکارە بۆ دروست بوونی چون؟ گەر تەماشابکەین ڕەنگی سوری ترافیک لایت، یاخود ڕەنگی سوری سەر بۆری ئاو، کە نیشانەیە بۆ ئاوی گەرم. ئەمە لە بوونی پەیوەندییە لە نێوان نیشانەکەو ڕەنگەکەدا، چونکە هەڵبژاردنی ڕەنگی سور بۆ خوێنی مرۆڤ دەگەڕێتەوە کە سورەو مەترسیە بۆیە نەدەکرا بۆ وەستانی ئۆتۆمبێل ڕەنگێکە تر دابنرایە، چونکە ئەمە هۆشداریە، کە بڕۆیت ڕەنگە ڕووداو ڕووبدات.

**٣- ڕەمز (هێما)**

هەر زاراوەیەک شوێنێکی دیاریکراوی جێگیری هەیە لەو بوارەی دەست نیشان کراوە، ئەگەر لەوە بکۆڵینەوە ئەم زاراوەیە چۆن پەیدابووە لەبنەڕەتدا لەزاراوەی (symbollein)ی یۆنانی وەرگیراوە، ئەم زاراوەیە لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزیدا هاتۆتە نێو زمانی کوردییەوە. پاشان زاراوەی(symbol) بووە بە زاراوەیەکی جیهانی، چونکە لە زۆربەی زمانەکاندا دەبینرێت. هەر زمانێک کە ئەم زاراوەیە وەردەگرێ بەگوێرەی یاساکانی زمانەکەی لە ڕوانگەی فۆنۆلۆجیەوە گۆڕانکاری لە نووسین و دەربڕینی دەکات، بۆ نموونە، ((لە زمانی ئینگلیزی (symbol) لە فەڕەنسی (symbole) لە فارسی (سمبول، سمبل، نماد)). (حەمەد، ٢٠٠٢: ٢) لە زمانی عەرەبی (الرمز) لە زمانی کوردی زاراوەی (ڕەمز، جەفەنگ، هێما، سیمبول) بۆ بەکاردێت.

ڕەمز بابەتێکی هەمەلایەن و ئاڵۆزە چەندین جۆر پێناسەی و بۆچونی جۆراوجۆری لەخۆدەگرێت، ڕەمز بە پێی ڕێکەوتنی کۆمەڵ دەڕوات و بەردەوام دەبێت، (لیوس هۆرتیل) بڕوای وایە شیعر بە بێ ڕەمز نابێت و دەڵێت: ((شیعرێک نییە کە تۆزێک ڕەمزی تێدا نەبێت)) (غریب، ١٩٧١، ٢٢٩) یەکێک لە لایەنە ئیستاتیکیەکانی شیعر بریتییە لە بەکارهێنانی ڕەمز. دەتوانین بڵێین جیاوازی لە نێوان (ڕەمز و نیشانە) بەدی دەکرێت. ئەگەر چی زۆر لەیەکەوە نزیکن و زۆر دەچنە ناو یەکەوە، کەواتە هەموو نیشانەیەک دەچێتە خانەی ڕەمزەوە، بەڵام مەرج نییە هەموو ڕەمزێک نیشانە بێت. فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئەرنست کاسیرە) سەبارەت بە جیاوازی لە نێوان ڕەمز و ئاماژەدا دەڵێت: ((ئاماژە لە چوار چێوەیەکی دیاریکراودایە و ناگۆڕێت، بەڵام ڕەمز فراوانتر و گشتگیرترە و زیاتر لە دەلالەتێک هەڵدەگرێت لای هەموو کەس وەک یەک نییە، کەچی ئەمە لە ئاماژەدا بەدی ناکرێت)). (حمدان، ١٩٨١، ٢٥). بە پێچەوانەی ئەم بۆچونەوە دەتوانین بڵێین، کە هەندێک لە ئاماژەی نازمانی دەکرێت زیاتر لە دەلالەتێک هەڵبگرێت.

ئەوەی گرنکە لەبارەی ڕەمز و نیشانەوە ئەوەیە: ((کە مەرج نییە ڕەمز هەروەکو خۆی بمێنێت یان نیشانە بەرەو تەمو مژی نەڕوات و بەرگی ڕەمز نەکاتە بەری، بەهۆی گۆڕانی ئەو سنورەی کەلە نێوانیاندا هەیە)). (خەلیل، ٢٠٠٧: ٥٣) کەواتە دەکرێت نیشانەیەک بەرو ئەوە بڕوات ببێت بە ڕەمز، یان بە پێچەوانەوە ڕەمزێک واتاکەی وردە وردە بەرەو ڕوون بوونەوە بڕوات و ببێتەوە بە نیشانە. وەک: ((ڕەنگی زەرد رەمزی پایزە و کۆتایی تەمەنە، ڕەنگی سپی ڕەمزی ئاشتی و پاکییە، تاریکی ڕەمزی ترس و خەمە. ئەمانە لای خەڵکی واتاکانیان ڕوون بووەتەوە تایبەتمەندی ڕەمزیان لەدەستداوە بوونە بە نیشانە)). (مامە، ٢٠٢١، ٥٤)، کەواتە نیشانەکان بە بنچینەی دروستبوونی ڕەمز دادەنرێن، چونکە نیشانە واتایەکی ڕوون و پتەو لەخۆدەگرێت. هەروەک دەوترێت: ((ڕەمز لە نیشانە پەیدا دەبێت و مەبەستی سەرەکی گەیاندنی واتایە)). (چیا، ٢٠٠٠، ٥٨)، کەواتە سەرجەم ئەم زاراوانە لە ژێر چەتری هێمادا کۆدەکرێنەوە، چونکە ئەوەی لە زمانەوانیدا گرنگی پێدەدرێ تێگەیشتنی واتای هێماکانە.

**٤- ئاماژە (ئیشارەت):**

یەکێکی تر لە ڕەگەزەکانی سیمۆلۆژیا ئاماژەیە، مەبەست لە چەمکی ئاماژە ئەوەیە کە هەر نیشانەیەک مرۆڤ توانیتی هەستی پێ دەرببڕێت لە کاتی پەیوەندیکردندا وەک ئاماژە تەماشا دەکرێت. هەروەک زمانەوان محمد مەعروف دەڵێت: ((هەر نیشانەک هەستی پێ دەرببڕێت وەک بانگ، هاوار، ئاخ و ئۆف، هێزی بزاوتنی دەم و لێو و چاو برۆ... هتد ئاماژەن)). (فتاح،٢٠١٠: ١٢٤).

هەرچەندە تێکەڵییەک لە نێوان ئەم زاراوەیە و زاراوەکانی تردا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە هەندیک لە توێژەران جیاکاری لە نێوان (ڕەمز و ئاماژە)دا ناکەن و بەهەردووکی دەڵێن ڕەمز، بەڵام هەندێکی تر لە توێژەران جیاوازی لە نێوان ئەم دوو زاراوەیەدا دەکەن، ئەوەی جێگەی بایەخ و سەرنجی زیاترە زاراوەی ئاماژەیی نازمانییە، کە مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکەمانە. بۆیە هەریەک لە زاراوەکانی(نیشانە، ڕەمز، ئاماژە) سەربارى لێکچون و جیاوازی نێوانیان لە ڕووی زاراوەو چەمکەوە، بەڵام سەرجەمیان ڕەگەز و کەرەستەی زانستی سیمۆلۆژیان و بۆئاڵوگۆڕکردنی پەیام و مەبەستێک لە نێوان قسەکەراندا وەک توخمێکی ئاڵۆزی زمان بەکار دەهێنرێن لە ڕێگەی دەربڕینی هەستی بێت، یاخود دەربڕینی وشەو ڕستە، یاخود هەردووک پێکەوە. بە گشتی ئاماژە وەک بنەمایەکی گرنگی زانستی سیمۆلۆژیا لە دوو جۆری سەرەکی پێکدێت ئەوانیش (ئاماژەی زمانی و ئاماژەی نازمانییە)، کاری سەرەکی توێژینەوەکەمان بریتییە لە ئاماژەی نازمانی.

کەواتە هەریەک لەزاراوەکانی (ئاماژە، ڕەمز، نیشانە، کۆد) بریتین لە پەیڕەوێکی کارپێکراو لەزماندا، بەواتا گشتیەکەیان بریتین لە کەرەستەی زمان، سەرجەمیان وەک بنەمای پێکهێنانی زانستی هێما مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، چونکە کاتێک پێناسەی هێما، یاخود زمان دەکرێت بە یەکێک لەم زاراوانە گوزارشتیان لێ دەکرێت. هەریەک لەم زاراوانە سەرەڕای نزیکی و تێکەڵبوونیان لە هەندێک شوێندا، کە ئەمەش وادەکات خوێنەر جۆرە تێکەڵیەکی لا دروستبێت و بەئاسانی لەیەکیان جیانەکاتەوە، بەڵام هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆیان هەیە و جیادەبنەوە لەوانی تر. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین خۆمان بەدووربگرین لەبەکارهێنانی ئەم زاراوانە لە شوێنی یەکتری. بۆیە ئەوەی زۆر گرنگە تێگەیشتنە لە واتای هێماکان، کە گرنگی زۆری لە زمانەوانیدا پێدەدرێت، جیاوازی و هاوبەشی لەنێوان ڕەگەزەکانی سیمۆلۆژیا لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕوونتر دەبێتەوە.

١- سیمۆلۆژیا وەکو چەمکێکی گشتی ڕۆڵی زۆر گرنگی هەیە، کە سەرجەم زاراوەکانی تر لە هەناوی ئەمەوە دەردەچن. وەک دەوترێت: ((سیمۆلۆژیا نوێنەری سەرجەم توخمەکانی بونگەرایی دەکەن بەسروشتی و دەسکرد و زمانی و نازمانییەوە. هەربۆیە ئەوەی لەزمانەوانیدا گرنگی پێدەدرێت تێگەیشتنە لە واتای هێماکان)) (مامە،٢٠٢١: ٦٠)، کەواتە سەرجەم ئەم زاراوانە لە ژێر چەتری سیمۆلۆژیادا کۆدەکرێنەوە وەکو سەنتەر و چەقێک دەکەوێتە ناوەڕاستیانەوە.

٢- گرنگترین کەرەستەی سیمۆلۆژیا (کۆدە) کە سەرجەم زاراوەکانی تری وەک (ئاماژە، ڕەمز، نیشانە، وێنە) لەخۆی کۆدەکاتەوە، چونکە کۆد لە هێماسازیدا بە بنەمای سەرەکی ئەم زانستە دادەنرێت. وەک دەوترێت: ((کۆدەکان بیرێکن بۆ ناونانی شتەکانی دەوروبەرو ئاماژە پێکردنیان

کۆدەکان بە پردی پەیوەندی و کەناڵێکی گەیاندنی بەیەکەوە بەستن دادەنرێن لە نێوان هێماو هێما بۆکراو)). (مامە،٢٠٢١، ٦٠)، کەواتە تێگەیشتنی تەواو لە کۆدەوە بەدەست دێت.

٣- چەمکی ڕەمز و نیشانە سەرەڕای نزیکایەتی لە نێوان ئەم دوو زاراوەیەدا، بەڵام دەکرێت جیاوازی لە نێوانیاندا بەدیبکرێت و هەریەکەیان مەبەستی تایبەت بەخۆی هەیە. بۆ نموونە واتای نیشانە لای زۆربەی خەڵکی ڕوون و ئاشکرایە زۆرێک لە نیشانەکان بوون بە نیشانەی جیهانی وەک دوکەڵ نیشانەی ئاگرە و زەرهەڵگەڕان نیشانەی نەخۆشیە، بەڵام ڕەمز واتایەکی قوڵتر لە نیشانە لەخۆدەگرێت ڕەمز تەمومژاوی ترە کۆمەڵێک هۆکارکاریگەرییان لەسەردروستبوونی هەیە وەک هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژووی و کلتووری بۆ نموونە (لەیل و مەجنون) ڕەمزی خۆشەویستییە قوربانیدانە. (کۆتری سپی) ڕەمزی ئاشتیە.

٤- ئاماژەکان مەبەست لە سەرجەم جوڵەکانی جەستەیە، کە مرۆڤ لە کاتی ئاخاوتن و بە بێ ئاخاوتن بەکاریاندەهێنێت بۆ گەیاندنی ئەو پەیامەی مەبەستێتی، ئاماژە جەستەییەکان ئەو پەیامەی لەخۆی گرتووە هەندێک جار بۆ یارمەتیدەری قسەکردنە، هەندێک جاریش پێچەوانەی قسەکردنە، کەواتە ئاماژەکان جیاوازیان بەدی دەکرێت لەگەڵ زاراوەکانی تر.

بە گشتی ئەم خاڵانە دەبنە پێوەرێک بۆ جیاکردنەوەی هەریەک لەو چەمک و زاراوانە. لەگەڵ هەموو جیاوازییەکانیش لە نێوانیاندا هاوبەشی بەدی دەکرێت، کە بریتییە لە بوونی هێمایەک و واتایەکەی لە نێوان هەریەک لەم زاراوانەدا. بۆیە ناتوانین بە تەواوەتی خۆمان بەدووربگرین لە بەکارهێنانیان لە شوێنی یەکتری، بۆیە دەکرێت بەپێی گونجانی بارودۆخی دەقەکە دەکرێت لە شوێنی یەکتری بەکاربهێنرێن.

**١-٣-١:پرۆسەی پەیوەندیکردن و ئاماژەی نازمانی:**

پەیوەندیکردن کۆڵەگەیەکی گرنگی ژیانی مرۆڤە. بنەمایەکی سەرەکییە بۆ مامەڵکردن و نزیکبونەوە لەیەکتری، کە لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا ڕۆڵی گرنگی هەیە مرۆڤ بەبێ پەیوەندیکردن زەحمەتە بتوانێت ژیانی بەڕێبکات، زاراوەی پەیوەندیکردن (communication) ((دەگەڕێتەوە بۆ (communis)ی لاتینی کە بەدوو مەبەست دێت هاوبەشیکردن، یاخود گشتی)).( عبدولرەحمان، ١٤.٢٠٠٦). پرۆسەی پەیوەندیکردن پرۆسەیەکی دەروونی کۆمەڵایەتییە.

وەک زانستیش ((لێکۆڵینەوەیە لە گۆڕینەوەی واتا لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ لە ڕێگەی دەستەیەکی هاوبەش لە ڕەمز)) (الوسی، ٢٠٠٣: ١٣). چەمکی پەیوەندیکردن فراوانەو واتای زۆر لەخۆدەگرێت، وەکو((هاوبەشیکردن و بەشداریکردن لەزانیاری یان گۆڕینەوەی زانیاری و هەست و

سۆز) (الصیرفی،٢٠٠٦. ١٤). گۆڕینەوەی زانیاری و دەربڕینی هەست و سۆز بە هاوبەشی هەردوو ئاماژەی زمانی و نازمانی زۆر بەهێزو کاریگەر دەبێت. بۆیە پەیوەندیکردن واتە ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لە ڕێگەی (ئاخاوتن و نووسینەوە)، کە دوو هۆکاری گرنگن بۆ گوزارشتکردن لە بیروبۆچونە جۆراوجۆرەکان. هەردوو پرۆسەی (ئاخاوتن و نووسین ) بەبێ (ئاماژەی نازمانی) زۆر زەحمەتە و پرۆسەیەکی ناسەرکەوتوو دەردەچێت.

لەبەرئەوەی بەزۆری ئاخاوتن پێوستی بە ئاماژەی نازمانییە و هەروەها نووسینیش بەبێ ئاماژە نازمانییەکان سەرکەوتوو نابێت، کە مەبەست لە ئاماژە نازمانییەکان لە نووسیندا (نیشانەکانی خاڵبەندی دەگرێتەوە)، مرۆڤەکان لە ڕێگەی هەردوو جۆری ئاماژەی زمانی و نازمانی پرۆسەی پەیوەندیکردن ئەنجام دەدەن، کە ئاماژە زمانییەکان (دەنگ) و ئاماژە نازمانییەکان (جوڵە) دەگرێتەوە، کە (دەنگ) سەرجەم وشەو دەربڕینەکانە کە مرۆڤ بە زار دەریان دەبڕێت. مەبەست لە (جوڵە) سەرجەم ئاماژەکانی جەستە وەک: (چاو، ڕوخسار، برۆ، دەم، جوڵەکانی دەست، هتد..) دەگرێتەوە، کەواتە مرۆڤ بە پێی سروشتی خۆی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و فێربوون و هەوڵدان غەریزەیەکی گرنگی ناخی مرۆڤە.

ئەمەش وایکردووە، کە پەیوەندیکردن ببێتە پێویستییەکی گرنگی ژیانی و ناتوانێت دەسبەرداری بێت. لەو ڕێگەیەوە بەرەو گەشەکردن و فێربوونی شتی تازە هەنگاو بنێت. پەیوەندیکردن دەورێکی باڵای هەیە لەگەڵ ئەرکەکانی تری زمان و وەک سەرچاوەیەکی گرنگ تەماشادەکرێت، ((پەیوەندیکردن سەرچاوەی هەموو ئەرکەکانی تری زمانە و گەر لە ئەرکە جیاجیاکانی زمان وردبینەوە پرۆسەی پەیوەندیکردن هاوبەشی هەموو ئەرکەکانی ترە. زمانیش بەرێژەیەکی جیاواز ڕۆڵی باڵا لە ئەنجامدانی ئەرکەکان دەگێڕێت)) (عەلی، ٢٠٠٥: ٦٣). ئەوەی جێگەی سەرنجە ئاماژەی پێ بدەین لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا ڕۆڵ و گرنگی ئاماژە نازمانییەکانە دیارە، پرۆسەی پەیوەندیکردن مەبەست لێی ((ناردن و گواستنەوەی زانیارییە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر)). (محمد الصیرفی، ٢٠٠٦، ٥)، کە ئەم پرۆسەیە بە تەنها بە ئاماژەی زمانی ناکرێت و هەمیشە ئاماژە نازمانییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. بۆیە ((مرۆڤ جگە لە زمان ڕێگەی تریشی دۆزیوەتەوە بۆ دابینکردنی پرۆسەی پەیوەندیکردن، کەهەندێ لەم ڕێگایانە لەگەڵ زمان خۆیدا بەکاردەهێنرێن، وەک: بزاوتنی دەست و دەم و چاو برۆ..... هتد)) (فتاح، ٢٠١١، ٢٣). زۆرێک لە تیۆریەکان سەرەتای دروستبوونی پرۆسەی پەیوەندیکردن دەگێڕنەوە بۆ ئاماژە نازمانییەکان زمانەوانان (ڤۆنت و مار) دەڵێن: ((سەرەتای گوزارشتکردنی مرۆڤ لە شتەکانی دەوروبەری و هەوڵدان بۆ تێگەیاندنی

بەرانبەر لە ڕێگەی سەرلەقاندن و چاو تروکاندن و لێو قرچاندنەوە بوو، لە نێو مرۆڤە سادەکاندا، لە دوایدا گۆڕاوە بۆ زمانی ئاسایی)) (فتاح، ٢٠١١، ١٦).

بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە نازمانییەکان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن، بۆ نموونە هەروەک زمان بریتین لە ڕەمزی لەخۆوە، کە مەبەست لەوەیە ئەو پەیوەندییەی لە نێوان ئاماژەیەکی نازمانی و واتاکەیدا هەیە لەخۆوە دروست بووە و پاشان بە ڕێکەوتنی کۆمەڵ لەسەری ڕۆیشتووە و بەکارهاتووە. وەکو زمانیش پێویستی بە ڕێکەوتنی کومەڵ هەیە تاوەکو بەردەوام بن. بۆیە هەر دەنگ و ئاماژە و جوڵەیەک هەڵگری واتا بێت بەرەگەزی پرۆسەی پەیوەندیکردن دادەنرێت. مرۆڤەکان لە ڕێگەی پرۆسەی پەیوەندیکردنەوە بیروڕاو زانیارییەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن بە هاوبەشی، هەردوو ئاماژەی زمانی و نازمانی هەریەک لە لایەنی دەروونی و کومەڵایەتی و ڕۆشنبیری کاریگەرییان لەسەر ئەم پرۆسەیە هەیە.

**پرۆسەی پەیوەندیکردن لەسەر دوو بنەما پەیوەستە.**

١- بەکارهێنانی سیستەمێکی هێمای هاوبەش، کە هەمووان لەسەر ئەو سیستەمە هێماییە ڕێکەوتوون، کە هەڵگری واتایە بۆ شتە دیاریکراوەکان.

٢- پەیوەندیکردن پەیوەستە بە ئاڵوگۆڕکردن، کە ((تاکەکانی کۆمەڵ بەهۆی ئەو هێمایەی لەسەری ڕێکەوتوون بیرۆکەو زانیارییەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن، بە مەبەستی تێگەیشتن لە نێوانیان دروستبوونی کاریگەری و کاردانەوە لە پەیوەندییەکان، کەواتە تێگەیشتن مەرجی سەرەکییە بۆ بوونی کاریگەری و کاردانەوە)). (عەبدول رەحمان، ٢٠٠٩: ٢٣). زۆرجار هۆکاری سەرەکی لە پرۆسەی تێگەیشتن تەنها بە زمان کامڵ نابێت وپێویستی بە پەیوەندیکردنێکی هاوبەشە لەگەڵ ئاماژەی نازمانی و لە زۆر باردا تەواوکەری یەکترین و لە هەندێک باردا پێچەوانەی یەکترین. پێویستە گونجانێکی بەهێز لە نێوان هەردوو(ئاماژەی زمانی و نازمانی)دا هەبێت، بۆئەوەی پەیوەندییەکە سەرکەوتوو بێت. لە ئەنجامدا زانیاری لەسەر نێرەر (قسەکەر) لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕۆشنبیری ڕوون دەکاتەوە. لەخوارەوە ئاماژە بەهەردوو جۆری پەیوەندیکردنەکە دەکەین:

**جۆرەکانی پەیوەندیکردن:**

**١- پەیوەندیکردن بە ئاماژەی زمانی:**

ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە لە ڕێگەی دەربڕینە زمانییەکانەوە دەبێت، کە بەشێوەی (دەنگ)و (نووسین) دەگوازرێتەوە. کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەیە. لەم

ڕێگەیەوە تاک توانای پەیوەندیکردنی بەدەوروبەرەوە کارادەبێت. بە یەکێک لە تایبەتمەندییە زۆر گرنگەکانی مرۆڤ دادەنرێت، بەو شێوە قوڵ و فراوانە کە تایبەتە بە مرۆڤ، ((بۆ گواستنەوەی پەیام و وشەی گۆکراو و ئاماژەی دەنگی بەکاردەهێنرێت، کە لە ڕێگەی پڕۆسەی گوتن و بیستنی دەنگە گۆکراوەکان و پڕۆسەی نووسینەوەوە ئەنجام دەدرێت، کە هەریەکەیان هەڵگری واتایەکی دیاریکراون)). (أصبح، ١٩٩٩: ٤٢). لەگەڵ گەیشتنی پەیام بە وەرگر، ڕاستەوخۆ مێشکی وەرگر لێکدانەوە بۆ ئەو پەیامە دەنگییە دەکات. پەیوەندیکردنی زمانی پشت بەیاساکانی زمان دەبەستێت. ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە لە ژیانی ڕۆژانەی تاکدا هەمیشە ڕەنگی داوەتەوە. لەم جۆرە پەیوەندیکردنەدا دەکرێت وشە و دەربڕینەکان بە کۆمەڵێک واتای قورس باربکرێن کە بەتەنیا لەتوانای مرۆڤدایە. وشە گۆکراوەکان دەکرێت وەک ڕەمز بەکاربهێنرێن بۆشتێکی تر.

ئەدیب بە شێوەکی گشتی پەنا بۆ ئاماژەی زمانی دەبات بۆ دەربڕینی ئەو هەست و سۆزەی کە لە ناخیدایەو دەیەوێت بە وێنەیەکی شیعری جوان دەری ببڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر ئاماژە زمانییەکان بەسادەیی دەرنابڕێت، بەڵکو ئەوەی لە جوانی دەقی شیعرییە بۆ شاعیر هەڵگری واتایەکی قوڵە، کە لەو دیو وشەکانەوەیە، بۆ ئەوەی خوێنەر بە وریاییەوە بگەڕێت بۆ گەیشتن بە واتایەکی دروست، کە چێژی پێ دەبەخشێت. ئاماژە زمانییەکان بە تەنها بۆ شاعیر بەس نین و هەمیشە لە ڕێگەی چنینێکی بەهێز لە نێوان وشەکان و هەڵگری واتایەکی قوڵ لەو دیوی دەقەکەوە هەوڵی ئەفراندنی وێنەیەکی جوانمان بۆ دەدات.

**٢- پەیوەندیکردن بە ئاماژەی نازمانی:**

سەرجەم ئەوجوڵەو ئاماژە نازمانیانە دەگرێتەوە کە کۆمەڵ لەسەری ڕێکەوتون. بەبێ ئەوەی زمان واتە وشەو دەنگ لەگەڵیدا بەکاربهێنرێت. وەک: (ئاماژەکانی چاو، برۆ، دەم، لێو، ڕوخسار، دەست و جەستە...هتد)، کە پانتاییەکی فراوانیان لە پڕۆسەی پەیوەندیکردن داگیرکردووە. مرۆڤ خاوەنی کۆمەڵێک هەستی جیاوازە، کە لەسایەی ئەم هەستە جیاوازنەوە پڕۆسەکە لە زمانییەوە بگوازێتەوە بۆ نازمانی، یاخود تێکەڵی یەکتریان بکات. مێژوویەکی کۆنی هەیە. مێژووی پەیوەندیکردنی نازمانی لە زمانی گۆکراو و نوسراو کۆنترە. بنچینەی دروستبوونی زمانە سەرجەم ئەو پرۆسانە دەگرێتەوە کە ناکرێت بە نووسین، یاخود بە قسەکردن دەربببڕێن. گوێگر لەم جۆرە پەیوەندیکردنە بەزۆری پشت دەبەستێت بەهەستی بینین و شیکردنەوەی بە یاسا کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان.

گواستنەوەی پەیام لە ڕێگەی جوڵەو ئاماژە نازمانییەکان گرنگییەکی زۆریان هەیە لە پەیوەندییەکانی ڕۆژانەی مرۆڤدا، لەم بارەیەوە محمد مەحوی دەڵێت: ((هیچ پەیوەندییەکی زمانی نێوان دووکەس بەبێ بەکارهێنانی جەستەو سیمای دەم و چاو سەرناگرێت و بیری لێناکرێتەوە)) (مەحوی، ٢٠٠٩، ٥٥). دەکرێت بڵێین ئاماژە نازمانییەکان بە هێندەی ئاماژەی زمانی لە پرۆسەی پەیوەندیکردن گرنگ و بەبەهان، زۆرجار پێش ئاماژەی زمانی دەکەون لە پرۆسەی پەیوەندیکردن. بۆ نموونە زۆرجار بۆ تێگەیشتن لەوپەیامەی نێرەر دەینێرێت بۆ ئاماژەکانی چاو دەگەڕێنەوە، ڕوخسار و دەست و هەڵسوکەوتەکانی کە دەینوێنێت لە کاتی ناردنی پەیامەکەدا، گەر ئەم حاڵەتە لە دەقی شیعریدا بخەینە ڕوو ڕەنگدانەوەی لای شاعیران بۆ گرنگی وکاریگەری ئاماژە نازمانییەکان دەگەڕێتەوە، کە هەمیشە بەشێکی گرنگن لە ژیانی مرۆڤەکان. شاعیران ناتوانن دەسبەرداری بن و هۆکارێکی گرنگی بەرهەمهێنانی وێنەی شیعری پڕ لە ئیستاتیکیە. بنەمایەکی گرنگی کورتبڕییە کە ڕەنگە بە بەکارهێنانی ئاماژەیەک لە دەقی شیعری چەندین خوێندنەوەی جیاواز لەخۆی بگرێت.

سەبارەت بە گرنگی ئەم پرۆسەیە داستان صابر دەڵیت: ((هیچ پەیوەندییەکی زمانی لە ئاخاوتندا سەرکەوتوو نابێت. بەبێ بەکارهێنانی ئاماژە نازمانییەکان، واتە پرۆسەی پەیوەندیکردن بەبێ بەکارهێنانی ئاماژەی نازمانی پرۆسەیەکی ناکامڵ دەبێت)) (مامە، ٢٠٢١، ٧٠).

لە ئەنجامدا دەگەین بەوەی کە ئاماژەی نازمانی بەتەواوکەرو یارمەتیدەری ئاماژەی زمانی دادەنرێت ولە زۆربارردا بەیەکەوە مەبەست و ئامانجەکە لەبیری نێرەرەوە دەگەیەنن بە گوێگر. زۆرجار لەپاڵ وشە گۆکراوەکان، شاعیر پەنا بۆ ئاماژەی نازمانی دەبات، تاوەکو مەبەستەکەی ڕوونتر بکاتەوە. بۆ نموونە شاعیر ئاماژەکانی (چاوی کاڵت، دەم پڕبەخەندە، لارولەنجەی پڕلە عیشوەت) بەکاردەهێنێت، ڕەنگە بە وشەی گۆکراو نەتوانێت گوزارشت لەو دیمەنەبکات کە پێی کاریگەر بووە، کەواتە هەرچەندە پەیوەندیکردن بە ئاماژە زمانییەکان گرنگ و بەبەهایە، بەڵام ناتوانێت دەسبەرداری ئاماژە نازمانییەکان بێت و بەتەنیا پرۆسەی پەیوەندیکردنەکە سەرکەوتوو بکات. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جار بەتەنیا ئاماژەی نازمانی دەتوانێت پەیام بگەیەنێت و گوێگر لەمەبەستەکەی بگات. لێرەوە دەکرێت پرۆسەی پەیوەندیکردن لە (ڕووی مێژووی و بەهێزییەوە) لە نێوان قسەکەر و گوێگر لەم دوو هێڵکارییەدا زیاتر ڕوونبکەینەوە.




پلەبەندی پرۆسەی پەیوەندیکردن لە ڕووی مێژووییەوە:

١- ئاماژە نازمانییەکان

٢- ئاماژە زمانییەکان

خشتەی ژمارە (٢) پرۆسەی پەیوەندیکردن لە ڕووی مێژووییەوە.




پلەبەندی پرۆسەی پەیوەندیکردن لە ڕووی بەهێزیەوە بەم شێوازەیە:

١- پەیوەندی زمانی و نازمانی

٢- پەیوەندی زمانی

٣- پەیوەندی نازمانی

خشتەی ژمارە (٣) پرۆسەی پەیوەندیکردن لە ڕووی بەهێزییەوە.

## جیاوازی نێوان پەیوەندیکردنی زمانی و نازمانی[1]

| ئاماژەی زمانی | ئاماژەی نازمانی |
|---|---|
| ١- ڕێزمان زمانەکە یاسابەندی دەکات. لە زۆربەی بارودۆخەکان یەک شێوازی هەیە. | ١-لایەنی دەروونی و یاسا کۆمەڵایەتییەکان یاسابەندی دەکات، لەگەڵ جیاوازی بارودۆخدا شێوازی دەگۆڕێت. |
| ٢- هەموو زمانێک لەکۆمەڵێک پیت پێکدێت خاوەنی کۆمەڵێک دەنگە دەستور و شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە | ٢- ئاماژە نازمانییەکان بەزۆری جیهانین و لای زۆربەی میللەتان وەک یەکن، بۆ نموونە پێکەنین ئاماژەی دڵخۆشییە و گریان ئاماژەی خەمبارییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کلتوری گەلان ئاماژەی تایبەت دەهێننە ئاراوە. |
| ٣- لە سەرەتای تەمەنەوە فێری نابین، بەڵکو لەگەڵ گەشەی کۆمەڵایەتیدا فێری دەبین | ٣- لەگەڵ لەدایکبووندا فێری ئاماژە نازمانییەکان دەبین. زۆربەی بیردۆزەکان لەسەرئەوە کۆکن کە پێش ئاماژەی زمانییەوە بەکارهاتوون. |
| ٤- ئاماژە زمانییەکان لە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤدان، چونکە دەتوانین هەست و سۆزیان لێدابڕین. دەتوانین بە پێی ویستی خۆمان ئاڕاستەیان بکەین و ئاخاوتنیان پێ بگۆڕین | ٤- ئاماژە نازمانییەکان لە زۆر کاتدا لە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤ دەردەچن و ناتوانین هەمیشە بە پێی ویستی خۆمان مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، چونکە پڕن لە هەست و سۆز. |
| ٥- کەرەستەکانی بریتین لە (دەنگ، وشە، ڕستە،...... هتد). | ٥- کەرەستەکانی بریتین لە (سەرجەم ئاماژە جەستەییەکان، هەڵسوکەوتە فیسیۆلۆژییەکان، شێوازی وەستان و دانیشتن، ڕەنگەکان، جل وبەرگ..... هتد) |

خشتەی ژمارە (٤) جیاوازی ئاماژەی زمانی و نازمانی

* بڕوانە (شیلان عوسمان عبدولرحمان، کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، ٢٠٠٩)، نامەی ماستەر ( شنە ئەبو بەکر ئەحمەد، زمانی جەستە، ٢٠٠٨، زانکۆی سەلاحەدین).

**ڕەگەزەکانی پڕۆسەی پەیوەندیکردن:**

**١- نێرەر:** لە پڕۆسەی پەیوەندیکردندا هەمیشە کەسێک کاری پەیوەندیکردنەکە ئەنجام دەدات ئەویش نێرەرە. بەڕەگەزێکی سەرەکی پەیوەندیکردن دادەنرێت.((نێرەر ئەو کەسەیە، کە هەڵدەسێت بەئاڕاستەکردنی پەیام بۆ کەسێک یان چەند کەسێک)) (عوسمان، ٢٠٠٨، ٣٣). بۆیە ئەوپەیامەی نێرەر دەیەوێت بیگەیەنێت بە دوو ڕێگە دەبێت، کە ئاماژەی (زمانی و نازمانی)یە. نێرەر بەهۆی توانستی زمانی خۆی هەردوو جۆرەکە ئاوێتەی یەکتری دەکات. ئاماژەی نازمانی گرنگی تایبەتی هەیە لە پڕۆسەی پەیوەندیکردندا.

**٢- پەیام:** یەکێکی تر لە ڕەگەزە گرنگەکانی پەیوەندیکردن پەیامە، کە پردی نێوان نێرەر و وەرگرە. سەرجەم ئەو زانیاری و هەست و سۆز و بیر و بۆچونانە دەگرێتەوە، کەنێرەر لە ڕێگەی ئاماژەکانەوە گوزارشتی لێ دەکات، کە لەشێوەی ئاماژەی نازمانی وەک: (جوڵە و ئاماژەکانی جەستە) یان ئاماژە زمانییەکانی وەک: (زارەکی و دەنگی و نوسراو). دەبێت بۆیە، ((پەیام زانیاری زۆر لەبارەی قسەکەرەوە ڕوون دەکاتەوە. بە جۆرێک لە ڕێگەی پەیامەوە خۆشەویستی و ڕق و کینە و بیروڕاو مەبەست و پێگە و تەمەنی قسەکەر تاڕادەیەکی باش بزانین)) (سالَح،٢٠٢٠، ٥٧٠). هەریەک لە مەبەستەکانی (خۆشەویستی و ڕق و کینە و پێگەو تەمەن) زیاتر لە ڕێگەی ئاماژە نازمانییەکانی وەکو (جوڵەکانی جەستەو، چاو، ڕوخسار) دەبێت.

پەیامێک دەکرێت هەڵگری چەند مەبەستێک بێت وئەم مەبەستە جیاوازانەش لە ڕێگەی هەردوو جۆری ئاماژەی زمانی و نازمانی وەک تەواوکەری یەکتری، یاخود دژی یەکتری بەکار دەهێنرێن، کەواتە لە بواری ئەدەبدا مەبەست لە پەیام ئەو دەقی شیعرییە، کەشاعیر دەیەوێت بیگەیەنێت بە خوێنەر. سەرجەم(قسەکان، نووسینەکان، ئاماژەکان، وێنەکان) هەڵگری پەیامی جۆراو جۆرن.

**٣- وەرگر:** ئەوکەسەیە کە پەیامەکە وەردەگرێت جا وەرگر تاک بێت، یاخود کۆ ئەنجامی پەیوەندیکردن لای وەرگرە. دەکرێت بڵێین هەردوو ڕەگەزی (نێرەر و پەیام) بۆ خزمەتی وەرگرن، پڕۆسەی وەرگرتن لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەبێت. گەر وەرگر بەباشی لەپەیامەکە گەیشت پڕۆسەکە سەرکەوتوو دەبێت، کە ئەمەش زیاتر دەوەستێتە سەر (ئاماژەی نازمانی)، چونکە ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە ڕوونکرنەوەی پەیامەکە، بۆ نموونە وەرگر زۆرجار بۆ ئەوەی لە قسەکانی نێرەر بگات تەماشای جوڵەو ئاماژەکانی چاو و دەست و ڕوخساری دەکات، کەواتە نێرەر وەک خوێنەر تەماشا دەکرێت. دیارە وەرگر لە ڕێگەی کەناڵێکەوە پەیام وەردەگرێت، کە بریتین لە:

**١- کەناڵی دەنگی:** واتە لە ڕێگەی دەنگەوە دەبێت، جا گۆکراو یاخود نوسراو.

**٢- کەناڵی نوسراو:** زمانی نوسراو بەکاردێت بۆ گواستنەوەی ڕەمز و ئاماژەکان. وەک: (گۆڤار، کتێب، ڕۆژنامە، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان)، بۆیە شیعر کەناڵێکی نوسراوە، کە هەمیشە دەقێکی نوسراوە شاعیر دەینوسێت.

**٣- کەناڵی وێنەیی:** مەبەست لەسەرجەم ئاماژە وێنەییەکانی وەک: (تابلۆ، هێماکانی هاتوچۆ، نەخشە، وێنەی ڕیکلام) دەگرێتەوە،

**٤- کەناڵی جوڵەیی(ئاماژەی نازمانی):** سەرجەم جوڵە و ئاماژە جەستەییەکان دەگرێتەوە، کە بەبێ گۆکردنی زمان مرۆڤ دەینوێنێت، کە ئەمەش مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکەمانە، کەسەرجەم ئاماژەکانی(چاو، ڕوخسار، دەست، برۆ، دەم، شێوازی ڕاوەستان و ڕۆیشتن، هەروەها ڕەفتارو هەڵچونە فیسۆلۆژییەکانی وەک پێکەنین و گریان و تورەبوون و لۆچی ڕوخسار و گرژی برۆکان...... هتد)، دیارە کەناڵی جوڵەیی ڕەگەزێکی سەرەکی و گرنگە بۆ وەرگر، چونکە هاوبەش و یارمەتیدەری سەرجەم کەناڵەکانی ترە و هۆکار و ڕوونکەرەوەی پەیامە بۆ وەرگر، کاتێک نێرەر پەیامێک دەنێرێت و ناڕوونییەک لە پەیامەکەدا هەبوو ڕاستەوخۆ وەرگر بۆ تێگەیشتن لەو پەیامە پەنا بۆ کەناڵی جوڵەیی دەبات، کە مەبەست لە ئاماژە نازمانییەکانە، بۆ نموونە: وەرگر زۆرجار بەتەماشاکردنی ڕوخسار، یاخود ئاماژەکانی چاو و دەست هەوڵی تێگەیشتن لە پەیامەکە دەدات.

کەناڵی جوڵەیی لەگەڵ هەریەک لەکەناڵی وێنەیی و نوسراو گۆکراو بەشدارە و بوونی هەیە. بەبەڵگەی ئەوەی کە تەماشای وێنە و نەخشەیەک دەکەین زیاتر بەئاماژەکانی سەری لێی تێدەگەین، یاخود مرۆڤ بەویست بێت یان بێ ویست جوڵە و ئاماژە نازمانییەکان بەکاردەهێنێت لەگەڵ کەناڵی گۆکراو ناتوانێت دەستبەرداری بێت. گەر سەرنج بدەین هەر دەقێکی نوسراوی وەک (شیعر و چیرۆک و ڕۆمان) بخوێنینەوە بێبەش نییە لە جوڵەوئاماژەکانی جەستە و بەهۆکارێکی زۆر گرنک دادەنرێت بۆ شیکردنەوە و خوێندنەوەی ئەو دەقە،

کلیکی تێگەیشن لە واتای دەق بەها و گرنگی خۆی هەیە تەنانەت نیشانەکانی خاڵبەندی لە نێو نوسراوێکی ئاساییدا هەمان ڕۆڵی ئاماژە نازمانییەکان دەبینن، واتە جێگرەوەی ئاماژە نازمانییەکانە هەروەک دەوترێت: ((لەئاخاوتندا هێز و ئاواز و ئاماژە نازمانییەکانی قسەکەر یارمەتیدەرێکی زۆری قسەکەر دەدەن بۆ گەیاندنی مەبەستە وردەکەی، بەڵام لە نووسیندا هەوڵدراوە نیشانەکانی خاڵبەندی ئەم ڕۆڵە بگێڕن)) (ڕەسول، ٢٠١٤: ٤٧) هۆکارەکەشی ئەوەیە کە پەیڕەوێکە هەمووان لەسەری ڕێکەوتون. بەندە بەکۆمەڵگاوە.

هەڵبژاردنی کەناڵیش پەیوەستە بە نێرەرەوە هەروەها لەسەر سروشتی پەیامەکە و بارودۆخی وەرگر بەندە. لێرەدا ڕاستەخۆ دەیبەستینەوە بە بواری ئەدەبەوە شاعیر، کە نێرەرە زیاتر لە کەناڵێک بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیامەکەی. هۆکارەکەشی بۆ سروشتی پەیامەکە دەگەڕێتەوە کە (شیعرە)، چونکە سروشتی شیعر و ئاخاوتن زۆر لە یەکتری جیاوازن و هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی جیاواز بەخۆیانن. ئەمەش وادەکات ئەو مەبەستەی شیعر هەڵیگرتوو پێویستی بە چەند کەناڵێک بێت بۆ ئەوەی چێژی زیاتر بە وەرگر کە خوێنەرە بگەیەنێت. هەروەک دەوترێت: ((گەر نێرەر زیاتر لەکەناڵێک بەکاربهێنێت کاریگەری زیاتر دەبێت و سیستەمی پەیوەندیکردن کاتێک سەرکەوتوو دەبێت، کە وەرگر لەمەبەستی نێرەر بگات. پەیامەکە ڕوون بێت و تەمومژاوی نەبێت)) (دزەیی، ٢٠٠٥، ٥٦).

لە کۆتایدا ئەوەی گرنگە پرۆسەی پەیوەندیکردن لە نێوان (شاعیر) و (خوێنەر) پرۆسەیەکی گرنگ و جێگای بایەخە و دەکرێت هەموو جۆرە لێکدانەوەیەک بۆدەقێک بەڕاست دابنرێن، ئەو پەیامەی کە لەشیعردا هەیە. جیاواز و فرە ڕەهەندە و دەکرێت چەندین خوێندنەوەی جیاواز هەڵبگرێت، زمانی شیعر ئاڵۆز تەمومژاوی پڕلە هەستی ئیستاتیکیە. لە هەمان کاتدا زۆرجار مەبەستی شاعیر گەیاندنی چێژە بە خوێنەر، کە ئەم چێژە لە نێوان خوێنەرە جیاوازەکاندا جۆراوجۆرە، بۆهەر جۆرێکی جیاوازی تێگەشتن لە دەقی شیعری ئاماژە نازمانییەکان ڕۆڵی گرنک و چالاک دەگێڕن بۆیە بەهەمان شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانە لە نێو دەقی شیعردا ڕەنگی داوەتەوە. کاتێک دەوترێت: (بە ئاماژەی چاوانی هەموو شتێکی پێوتم) ئەم دەقە دەکرێت چەند خوێندنەوەی جیاواز هەڵبگرێت. هۆکارەکەشی بەکارهێنانی ئاماژەی نازمانی چاوە، بۆیە زمانی شیعر فرە ڕەهەند و تەمومژاوی و هەڵگری کۆد و ئاماژەی تایبەتە. دەتوانین لە زۆر ڕەهەنی جیاوازەوە خوێندنەوەی بۆ بکەین.

نێرەر ←——— شاعیر

پەیام ←——— شیعر

وەرگر ←———خوێنەر

**جیاوازی پرۆسەی پەیوەندیکردن لە نێوان زمان و ئەدەب:**

| پرۆسەی پەیوەندیکردن لە زماندا | پرۆسەی پەیوەندیکردن لە ئەدەبدا |
|---|---|
| پەیامی نێرەر تەنها گەیاندنی زانیارییە و ئەم زانیارییە لای سەرجەم وەرگرەکان یەک شتە. | بەزۆری پەیامی ئەدیب گەیاندنی چێژە بە خوێنەر ئەم چێژە لە نێو خوێنەرەکاندا جیاوازە. |
| پەیامی نوێنەر لە ڕێگەی هەموو جۆرە کەناڵەکانەوە بە وەرگر دەگات. | بە گشتی پەیامی ئەدیب لە ڕێگەی کەناڵی نوسراوەوە بەخوێنەر دەگات، بەڵام هەندێکجار ئەدیب کەناڵی گۆکراویش بەکاردەهێنێت. |
| پەیامی نێرەر بەزۆری یەک مەبەستی لەپشتەوەیە کە زانیارییە و خوێندنەوەی جیاواز هەڵناگرێت. | پەیامی ئەدیب بەردەوام فرەمەبەستە و خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت. |
| پەیامی نێرەر هەمیشە بەسەرکەوتووی ناگات بە وەرگر و دەکرێت ناڕوونی لە پەیامەکەدا هەبێت. هەندێک جار مەبەستەکە نەگات بە وەرگر. | پەیامی ئەدیب بەردەوام پرۆسەیەکی سەرکەوتووە. چونکە شیعر یەک مەبەستی سەرەکی لە پشتەوە نییە، تا وەکو تەنها بۆ ئەو مەبەستە بگەڕێیت. |
| ڕۆڵی ئاماژە نازمانییەکان لە پەیامی نێرەردا بۆ یارمەتیدان و ڕوونکردنەوەی ئاماژەی زمانییە، تاوەکو تێگەیشتنێکی دروست بە وەرگر بگات. | ڕۆڵی ئاماژە نازمانییەکان لە پەیامی ئەدیبدا بۆ مەبەستی گەیاندنی هەست و چێژە و دروستکردنی وێنەیەکی پڕ لە ئیستاتیکیە. |

خشتەی ژمارە (٥) جیاوازی پرۆسەی پەیوەندیکردن لە نێوان زمان و ئەدەب.

**مەبەستەکانی ئاماژەی نازمانی لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا**[*] [1]

**١- جەختکردنەوە:** ئاماژەی نازمانی زۆرجار جەختدەکاتەوە سەر ئەو پەیامەی کە نێرەر بەوشە دەریدەبڕێت و زیاتر پێداگری لەسەردەکات بە مەبەستی گەیاندنی پەیامەکە. بۆ نموونە لە کاتی دەربڕینی هەستی خۆشەویستی بە پەیامی زمانی لەگەڵیشیدا بە ئاماژەی لێوخرکردنەوە و ماچ هەڵدان بۆی زیاتر پێداگری لەسەر پەیامەکە دەکەیتەوە. گەر لە دەقی شیعریدا بڕوانین شاعیر ئاماژەکانی (چاو، ڕوو، برۆ، زوڵف، باوەش بەیەکداکردن) دەهێنێتەوە بۆ جەختکردنەوەی مەبەستەکەی.

**٢- پێچەوانەیی:** مەبەست لەوەیە کە ڕەفتاری پێچەوانە ڕوودەدات لە نێوان ئاماژەی زمانی و نازمانی. واتە ئاماژە نازمانییەکە پێچەوانەی پەیامە وتراوەکەبێت. بۆ نموونە دەوترێت: ((بەدەم پێم دەڵی برۆ بە چاو پێم دەڵی وەرە))، یاخود کاتێک بەکەسێک دەڵێت مەڕۆ و بەدەست ئاماژە بۆ ڕۆیشتنی دەکەیت.

**٣- دووبارەکردنەوە:** لێرەدا ئاماژەی زمانی و نازمانی بەیەکەوە هەمان مەبەست و پەیام دەگەیەنن، بەیەکەوە پەیامەکە بەهێز و کاریگەر دەکەن. بۆ نموونە کاتێک باسی سەرو خوار دەکەین لەگەڵیشیدا بەدەست ئاماژە بۆ ئەو شوێنانە دەکەیت. گەرتەماشابکەین لە دەقی شیعریدا شاعیر هاتنی خۆشەویستکەی و نیگای چاوەکانی بەیەکەوە تێکەڵ دەکات و دەقەکە بەرهەم دەهێنێت.

**٤- تەواوکاری:** ئەوەیە پەیامە نازمانییەکە دەبێتە تەواوکاری پەیامە زمانییەکە. بۆ نموونە لەگەڵ وتنی پەیامی خۆشەویستی چاو و برۆ دادەگریت، بە ئاماژەی دەست دڵێک دروستدەکەیت. گەر لە دەقی شیعری بۆی بنوارین. شاعیر دەڵێت: جوانییەکەت تێکەڵ بە نیگای سیحراویت بووە. لێرەدا هەردووجۆرە پەیامەکە تێکەڵ بەیەکتری بوون.

**٥- جێگرتنەوە:** زۆرجار ئەوەی ناتوانیت بە پەیامی زمانی دەریببڕیت، یاخود ناتەوێت بە پەیامی زمانی مەبەستەکەت بگەیەنێت لەبەرهەرهۆکارێک بێت. لێرەدا پەیامی نازمانی زۆر بە ئاسانی دەتوانێت ئەو کارەت بۆبکات و پەیامەکەت بۆ بگەیەنێت.

---

* بۆئەم خاڵانە سودمان لەم سەرچاوانە وەرگرتووە.

١- کاوە عەبدول کەریم (٢٠٠٧: ١٦٠ ).

٢- شیلان عوسمان عبدولرحمان (٢٠٠٩: ٧٩-٨٠).

٣ - pearson.J ,Nelson.p, Tisworth, s. and Harter,L (٢٠٠٣, ١١٩)

بۆ نموونە بە ئاماژەی پەنجە ڕاوەشاندن، دەتوانیت هەڕەشە لەبەرانبەر بکەیت. بەبێ ئەوەی هیچ وتەیەک دەربېرڕیت. ئەم جۆرە لە دەقی شیعری بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، بۆ نموونە: کاتێک دەوترێت: چاوانت هەموو شتیان پێ وتم، یاخود بەبینینت شیعرم بۆ دێت.

**٦- ڕێکخستنەوە:** لە پڕۆسەی پەیوەندیکردندا ئاماژە نازمانییەکان دەتوانن گوزارشت لەسەر ڕێکخستن و بەردەوام بوون بە پڕۆسەکە بکەن لەوکاتەی گفتوگۆ دەکەیت، بۆ نموونە بە ئاماژەکانی چاو دەست گوزارشت بۆ ئەوە دەکەیت کە چاوەڕێی بکەن قسەکانی تەواو نەبوون، یاخود بەئاماژەکانی چاو و دەست گوزارشت بۆ وەستان و چاوەڕێکردن دەکەیت.

لە کۆتایدا دەگەین بەوەی بڵێین ئاماژە نازمانییەکان بەهەمان شێوەی ئاماژە زمانییەکان کاریگەرییان لەسەر پڕۆسەی پەیوەندیکردن هەیە و زۆرجار زیاتریش. ناتوانین لە هیچ بارودۆخێکدا دەسبەرداری بین. وەچۆن لە بواری زانستەکانی تردا گرنگی و بەهای تایبەتی هەیە و هەمیشە جێگای سەرنج و بایەخی زانایانی بوارەکە بووە و لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر کراوە. بەهەمان شێوەش لە بواری ئەدەب و وێنەی شیعریدا ڕەنگی داوەتەوەو بەشێکە لە ژیانمان، بۆیە بە پێی ئاستی کاریگەری ئاماژە نازمانییەکان لەسەر شاعیر و ئاستی مەعریفی شاعیر ئیستاتیکای دەقی شیعری لێ بەرهەمهێناوە جا بە پێی هەریەک لەو مەبەستانەی سەرەوە بێت، کەباسمان کرد.

هەروەها بەزۆری ئاماژە نازمانییەکان سەرنجی شاعیرانیان ڕاکێشاوە پاشان دەقێکی شیعریان لێ بەرهەم هێناوە. بۆ نموونە دیمەنی جوانی ئافرەت و ئەو ڕەفتارانەی کە لە ڕوخسار و هەڵسوکەوتیدا دەرکەوتووە بووەتە جێگای تێرامانی شاعیر بۆ دروستکردنی دەقێکی جوان، یاخود دیمەنی پرلە هەست و جوانی لە دەقەکەکانی (جەمال شارباژێڕی و ع.ح.ب)دا ڕەنگی داوەتەوە، کاریگەری لە دڵ و دەروونیان کردووە، لە زۆربەی دەقەدا بە ئاماژەی نازمانی گوزارشتیان لێکردووە، کەواتە دەکرێت بڵێین شایەنی ئەوەیە لێکۆڵینەوە لە دەقی شیعری لەم بوارەدا بکرێت و فەرامۆش نەکرێت، چونکە ئەڵقەیەکی پەیوەست و تێکەڵە لەگەڵ هەریەک لە زانستەکانی (کۆمەڵایەتی و دەروونناسی و زانستی زمان و فەلسەفە و ئاینی). واتە دەکرێت لە هەریەک لەم بوارانەوە خوێندنەوە بۆ دەقی شیعری بکرێت لە ڕووی ئاماژە نازمانییەکانەوە.

گەرسەرنج بدەین هەردوو ئاماژەی (زمانی و نازمانی) بە شێوەیەکی گشتی لە ژێر ڕۆشنایی زمان و زانستی زمانی کۆمەڵایەتی تیشکی خراوەتە سەر و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، بەڵام ئەم بابەتە چەمکێکی فراوانی هەیە دەکرێت لە بواری ئەدەبدا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت لە بواری

(شیعر و چیرۆک و ڕۆمان)دا ڕەنگی داوەتەوە. وە چۆن زمان هۆکاری سەرەکی پەیوەندیکردنی مرۆڤەکانە. بەهەمان شێوە کەرەستەی سەرەکی پێکهاتەی شیعرە.

### ١-٤-١: ئاماژەی نازمانی لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە

ئاماژە نازمانییەکان لە چەندین ڕەهەندی جیاوازەوە خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت، یەکێک لەو ڕەهەندە جیاوازانە تیشک خستنەسەر ئاماژەی نازمانییە لەڕوانگەی زانستی زمانەوە، هەڵبەتە جێگەی گرنگی و بایەخی پسپۆڕانی ئەم بوارەیە لەبەرئەوەی زمان یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی مرۆڤ، کە لە دروستکراوەکانی تری جیادەکاتەوە. بۆیە زمان لەمرۆڤ جیا نابێتەوە و زمان هۆکارێکە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگا. ئەمەش وایکردووە هەمیشە جێگەی تێڕامانی شارەزایان بێت. محمد مەعروف فتاح دەڵێت: ((زمان هۆیەکی ناغەریزەییە تایبەتە بەمرۆڤەوە بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت. بەهۆی ڕەمزەوە لەسەر یاسا ڕۆیشتووە. کاردەکات و لە ژێردەسەڵاتی مرۆڤدایە)) (فتاح، ٢٠١١: ١١). لەم پێناسەیەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە دەربڕینی هەست و ئارەزووی ناخی مرۆڤ هەموو کاتێک بە زمان دەرنابڕدرێت و لە هەندێک باردا ئاماژەی نازمانی تەواوکەر و جێگرەوەی زمانە.

مرۆڤ دەتوانێت بەڕێگەی تریش پەیوەندی بکات، بۆ نموونە مرۆڤەکان دەتوانن چاو لە یەکتری دابگرن، یاخود بای بای لە یەکتری بکەن، ئەمە پێی دەگوترێت پەیوەندیکردنی ناگوتەیی، بۆیە ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە زانیاری زیاتر لەبارەی سیماکانی کەسەکەوە بەدەستەوە دەدەن)) (عەبدول کەریم، ٢٠٠٧: ١٥٧). ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە لە زۆر باردا کاریگەری زیاتر و بەهێزترە بەراورد بە بەکارهێنانی زمان، چونکە یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی زمان بریتییە لە پەیوەندیکردن((سەرچاوەی هەموو ئەرکەکانی دی زمانە، گەر بێت و لەئەرکە جیاجیاکانی زمان ورد بینەوە، دەبینین پەیوەندیکردن هاوبەشی هەموو ئەرکەکانی ترە و زمانیش ڕۆڵی باڵای تێدا دەگێڕێت)) (عەلی،٢٠٠٥، ٦٣) لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا.

ئاماژە نازمانییەکان هاوکاری زمان بۆئەوەی کردەی پەیوەندیکردن بەهێزتر بێت، وەک زانای ئەمریکی (ئەلبێرت میهرابین) لەدوای لێکۆڵینەوەیەکی زانستی گەیشت بەو ئەنجامەی کە ((مرۆڤ لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا لە سەدا (٧%) بەوشەو لە سەدا (٣٨%) بە ئاوازی دەنگ و لە سەدا (٥٥%) بە ئاماژەی نازمانی ئەنجام دەدات)) (ئالن بیز،٢٠١٤: ٧). لەبەرئەوە گرنگی و کاریگەری ئاماژەی نازمانی لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا زۆر کاریگەرتر و بەهێزە لەسەر گەیاندنی پەیام بە کەسانی تر. هەربۆیە دیڤیتۆ (شەش) حاڵەت دیاری دەکات، کە تیایدا ئاماژە نازمانییەکان لەگەڵ

ئاماژە زمانەیەکان بەکاردەهێنرێن، کە ئەوانیش ((جەختکردنەوە، تەواوکردن، پێچەوانەیی، ڕێکخستنەوە، دووبارەکردنەوە، جێگرتنەوە)) (عەبدول کەریم، ٢٠٠٧: ١٦٠). لەبەرئەم هۆکارانە ئاماژەی نازمانی گرنگ بووە بۆ شارەزایانی بواری زمان، کە ناتوانن فەرامۆشی بکەن.

لێرەدا ئەو پرسیارە دروستدەبێت گەر مرۆڤ بتوانێت هەموو شتێکی بە زمان دەرببڕێت ئەی بۆچی ئاماژەی نازمانی بەکاردەهێنێت؟ وەڵامەکە ئەوەیە کە ئاماژە نازمانییەکان لە هەندێک باردا توانای گەیاندنیان خێراترە لە چاو زماندا لە هەندێک باری تردا تەواوکەری دەبڕاوی زمانین و جاری واش هەیە دژی دەربڕاوە زمانییەکانن، کەواتە هەمیشە گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە جەختکردنەوەو ڕوونکردنەوە و گەیاندنی پەیام بۆ بەرانبەر، چونکە((ئاماژە نازمانییەکان چەندین واتای جیاواز دەبەخشن، بەشدارێکی سەرەکی ئاخاوتنی ڕۆژانەی مرۆڤ دەکەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، کەیەکێکە لە نیشانەی کارامەیی و زیرەکی مرۆڤ)) (حەمە، ٢٠١٩: ٦). ئەگەرچی ئاماژەی نازمانی بە زمان لەقەڵەم نادرێت.لەبەرئەوەی سەرجەم ئەو بنەما و تایبەتمەندییانەی گە لەزماندا هەیە لە ئاماژەی نازمانیدا بەدی ناکرێت، وەک (وشە، دەنگ، ڕستە)، بەڵام خاوەنی کۆمەڵێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانە. لەگەڵ زماندا بەشداری پڕۆسەی پەیوەندیکردن دەکات. مرۆڤەکان هەیشە بەشوێن نوێگەریدا دەگەڕێن و بەردەوام لەهەوڵدان و بەرەو پێشچووندان. هەربۆیە زۆرجار مرۆڤ ناتوانێت ئەو هەست و سۆزەی کە لەناخیدایە بە زمان گوزارشتی لێبکات و لەم حاڵەتەدا بە ئاماژەی نازمانی دەری دەبڕێت. پەیامەکەی خۆی دەگەیەنێت.

ئەوە ڕوونە کە زمان گرنگترین ئامرازی پڕۆسەی پەیوەندیکردنی نێوان مرۆڤە. بێ زمان ئەم پڕۆسەیە سەرکەوتوو نابێت. جا ئەوە بەهۆی زمانەوە بێت یاخود ئاماژە نازمانییەکان، هەرچەندە وەک زمان مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت، بەڵام وەک زمان خاوەنی کۆمەڵێک بەهای تایبەتن، کە لە هەندێک باردا دەکەونە پێش زمان و کاریگەری بەهێزی لەسەر پڕۆسەکە دەبێت. وەک زمان دەتوانن پەیامەکە بگەیەنن و کاریگەرتری بکەن.

### ١-٤-٢: ئاماژەی نازمانی لە ڕوانگەی زانستی دەروونناسییەوە:

زانستی دەروونناسی کار لەسەر ڕوونکردنەوەی ژیانی مرۆڤ دەکات. بنەڕەتی ئەم زانستە بۆ تێگەیشتنە لە دەروونی مرۆڤەکان، وەک هەست و هەڵچوونەکانی و حەز و ئارەزوەکانی، یاخود ویست و ئاواتەکانی. ئەم زانستە بڕوای وایە مرۆڤ ڕەفتارەکانی ڕەنگدانەوەی هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و بەرکەوتنەکانێتی لەگەڵ کاردانەوەی دەروون و ناخی خۆیدا.((زانستی دەروونناسی

ئەو زانستەیە کە لە ڕەفتار و گفتار و هەڵسوکەوت و مامەڵەی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە. کە لە ئەنجامی پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەری بەدیدەکرێت)) (الهنداوی، ٢٠١١: ٢٠). دیارە مەبەست لە ڕەفتارو هەڵسوکەوت سەرجەم جوڵە و ئاماژە نازمانییەکان دەگرێتەوە. شارەزایانی زانستی دەروونناسی بەگرنگییەوە لە ئاماژە نازمانییەکان دەڕوانن. بێگومان جوڵە و ئاماژە نازمانییەکان دەرخەری پەیامێکن کە لە دڵ و دەروونی مرۆڤدایە. زۆربەی هەڵچوونەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی ڕوخسارییەوە گوزارشتی لێ دەکرێت. دەبن بە پەیامێک و بەرانبەر خوێندنەوەیان بۆ دەکات.

بنەمایەکی گرنگی ئاماژەی نازمانی بۆ شارەزایانی بواری زانستی دەرونناسی بریتییە لە خوێندنەوەی تاک لە هەریەک لە لایەنەکانی کەسێتی و جەستەیی و ئەقڵی و هەڵچوون و ڕەفتارەکانی. بۆیە زانستی دەروونناسی ((گرنگی بە ڕەفتاری تاک دەدات لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا، واتە لە میانەی ئەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتیانەی کە تیایدایە و لەگەڵیدا کارلێک دەکات)) (معایته، ٢٠١٣: ٩-١٠). زۆرجار لە ڕێگەی ئاماژە نازمانییەکان تاک هەوڵی ڕازیبوونی یاخود هەڵخەڵەتاندنی بەرانبەر دەدات. بە تایبەتی ئاماژەکانی ڕوخسار و چاو لە کاتی گفتوگۆکردندا ڕۆڵی گرنک دەگێڕن بۆ شاردنەوە یاخود ئاشکراکردنی پەیامەکان لەبەرئەوەش هەمیشە جێگەی سەرنجی شارەزایانی دەروونناسین.((پەیوەندییە نازارەکیەکان بەشێکن لە ژیانی ڕۆژانە، کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییە تاکە کەسییەکان هەیە. بۆیە ئەوشتانەی کە بە ئاماژەی نازمانی گوزارشتی لێ دەکرێت زۆرجار لە ژێر جڵەوی ئەقڵدا دەردەچێت و ڕاستەوخۆ مەبەستە شاراوەکانی ناخ ئاشکرا دەکەن)) (کاگنیی، ٢٠٢٠: ٧-١٢).

ئاماژە نازمانییەکان هەمیشە لە ڕوانگەی زانستی دەرونناسییەوە زۆر بەگرنگ تەماشا دەکرێن و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، لەبەرئەوەی دەبنە هێما و نیشانەیەک بۆ دەرخستنی جۆری کەسایەتی تاک. بۆ نموونە (چاو زەقکردنەوە) ئاماژەی سەرسوڕمانە و زۆرجاریش هەڕەشەیە و ترس دەخاتە دڵی بەرانبەرەوە (لۆچکردنی ناوچەوان) ئاماژەی توڕەبوون و بێزارییە (پێکەنین) ئاماژەی دڵخۆشییە. مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. پەیوەندیکردن بەشێکی گرنگی ژیانی پێکدەهێنێت لەگەڵ ئەوەشدا زاناکان بۆیان دەرکەوتووە پەیوەندیکردن لە جیهانی ئاژەڵانیشدا هەیە بە تایبەتی لە جیهانی هەنگ و مێروو، مرۆڤەکان هەڵگری کەسایەتی وڕەفتاری تایبەت بەخۆیانن. بۆیە سەرجەم ڕەفتارەکانی هەڵچونەکانی ڕەنگدانەوەی دەروون و ناخ و چۆنییەتی بیرکردنەوەین. دەبێت بەوریاییەوە ئەنجامیان بدات. ئەمەش هۆکارێک بووە، کە ئاماژە نازمانییەکان زیاتر جێگای بایەخ و گرنگی زانستی دەرونناسی بن.

### ١-٤-٣: ئاماژەی نازمانی لەڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە پێویستییە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤن. چالاکییەکی گرنگی ڕۆژانەی مرۆڤن، تایبەتمەندی کەسانی سەرکەوتوو ئەوەیە کە بەتوانایە لە بەکارهێنانی ئاماژەی زمانی و نازمانی لە پڕۆسەی پەیوەندیکردن. مرۆڤ لە کۆمەڵگادا بەردەوام لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدایە لەگەڵ کەسانی دەرورووبەر. هەڵبەت ئاماژەی نازمانی یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی ئەم پڕۆسەیە لەگەڵ زماندا، هەر تاکێک لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەئاگایی بێت یاخود بێ ئاگایی ئاماژەی نازمانی بەکاردەهێنێت. لەبەرئەوە چۆنییەتی ئاکار و ڕەوشتمان لەگەڵ سەرجەم ئەو هەڵسوکەوتانەی کە بە جەستەمان دەینوێنین ڕەنگدانەوەی کەسێتیمانە و پێویستە بەوریاییەوە ئەنجامی بدەین، چونکە هۆکارگەلێکی گرنگن لە دیاریکردنی کەسایەتی مرۆڤدا.

ئەم زانستە وەکو لقێکی سەربەخۆی زانستی زمان ڕێچکەی خۆی گرتووە، کە بریتییە لە((لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان کۆمەڵ و زمان. واتە دەیەوێت بزانێت چ پەیوەندییەک لە نێوان کۆمەڵ و زماندا هەیە. بیدۆزێتەوە و شیکردنەوەی وردی بۆ بکات. تا لە ڕێگەیەوە بە نهێنییەکانی زمان و کۆمەڵ بگات)) (ئەحمەد،٢٠١٠: ژ١٧٠). لێرەوە ئەوە ڕوووندەبێتەوە، کە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی بە تەنیا کار لەسەر خودی ئاخاوتن ناکات، بەڵکو ئاماژە نازمانییەکانیش جێگەی گرنگی و بایەخی شارەزایانی ئەم بوارە بوون، بۆیە مرۆڤ بەهۆی زمانەوە دەتوانێت لە کۆمەڵدا بژی و بمێنێتەوە، شارازایانی بواری زانستی زمانی کۆمەڵایەتی دەڵێن: ((زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە زیاتر لەوەی هۆیەک بێت بۆ هەست دەربڕین و زانیاری گەیاندن، کە لە زۆربازردا زمان بۆ گەیاندنی زانیاری و هەواڵ بەکارنایات، بەڵکو بۆ ڕازیکردنی بەرانبەر بەکاردێت، زمان لە پاڵ ئەرکی گرنگی خۆی دەکرێت هەریەک لە ئەرکەکانی چەسپاندن و خۆبردنە پێشەوە و جێخۆشکردن و شوێنگرتنەوە ببینێت)) (حسێن و میرزا، ٢٠١٠: ١٣٨). ئاماژە نازمانییەکان لە هەریەک لەو ئەرکانەدا گرنگی خۆی هەیە، بۆ نموونە لەگەڵ دەربڕینی (بەڕێزم چۆنی) بە ئاماژەی نازمانی تەوقەدەکەین، یاخود مەودای نێوانمان لەگەڵ کەسی بەرانبەر نزیک دەکەینەوە یاخود بزە دەکەین، بەمە زیاتر خۆمان لەکەسی بەرانبەر نزیک دەکەینەوە و هەوڵی ڕازیکردنی دەدەن بۆ کارێک.

ئەم زانستە هەرچەندە پەیوەندی بە ئاماژەی زمانی و نازمانییەوە هەیە، بەڵام زیاتر گرنگی بە ئاماژەی نازمانی دەدات، چونکە بەکارهێنانی ئاماژەی نازمانی لە کاتی قسەکردندا زیاتر جێگەی سەرنجی بەرانبەرە، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری واتای پەیامەکان لە ئاماژە جەستەییەکاندا دەردەکەون وکاریگەری زیاتر دروست دەکەن. ئەم زانستە شیکردنەوە بۆ ئاماژە نازمانییەکان

دەکات.((کۆدە نازمانییەکان دەتوانن تەواوکەری زمان بن، یاخود بەتەنیا هەڵگری پەیام بن هەریەک لە جوڵەکانی سەرو ئاماژەکانی چاو و ڕوخسار و جوڵەی دەست و پێ و چۆنییەتی دانیشتن و ڕاوەستان بریتین لە ئاماژە نازمانییەکان)) (جیهانگیر، ١٣٧٨: ٣٢-٣٧) لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەمیشە بە ئاگایی بێت، یاخود بێ ئاگایی جوڵە و ئاماژەکان لەگەڵ ئاخاوتندا بەکار دەهێترێن وئاماژە نازمانییەکان هۆکارێکی زۆر گرنگن بۆدەرخستنی بارودۆخی قسەکەر و شێوازی قسەکردنی تاک، چونکە زۆرجار ئەوەی تاک لە ناخیدایە و نایدرکێنیت بە زمان، ئاماژەیەکی جەستەیی دەبێتە هۆی درکاندنی یاخود ئەوەی زمان ناتوانێت پڕاو پڕ گوزارشتی لێبکات، ئاماژەکان دەبنە هۆی گەیاندنی بەشێوازێکی بەهێزتر. لایەنی بەهێزی و لاوازی تاک خاڵێکی گرنگی کارکردنی ئەم زانستەیە. تاکی بەهێز لە پڕۆسەی پەیوەندیکردندا بەوە دروستدەبێت کە گونجاندنێکی بەهێز دروستبکات لە نێوان وتراوەکانی و ئاماژە نازمانییەکانی دەبێت کارێک بکات ئاماژە نازمانییەکانی بکاتە خزمەتی دەربڕاوەکانی، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر بەرانبەر دروستبکات. سەرنجی دەرورووبەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. سەرکەوتووانە پڕۆسەکە بەکۆتابهێنێت.

کەواتە زمان و مرۆڤ دوانەیەکی لێکدانەبڕاون و بەردەوام تاک لە پڕۆسەی پەیوەندیکردندایە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، ئەم پڕۆسەیەش بارودۆخ و ژینگەی گونجاوی پێویستە. ئاماژە نازمانییەکانیش هەمیشە بەشدارێکی سەرەکی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانن. دەچنە سنووری کارکردنی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی. ڕەهەندێکی گرنگی پڕۆسەی پەیوەندیکردن پێکدەهێنن. ڕەنگدانەوەی لەسەر بارودۆخ و دەرونی تاک هەیە. لە هەندێک حاڵەتدا کاریگەری ئاماژەی نازمانی زیاترە لە زمانی قسەکردن.

**١-٤-٤: ئاماژەی نازمانی لە ڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە**

پەیوەندی ئاین بە مرۆڤایەتیەوە پەیوەندییەکی قوڵ و دانەبڕاوە. بەو پێیەی ئاین هەڵقوڵاوی کۆمەڵگایە. مرۆڤەکان بۆ ڕێکخستنی ژیانیان وەکو بنەمایەکی گرنگ پەیڕەوی دەکەن. سەرجەم دەقەکانی ئاینی ئیسلام مرۆڤ بەرەو ئاسوودەیی و یەکسانی دەبەن. قورئانی پیرۆز وەک کۆتا ئاینی ئاسمانی کە بۆ مرۆڤایەتی دابەزیوە لە زۆرێک لە دەقەکاندا لە پاڵ ئەو زمانەی کە پێی نوسراوە ئاماژە نازمانییەکان بەدی دەکرێت و زۆر گرنگی پێ دراوە. وەکو نیشانە و هێمایەک بۆ گوزارشتکردن لە بارودۆخێک. ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی چەندین توێژینەوەی ئەکادیمی لەسەر خوێندنەوەی قورئان لە ڕوانگەی ئاماژە نازمانییەکانەوە بکرێت و گرنگی و بەهای بخرێتەڕوو.

خودای گەورە لە چەندین سورەتی قورئاندا بە ئاماژەی نازمانی گوزارشتی لە بارودۆخی کەسێک یاخود کۆمەڵگایەک کردووە. لە(سورەتی الفتح، ٢٩) سەبارەت بەندە گوێرایەڵەکانی دەفەرموێت: ((سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِمْ مِنْ أَثَرِ السُّجُود)). واتە: ((نیشانەی چاکی و پاکیان لە ناوچەوانیان دیارە و دەدرەوشێتەوە لەئەنجامی سوجدەبردن و خودا پەرستیان)). (ئەمین،٢٠١٦: ١٠٣٠) لەم ئایەتەدا خودای گەورە بۆ وەسفکردنی ئەو کەسانەی دەیپەرستن و ئاماژەی ڕوخساری بەکارهێناوە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە چەندە ڕوخسار گرنگە و هۆکاری دەرکەوتنی ناخ و دەرونە، یاخود لە سورەتی (عبس) خودای گەورە باسی ڕووداوێکمان بۆ دەکات کە بەسەر (محمد)(د.خ) هاتووە و خودای گەورە زۆر پێی نیگەران بووە کەدەفەرموێت: ((عَبَسَ وَتَوَلَّى أَنْ جَاءَهُ الْأَعْمَى)) (عبس، ١-٢) ((ڕووی گرژکرد ڕووی وەرگێڕا مەبەست پێغەمبەرە (د.خ)کاتێک کە (عبداللەی کوڕی ئوم مکتوب)کە ئیمانداریکی نابینابوو هات بۆخزمەتی. ئەویش هەندێک لەسەرانی قوڕەیشی کۆکردبۆیەوە بە ئومێدی هیدایەتیات، عبدالله وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، خودا چی فێرکردویت منیش فێربکە پێغەمبەریش پێی ناخۆش بوو کە قسەکانی پێدەبڕێت، لەبەرئەوە ڕووی گرژکرد یاخود پشتی تێکرد)) (ئەمین ،٢٠١٦: ١١٧٠) کە ئەمەش نیشانەی پێ ناخۆش بوون و ناڕەحەت بوونە، خودای میهرەبان بەگەورەیی خۆی ئەو دیمەنەی پێ ناخۆش بوو. لەمەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ئاماژە نازمانییەکان هیچیان کەمتر نییە لە دەربڕاوە زمانییەکان و هەمان قورسی و کاریگەرییان هەیە لەسەر بەرانبەر بە خۆشی بێت یاخود ناخۆشی. مرۆڤ پێویستە بەوریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و بەکاریان بهێنێت. لە هەمان کاتدا پێویستە بزانین لە چ بارودۆخێکدا ئاماژەی نازمانی بەکار دەهێنین و پەیامەکە کاریگەرتر دەکات.

لە ئایەتێکی تردا پێغەمبەر زەکەریا داوای نیشانەیەک لە پەروەردگار دەکات بۆ ئەوەی بزانێت، کە خێزانی دووگیانە، خودای گەورەش لە سورەتی (ال لعمران،٤١)دا دەفەرموێت: ((قَالَ رَبِّ اجْعَلْ لِي آيَةً ۖ قَالَ آيَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا)) ((پێغەمبەر زەکەریا بە پەروەردگاری فەرموو نیشانەیەکم بۆ دیاربکە، تاوەکو دڵنیابم کە خێزانم سکی هەیە. خودای گەورە فەرمووی نیشانەکەت ئەوەیە کە توانای قسەکردنت تا سێ ڕۆژ لەگەڵ خەڵکیدا نامنێنێت. زمانت دەبەسترێت مەگەر بەئیشارەت و ئاماژە نەبێت)) (ئەمین، ٢٠١٦: ١١٠) لەم دەقەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە لە زۆر باردا ئاماژە نازمانییەکان دەبنە جێگرەوەی زمان و هەمان ڕۆڵی زمان دەبینن، کە ئەمەش لەو بارودۆخانەی نەتوانیت قسە بکەیت، یاخود هەر توانای قسەکردنت نەبێت.

جگە لەوەی ئاماژە نازمانییەکان بەزۆری هاوبەشی دەربڕاوە زمانییەکانن بۆ گەیاندنی پەیام بە گوێگر.

لە سورەتی (المائده، ٨٣) خودا وەسفی چاومان بۆدەکات و دەفەرموێت: ((وَإِذَا سَمِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَى الرَّسُولِ تَرَىٰ أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُوا مِنَ الْحَقِّ ۖ يَقُولُونَ رَبَّنَا آمَنَّا فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ)) خودای میهرەبان دەفەرموێت ((ئەوانەی کە بەشوێن ڕاستیدا دەگەڕێن هەرکاتێک گوێیان لە قورئان دەبێت چاوەکانیان ئەسرینی خۆشی هەڵدەڕێژێت بەهۆی ئەو حەق و ڕاستییەی کە دەیانناسی)) (ئەمین ،٢٠١٦: ٢٤٤). بۆیە زۆرێک لە دەربڕینی هەستەکانی ناخی مرۆڤ بە زمان ناوترێت و ئاماژە نازمانییەکان دەتوانن گوزارشتی لێبکەن. هەمیشە گریان ئاماژەی ناخۆشی نییە و دەکرێت مرۆڤ حاڵەتی خۆشیش بە گریان دەرببڕێت. ئەمە چەند نموونەیەکی کەم بوو لەسەر گرنگی و بایەخی ئاماژەی نازمانی لە قورئاندا.

ئاماژە نازمانییەکان گرنگی و بەهای تایبەتیان هەیە لە قورئانی پیرۆزدا، قورئان زۆر بە وردی و بەقوڵی مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، پێویستە ئاگاداری شێوازی و حاڵەتی بەکارهێنانیان بین، چونکە پەیامی ئاماژەی نازمانی زۆر کورت و خێرایە و زوو کاردانەوەی لەسەر بەرانبەر دەبێت، بەهێندەی بزاوتن و قسەکردن کاریگەری لەسەر بەرانبەر هەیە و دەبێت بەوریاییەوە بەکاریانبهێنین، ئەوەش خراوەتە ڕوو، کە ئاماژە نازمانییەکان سەرەڕای بەشداریکردن و هاوبەشیکردنیان لەگەڵ ئاخاوتندا، دەتوانێت لە زۆر حاڵەتدا ببێتە جێگرەوەی ئاخاوتن لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا.

# بەشی دووەم

## ئیستاتیکای ئاماژە جەستەییەکان لە دەقە شیعرییەکانی (ع.ح.ب) و جەمال شاربازێڕیدا)

### ٢-١-١: ئیستاتیکای ئاماژەکانی ڕوخسار

### ٢-١-٢: ئیستاتیکای ئاماژەکانی جەستە

### ٢-١-٣: ئیستاتیکای ئاماژە ئیرۆتیکییەکان

## بەشی دووەم

### ئیستاتیکی ئاماژە جەستەییەکان:

ئاماژە جەستەییەکان بەشێکی گرنگی ئاماژەی نازمانیین، کەپانتاییەکی فراوانی لە ژیانی مرۆڤدا داگیرکردووە. لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا ئاماژە نازمانییەکان ڕۆڵ و گرنگ و کاریگەیان هەیە، نەک بە تەنیا لە ئاخاوتن، بەڵکو لە نووسینیشدا ڕەنگیداوەتەوە و لەچەند ڕەهەندێکی جیاواز و فراوان پێکدێت، یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی ئاماژەی نازمانی بریتییە لە جەستە، کە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ دەگرێتەوە و بە ڕێژەی جیاواز لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا بەشدارن. جووڵە و ئاماژەکانی ڕوخسار بە گشتی لە کاتی ئاخاوتندا دەبن بە تەواوکەری دەربڕینەکان و لە هەندێک باردا جێگەی دەربڕینەکانیش دەگرنەوە. پێوستە ئەوە ڕوون بێت کە ئاماژە نازمانییەکان هەمان گرنگیان لە نووسین و دەقی شیعریدا هەیە، بەتەنیا پەیوەست نین بە پرۆسەی پەیوەندیکردن و ئاخاوتنەوە، بەڵکو پەیوەستن بە نووسینیشەوە، شاعیریش وەکو هەر تاکێکی کومەڵگاکەی کاریگەری ئاماژە نازمانەییەکانی لەسەرە، لە قۆناغی پەیوەندیکردنەوە دەیگوازێتەوە بۆ قۆناغی نووسین کە شیعرە، چونک دواجار هەر ئاماژەیەکی ڕوخسار شاعیر بیەوێت لە دەقی شیعری گوزارشتی لێ بکات بە ئاماژەی نازمانی هەژمار دەکرێت و پەیامێکی نازمانییە و بە نووسین دەردەبڕدرێت.

چۆن زمان بنەمایەکی گرنگی داڕشتنی بیری شاعیرە بۆ شیعر، بەهەمان شێواز ئاماژەکانی ڕوخسار بەشێکی گرنگی ئەو داڕشتنە پێکدەهێنن، بۆیە ئەرکی شاعیر قورسترە، چونکە هەریەکێک لەو ئاماژانە لە قۆناغی ئاخاوتنەوە دەگوزاێتەوە بۆ قۆناغی نووسین کە شیعرە، دەقە شیعرییەکانی هەردوو شاعیر زیاتر ئەمە ڕوون دەکەنەوە، بۆ نموونە شاعیر زۆرجار تەنیا لە ڕێگەی ئاماژەیەکی چاوی بەرانبەرەوە پەیامەکەی پێگەیشتووە، بەبێ ئەوەی هیچ دەربڕاوێک لە دەم دەربچێت، کە ئەمە بۆخۆی گرنگی و ڕەنگدانەوەی ئاماژەی نازمانییە لە شیعردا، لەبەرئەوە دواجار شاعیر ئەم پەیامە نازمانییەی بە زمانی نووسین دەربڕیوە. هەروەها سەبارەت بە گرنگی ئاماژە نازمانییەکان لە ئاخاوتندا دەوترێت: ((جوڵە جەستەییەکان بەشێکن لە پێکهاتەی قسەکردن، دەتوانرێت بوترێت هیچ قسەکەرێک لێی بێبەش نییە، زۆرجار بە شێوەیەکی بێ ئاگا بەکاردێت، بەئاسانی ناناسرێتەوە و دەربڕینەکانی زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکن، ئەم شێوازە زۆر گرنگە بۆ پەیوەندی نێوان تاکەکان.)) (شێخانی،٢٠٠٧: ١٣٦). جووڵە و ئاماژە جەستەییەکان پەیوەستن بە هەموو تەمەنێکی مرۆڤەوە،

منداڵ هەر لە تەمەنی شیرەخۆرەییدا کۆمەڵێک ئاماژەی جەستەیی دەنوێنێت، بۆ ئەوەی بەرانبەر لێی تێبگات.

بارودۆخی ڕوخسار و چۆنیەتیی جووڵەی ئەندامانی جەستە زۆرترین پەیام دەگوازنەوە، هەروەک دەوترێت: ((جوڵە و ڕەفتارەکان بە دەنگێکی بەرزتر لە وشەکان قسەدەکەن.)) (کانک، ٢٠٢١: ١٢). زۆرجار جووڵە و ئاماژەکانی جەستە کاریگەرییان لە قسە زیاترە، چونکە ((ئاماژە جەستەییەکان زۆرترین زانیاریت پێدەبەخشن، لە هەندێک دۆخدا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر تەنها پێویستت بە چەند وشەیەکە، بە گشتی دەربڕینەکانی (قبوڵکردن، هاوکاریکردن، سووکایەتی پێکردن)، بەبێ دەرچوونی هیچ وشەیەک لە دەمەوە ئاماژە جەستەییەکان دەتوانن پەیامەکە بگوازنەوە.)) (کانک، ٢٠٢١: ١٦). بەشێوەیکی گشتی زۆرجار تەنها بە تەماشاکردنی کەسی بەرانبەر زۆر زانیاری وەردەگریت، یاخود بە جووڵە و ئاماژەکانی ڕوخساری زانیاریی زیاترمان دەستدەکەوێت.

ئاماژە جەستەییەکان مەودایەکی فراوان لەخۆ دەگرن و بۆ سێ جۆر دابەشدەبن، کە بریتین لە:

**١. ئیستاتیکای ئاماژەکانی ڕوخسار.**

**٢. ئیستاتیکای ئاماژەکانی جەستە.**

**٣. ئیستاتیکای ئاماژە ئیرۆتیکییەکان.**

ئەم جۆرە دابەشکردنەش تەنیا بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنی زیاترە لەسەر ئەندامەکانی جەستە، چونکە هەریەکەیان هەڵگری پەیامی نازمانیی جیاوازن.

**٢-١-١: ئیستاتیکای ئاماژەکانی ڕوخسار:**

کاریگەرترین ئاماژەی جەستەیی لە مرۆڤدا بریتییە لە ڕوخسار بە گشتی، کە مەبەست لە ڕوخسار هەریەک لە "چاو، برۆ، لێو، ڕوومەت، برژانگ، لوت، ڕیش و سمێڵ" لەخۆدەگرێت. هەروەها شوێنی دەربڕینی پەیامی زارەکییە لە ڕێگەی دەمەوە، هەر بۆیە مەرجی سەرەکی لە پرۆسەی پەیوەندییەکی سەرکەوتوودا تەماشاکردنی ڕوخساری بەرانبەرە لە کاتی گفتوگۆکردندا. لەبەرئەوەی ((هەموو کات وشەکان ناتگەیەنن بەوەی دەتەوێت. لە جێگەی ئەمە ڕوخسار دەتوانێت ببێتە بەشێکی گرنگ لە گەیاندنی پەیامەکە، بەکارهێنانی ئاماژەکانی لێو و برۆ و چاو و ڕوومەت دەتوانن کۆمەڵێکی فراوان لە دۆخی ڕوخسار دروست بکەن بە زیاتر لە (٤٤) ماسولکە لە تەواوی ڕوخساردا، هەربۆیە دەربارەی هەرشتێک کە دەخوازین دۆخی ڕوخسار دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە پێدانی زانیاری یاخود گەیاندنی زانیاری.)) (کانک، ٢٠٢١: ٨٧).

### أ. ئاماژەکانی ڕوو- دەموچاو:

ڕوخساری مرۆڤ دەتوانێت گوزارشت لە چەندین مەبەست و مانای شاراوە بکات بە پێی بارودۆخی جیاواز، کە پێویستی بە سەرنجدان و تێڕامانی ورد هەیە، لەبەرئەوەی ((ڕوخسار ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دەرخستنی باری دەروونی قسەکەر بە تایبەتی لە کاتی هەڵچونەکانی، وەکو توڕەبوون و ڕووگرژکردن و پێکەنین. لەبەرئەوە ئاماژەکانی ڕوخسار و جوڵە جەستەییەکان کاریگەرییان لەسەر گوێگر و گەیاندنی واتا هەیە.)) (عەبدول حەمید، ٢٠٠٦: ٥٢). ڕوخسار بە چالاکترین ئەندامی جەستەی مرۆڤ دەژمێردرێت و ((زۆربەی هەستەکانی مرۆڤ لەسەر ڕوخسار ڕەنگدانەوەیان دەبێت، کە ڕەنگدانەوەی ناخی تاکە بەبێ ئەوەی زمان بەکاربهێنێت، جگە لە هەستەکان هەر جوڵەیەکیش لە ئەندامەکانی ڕوخسار واتای تایبەتی هەیە.)) (سالح، ٢٠٢٠: ٥٧٤).

ئاماژەکانی ڕوخسار سەرنجی ئەدیبانیان ڕاکێشاوە، جێگەی گرنگی و بایەخیان بوونە، لەبەرئەوەی هەڵگری هەریەک لە ئاماژەکانی "خۆشەویستی، گەشبینی، پاشگەزبوونەوە، بێهیوایی، ملکەچبوون، ترس، توڕەبوون، نەخۆشی و شەڕانگێزی"ن. پەیامە جۆراوجۆرەکانی ڕوخسار وایکردووە کە نەک بەتەنیا لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی ژیانی ڕۆژانەدا، بەڵکو کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لە دەقی شیعرییشدا زۆر بەڕوونی هەستی پێ بکرێت.

بۆ نموونە جەمال شارباژێڕی لە شیعری "پاکیژە"دا دەڵێت:

**"گەر بڵێم تۆم خۆش دەوێ**

**لەوانەیە ڕووت گرژ کەیت**

**ئەڵقەکەتم نیشان بدەیت**

**مانای خاوەنی خۆت هەیە!"**(جەمال، بەرگی ٢: ٧٥).

شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا دەقێکی شیعریی ڕازاوە و پڕ لە جوانیمان لە ڕێگەی ئاماژەی ڕوخسارەوە بۆ دروستدەکات، تەنیا بە تەماشاکردنی ڕوخساری یار کاریگەریی وەڵامەکە دەردەکەوێت کە بریتییە لە ڕووگرژکردن، کە ئاماژەیە بۆ ڕازی نەبوون یاخود پێناخۆشبوون، کە ئەمە بەشێکە لە جوانی دەقەکە، شاعیر تەنیا لە ڕێگەی پەیامی نازمانی و بەبێ بەکارهێنانی زمان وەڵامی دەستکەوتووە.

شاعیر لە چیرۆکە شیعری بەناوی "تاوان"دا دەڵێت:

**ڕاستە هەیە لە ڕوخساردا، شێوە هەژار**

**بەڵام دەوڵەمەند ڕەوشتە**

**ڕەوشتی جوان مرۆڤ دەکات بە فریشتە**

**زستان دەگۆڕێت بە بەهار**(جەمال بەرگی یەک: ٤٣٦)

شاعیر هەر لە سەرەتاوە زۆر بەڕوونی لە ڕێگەی ئاماژەی ڕوخسارەوە بڕیار لەسەر کەسێک دەدات، کە چۆنە بۆیە ئەو بۆچونە تەنیا لە ڕێگەی ڕوخسارەوە پێی گەیشتووە کە کەسێکی بەڕواڵەت هەژارە، ڕوخسار دەکرێت هەڵگری پەیامی هەژاری بێت، شاعیر لە ڕێگەی هەردوو دوالیزمەی (ڕوخسار و ڕەوشت)ەوە، وێنەیەکی جوانی کێشاوە و جیاوازییەک دەکات لە نێوانیاندا بەم شێوەیەی خوارەوە.

| | |
| --- | --- |
| ڕوخسار | ڕەوشت |
| هەژاری | دەوڵەمەندی |
| زستان | بەهار |
| ڕووکەشی مرۆڤ | هەڵسوکەوت و ڕەفتارە |

لەگەڵ ئەوەشدا بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە مەرج نییە یەکسەر بە ڕوخسار هەموو خوێندنەوەیەک بۆ بەرانبەر بکەیت، بەڵکو ڕەوشت کە پەیوەستە بەناخەوە مرۆڤ جوانتر دەکات.

شاعیری ترمان "ع. ح. ب" لە دەقی "دایکت"دا باس لە کاریگەریی ڕوخسار دەکات و لەم ڕێگەیەوە دەقێکی جوانی داهێناوە، کە دەڵێت:

**دایکی دڵ وەک بەردت دینی**

**پێی ڕشتیت ژیلەمۆی قینی**

**تۆ بەڕووی شەرم و سورەوە**

**خۆت نەگرت چوویتە ژورەوە** (ع.ح.ب، ٤٤٩)

شاعیر لەڕوخساری بەرانبەردا پەیامێک دەخوێنێتەوە کە بریتییە لەشەرمکردن، هەڵبەتە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ڕوو لەگەڵ ڕەنگەکانی ڕوخساردا هەیە، چونکە مرۆڤ کە شەرمیکرد ڕاستەوخۆ ڕەنگی سوور دەبێتەوە، جوانی و چێژ لەم دەقەدا لە ڕووی شەرمنی و سوردایە کە ئاماژەیە بۆ شەرمکردن و ترس و دڵەڕاوکێ، لێرەدا ئەوەی سەرنجی شاعیری ڕاکێشاوە بۆئەوەی

گوزارشتێکی جوانی دیمەنەکە بکات ڕووی بەرانبەرە، گەر ورد بینەوە دوو دژی بەیەکەوە کۆکردووەتەوە کە جوانی لێ بەرهەمهێناون ئەویش شەرمکردن و چوونە ژورەوەیە، واتە هەرچەندە شەرمیکردووە، بەڵام هەستێکی بەهێزی ناخی هۆکاری بەیەکەوە بوونی بووە نەک دابڕان و دوور کەوتنەوە.

ڕوخسار وەکوو گرنگترین ئەندامی جەستەی مرۆڤ، هەمیشە جێگەی سەرنج بووە بۆ شاعیران، لەهەریەک لە دەقە شیعرییەکانی سەرەوەدا هەڵگری هەریەک لە ئاماژەکانی (ڕازی نەبوون و شەرمنی و لەسەر خۆی و خۆشەویستی)بووە، لەبەرئەوە هەردوو شاعیر زۆر بە گرنگییەوە لە بەشێک لەدەقە شیعرییەکانیان لە ڕوخساریان ڕوانیوە، نەیانتوانیوە خۆیان لە کاریگەریی ئاماژەکانی ڕوخسار بە دوور بگرن، ئەمەش وایکردووە کە لەو دەقانەدا ببێت بە بنەمایەکی گرنگی ئیستاتیکای شیعری لە لای هەردوو شاعیر.

**ب. ئاماژەکانی چاو:**

گوزارشتکردن بە چاو یەکێکە لە گرنگترین شێوازەکانی پەیوەندیکردن بۆ گەیاندنی پەیام. چاوەکانی مرۆڤ وەک زمان گفتوگۆ دەکەن. سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ پێدانی زانیاری و دەربڕینی شتە شاراوەکانی ناخ. هەڵگری کۆمەڵێک پەیامی جیاوازن، وەکو "خۆشەویستی، ڕق و کینە، شڵەژاوی، توڕەیی، سەرسوڕمان، پێکەنین، خەواڵوو، ترس، درۆکردن..." چاو هەمیشە لەگەڵ ئەندامەکانی تری وەکو "برۆ، دەم، پێڵو، ڕوو، سەر، دەست"دا هەستە جۆراوجۆرەکان دەگوازێتەوە. هۆکارێکی گرنگە بۆ دەربڕینی ئەو ڕاستییانەی کە تاک بە دەربڕینە زمانییەکانی دەیانشارێتەوە، یان ناتوانێت بە زمان دەریببڕێت، یاخود نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگە بە دەربڕینی نادەن.

مرۆڤ زۆر بەزەحمەت دەتوانێت بەسەر ئاماژەکانی چاویدا زاڵبێت، چاوەکان ئاوێنەی دڵ و ناخن، چاوەکان ئاوێنەی ڕۆحن و ڕەنگدانەوەی بیر و هەستەکانی ناخی مرۆڤن. گوزارشتن لەو دۆخەی کە مرۆڤ تێیکەوتووە. ((هێز و نیگای ڕووانینەکان بە شێوەیەکی ئەرێنی و دڵگیر بناغەی پەیوەندییەکی سەرکەوتووە، هەستی ئارامی و متمانە بەخۆبوون بە قسەکەر و گوێگر دەبەخشێت، بەرانبەر گەر فریودەر بێت لەو کاتەدا پەیوەندی چاوەکانیش هەستێکی نەرێنی لای بەرانبەر دروستدەکات.)) (کانک، ٢٠٢١: ١٠٦). چاو جیاوازە لە هەر ئەندامێکی تری جەستە، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە مێشکەوە، ئەمە جگە لەوەی بەتەنیا گوزارشت لە گەیاندنی پەیام دەکات و بنەمایەکی گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردنی زمانیشە، چونکە لە کاتی قسەکردندا بەرانبەر پێویستە تەماشای ڕوخسار و ئاماژەی چاوەکانی بکەین بۆ ئەوەی بەباشی لە پەیامەکە بگەین. هەربۆیە

دەوترێت: ((٨٧% زانیارییەکان لە ڕێگەی چاوەوە وەردەگیرێن و لە ٩% لە ڕێگەی گوێیەکان و لە ٤% لە ڕێگەی هەستەکانی دیکەوە وەردەگیرێن.)) (مامە، ٢٠٢١: ١١٠).

چاوەکان هەڵگری پەیامی جۆراوجۆرن، هەمیشە سەرنجی ئەدیبانیان ڕاکێشاوە، چونکە ڕەنگدانەوەی هەریەک لە گوزارشتەکانی "چاوداگرتن، سەیرکردن بە نازەوە، چاوسوورکردنەوە، چاوشۆڕکردن، چاو بەفرمێسک، چاوداخستن، چاومەست، چاوخومار، ، چاوپیس..." لە چاودا بەدیدەکرێت، کە بەدرێژایی مێژوو هەوێنی دەقی شیعریی پڕ لە ئیستاتیکی بوونە. هەمیشە ئەدیب لە ڕێگەی ئاماژەکانی چاوەوە هەستەکانی خۆی بۆ بەرانبەر دەربڕیوە، یان هەستە شاراوەکانی ناخی بەرانبەری درکپێکردووە.

جەمال شارباژێڕی لە دەقێک بۆ "پێشەوا"دا لە ڕێگەی ئاماژەی چاوەوە وێنەیەکی پڕ لەتراژیدی کاتی لەسێدارەدانی قازی محمد دەخوڵقێنێت و دەڵێت:

**کۆرپەی ژیان**

**لەدایکی شیرین تۆراوە**

**چاوی گریان بەجارێ سور هەڵگەڕاوە**

**دڵۆپی خوێن تیا تێزاوە**

**قەتیس ماوە**(جەمال بەرگی یەک: ١١٤)

شاعیر لە ڕێگەی ئاماژەی چاوەوە گوزارشت لە دیمەنی پڕ لە تراژیدی لە سێدارەدانی قازی محمد دەکات و شاعیر تەنیا لە ڕێگەی چاوەوە گوزارشتی لەو دیمەنە پڕ لە ئێش و ئازارە کردووە، لەبەرئەوە چاو ڕۆڵێکی گرنگ گێڕاوە، بە تایبەتی لە دیمەنی تراژیدیدا چاو بە چەند شێوازێکی جیاواز دەتوانێت گوزارشت بکات، کە شاعیر بە شێوازێکی پلەبەندی ڕیزیان دەکات، کە ئەمەش جوانی بە دەقەکە بەخشیوە، بەم شێوازەی خوارەوە:

هەنگاوی یەکەم: چاوی گریان ←—— سەرەتا چاو دەست بە گریان دەکات کە ئاماژەی خەم و خەفەتە.

هەنگاوی دووەم: چاوی سورهەڵگەڕاو ←——دواتر سور هەڵدەگەڕێت کە ئاماژەیە بۆ گریانێکی زۆری پڕ لە کوڵ.

هەنگاوی سێیەم: چاوی خوێن تیا تێزاو ←——چاوی خوێن تێزاو ئاماژەیە بە بەردەوامی خەمێک کە زۆر بە سوێیە.

هەنگاوی چوارەم: چاوی قەتیس ماو ←——— لە کۆتاییدا ئیتر چاو توانای فرمێسک ڕژانی نامێنێت و یەک پارچە سوور دەبێت خوێنەکە تێیدا قەتیس دەبێت، کە ئەم حاڵەتە ئاماژەیە بۆ ئەوپەڕی (خەمباری، بێ دەسەڵاتی، شەکەتی، ماندوو بوون).

تا خەمەکە گەورە و گەورەتر بێت ئاماژەی چاویش دەگۆڕێت، کە خەمەکەش لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محمدە، بۆیە هەوڵدەدات پڕاو پڕ گوزارشت لەو هەستە پڕ لە ئێش و ئازارە بکات.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (شیعری گۆرانی)دا باسی چاومان بۆ دەکات، کە هەڵگری پەیامی خۆشەویستییە دەڵێت:

**چاوەکانت پرشنگ و مەقامێکن**

**هەمیشە پەیامێکن**

**سروە و بزەی خۆشەویستی دەنێرن**

**شەتڵە هیوای باخی هیوا دەدێرن**

**کەچی هەندێ جار خۆت لام خەمبار دەکەیت**

**سروشت لێو بەبار دەکەیت** (جەمال بەرگی ٢: ١٧١)

جەمال شارباژێڕی زۆر بەڕوونی جوانی ئەم دەقەی لە ڕێگەی پەیامی چاوەوە داڕشتووە و چاو هەڵگری پەیامی خۆشەویستییە. هۆکاری دڵخۆشی و زەردەخەن و هیوایە، لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی پەیامێکی تری جەستەیەوە نازی یار دەخاتە ڕوو، کە بریتییە لە خەمباری بەهۆی ئاماژەی لێو بەباری، پێکهاتەی جوانی دەق بریتییە لە کۆکەرەوەی دوو ئاماژەی دوالیزمی، کە بزە و خۆشەویستی لەگەڵ خەمبار و لێو بەبار. هۆکارە بۆ ئەوەی چێژی زیاتر بە دەقەکە بدات.

شاعیر "ع. ح. ب"یش سەبارەت بە پەیامە جیاوازەکانی چاو لە دەقی "ئەڕۆین"دا دەڵێت:

**"هەناسەت ئەیسوتاندم**

**چاوت لێ ئەتروکاندم**

**پێت ئەوتم دیلی تۆم**

**جارێ تۆش بروانە بۆم."** (ع. ح. ب: ١٥).

چاوداگرتن پەیامی پڕ لە سۆز و عەشق و خۆشەویستییە، عاشقبوونی یار تەنها لەم ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر شاعیر دروستکردووە، بەبێ دەربڕینی هیچ پەیامێکی زمانی، لەبەرئەوە شاعیر زۆر بەڕوونی لە ڕێگەی ئاماژەی چاوتروکانی یارەوە ئەم هەستەی لە لا دروستبووە. لایەنێکی ئیستاتیکای دەقەکە لە چاوداگرتنی یاردایە و هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی کە دڵی شاعیر زیاتر

ڕابکێشێت و بتوانیت بەدەستیبهێنێت، بۆیە یار چاوەڕوانی وەڵامی شاعیرە بە ڕوانینی چاوەکانی، کە ئەمەش جێگەی ئاواتی یارە.

بەم جۆرە دەردەکەوێت چاوەکان هەمیشە گرنگترین ئاماژەی ڕوخسارن بۆ گەیاندنی پەیام، هەروەها ئاماژە جیاوازەکانی چاو لە هەموو ئەو گوتارانەی کە ئەندامەکانی تری ڕوخسار دەیگەیەنن، کاریگەرتر و دیارترن، لەبەرئەوە هەردوو شاعیر زۆر بەگرنگییەوە ئاماژەکانی چاویان بەکارهێناوە و کردوویانە بە بنەمای دەقی پڕ لە جوانی و ئیستاتیکی.

**پ. ئاماژەکانی برۆ:**

یەکێک لە ئاماژە گرنگەکانی تری ڕوخسار بریتییە لە "برۆکان"، کە هەڵگری هەندێک پەیامی نازمانین و بەتەنیا یاخود لەگەڵ ئاخاوتندا کاریگەریی لەسەر پرۆسەی پەیوەندیکردن و گواستنەوەی پەیام هەیە. دەکرێت برۆ ئاماژە بێت بۆ هەریەک لە (خۆشەویستی، سڵاوکردن، ڕازیکردن، سەرسوڕمان، توڕەیی، وردبوونەوە... هتد، بەڵام مەرج نییە سەرجەم ئەم مەبەستانە لەناو دەقی شیعریدا بەدی بکرێت، بەڵکو شاعیر بە پێی مەبەست و وێنەی شیعرییەکەی بۆمەبەستێکی دیاریکراو بەکاریدەهێنێت، هەر جووڵەیەکی جیاوازی برۆکان هەڵگری پەیامی نازمانیی جیاوازە، وەک دەوترێت: ((بەرزکرنەوەی یەک برۆ نیشانەی وردبونەوەیە، بەرزکردنەوەی برۆکان نیشانەی قایل بوونە و نزمکردنەوەی برۆکان نیشانەی توڕەییە.)) (گرۆست، ٢٠٢٠: ٩٠)، بەڵام ئەم ئاماژانە بە پێی کلتوورە جیاوازەکان دەگۆڕێن مانا و مەبەستی جیاواز دەبەخشن، دەکرێت بڵێین برۆهەڵتەکاندن ئاماژەی ڕازیبوون و بەدەستهێنانی خۆشەویستیی بەرانبەرە، زۆرجار برۆکان لەگەڵ چاودا ڕۆڵیان گرنگتر دەبێت بۆ گەیاندنی مەبەستێک، ((برۆ جگە لەوەی بەتەنیا هەڵگری گوتاری تایبەت بەخۆیەتی، هەندێک جار لەگەڵ چاوەکاندا گوتارێکی بەهێزتر دەبەخشن، لەبەرئەوەی برۆ و چاوەکان بەیەکەوە تەواوکەری مەبەست و مانایەکی تایبەتن.)) (الکاشف، ٢٠١٥: ٥٠)، کە بەهۆی نزیکیی هەردوو ئەندامەوە لە یەکتری، وایکردووە چەندین گوزارشتی تایبەت بگەیەنێت و پەیوەندیی ئەرێنی لە نێوان مرۆڤەکاندا دروستبکات، ((بەرزکرنەوەی برۆکان تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم دەبێتە هۆکارێک زیاتر ڕووخۆش و خۆشەویست دەربکەویت.)) (کانگنی،٢٠٢٠: ٧٦)، لەبەرئەوە ئاماژەکانی برۆ هۆکاری گوزارشتکردنە لای ئەدیب، چ بۆ خۆی یاخود بەرانبەر.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی "وێنەی چەند هەڵسو کەوتێک"دا دەڵێت:

**"برژانگ و ئەبرۆ هەڵبڕین**

**بە تێڕامان و سەرنج و گلەیی**

**ووتو وێژی ڕوو بە ڕوودا**

**چوارخەتی مەیلە و پەمەیی**

**لە نێو پەڕەی نێوچەواندا**

**ڕادەکێشێت**

**وەک بیەوێت بە پێنوسی**

**تاڵە مووە باریکەکانی پەرچەمی**

**وشەکانی هاودەمەکەی تێدا بنوسێت."** (جەمال بەرگی ٢: ٤٧٣)

شاعیر لێرەدا باسی ئەو جوانییانە دەکات، کە لە ڕێگەی ئەندامەکانی ڕوخسارەوە بەرجەستە دەبن، چونکە برۆ پەیوەندی لەگەڵ چاو و برژانگ و ناوچەواندا هەیە، بەهۆی نزیکیان بەیەکەوە، لەبەرئەوە گونجانێکی جوانی لە نێوانیاندا دروستکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاڵی سەرەکی جەختکردنەوەیە لەسەر برۆهەڵتەکاندن، بنەمای ئیستاتیکی لەم دەقەدا لە ڕێگەی ئاماژەی برۆهەڵبڕینەوەیە لەگەڵ (خەتی ناوچەوان، تاڵەمووی پەرچەم). شاعیر وێنەیەکی جوانی پڕ هونەریی لە ڕێگەی لێکچواندنی "ناوچەوان بە تەختەی نووسین لۆچی ناوچەوان بە کێشانی خەت" و "تاڵی مووی پەرچەمی بە پێنووس" پێکهێناوە، بۆ ئەوەیە پەیامی برۆهەڵبڕینی یار کە مەبەستە لە گلەیی و گازندەکردن، بگەیەنن بە شاعیر. بەم جۆرە شاعیر زۆر بە جوانی چنینی لە نێوان ئاماژە جەستەییەکاندا کردووە و وێنەیەکی پڕ لە چێژ و جوانیی بەرهەمهێناوە.

شاعیر لە دەقی "لات و دڵداری"دا دەڵێت:

**نەدەی ئازاری گیان و دڵ لە دنیا هەتا ماوی**

**نەکەی خۆت خەیتە بەر تیری دوو ئەبرۆ تا نەکوژراوی**

**ژیانت قەت نەشێوێنی بۆ زوڵف و تیشکی دوو چاوی**

**لە دەریای قوڵی دڵداری وەرە دەر تا نەخنکاوی** (جەمال بەرگی یەک: ٤٣)

شاعیر لەم دەقەدا سەرەتا بە وەسفکردنی برۆ دەست پێدەکات، بەڵام پێویستە ئەوە ڕوونبکەینەوە کە ئاماژەیەکی گرنگ لە پشت برۆوە هەیە، کە هەر ئەو ئاماژەیەش هۆکاری

ڕەوینەوەی شاعیرە لە خۆشەویستی و دڵداری، تیری دوو ئەبرۆ لەم دەقەدا، ئاماژەیە بۆ عەشق و سوتان لە خۆشەویستییەک کە لە ڕێگەی ئاماژەی برۆکانەوە توشی بووە، چواندنی برۆ بە تیر ئاماژەیە بۆ خەم و خەفەت و ئازارێک کە ناخی تەنیوە، ڕەنگە ئەو ئاماژەییەی لە برۆکاندایە، هەمووکات هەڵگری ڕاستی نەبن و دواتر پەشیمانی بەدواوە بێت، گونجان لە نێوان ئاماژەی برۆکان و ئاماژەی تیشکی دووچاو وێنەیەکی بەرجەستەکردووە، کە جوانییەکی زیاتری بە دەقەکە بەخشیوە.

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ئاماژەکانی برۆ لە دەقی شیعریی جەمال شارباژێڕیدا زۆر بەڕوونی هەستی پێ دەکرێت و بەهایەکی ئیستاتیکیی بە دەقە شیعرییەکانی بەخشیوە، کە زۆر جێگەی گرنگی و بایەخی بووە. بەهۆی جۆراوجۆریی ئەو پەیامانەی، کە دەتوانێت بیگەیەنێت، لەبەرئەوە بەشێکی گرنگی بەرهەمهێنانی وێنەی شیعریی پڕ لە جوانی و چێژن.

**ت. ئاماژەکانی ڕوومەت-گۆنا:**

ڕوومەتەکان لایەنێکی تری ئاماژەکانی ڕوخساری مرۆڤ پێکدەهێنن، کە بۆ ڕەگەزی مێ زیاتر وشەکانی "گۆنا و کوڵم"ی بۆ بەکاردێت. ڕوومەت شوێنێکی گرنگ و هەستیاری ڕوخسارە، شوێنی ماچکردن و بەرکەوتن و ڕەگەزێکی سەرەکیی دەرخستی جوانیی ئافرەتە. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵگری هەندێک ئاماژەی نازمانییە، چونکە ئەو بارودۆخە جیاوازانەی بەسەر مرۆڤدا دێت، زۆرجار ڕەنگدانەوەی بەسەر ڕوومەتەکانەوە دەردەکەوێت. ڕوومەتەکان وەکوو نەخشەیەک وان بۆ پەیبردنێکی قووڵتر بە بەرانبەر، هەروەها ئەم نەخشەیە دەتوانێت زانیاریی زیاتر لەسەر خوێندنەوەی ڕوخساری مرۆڤەکان بخاتەڕوو.

سەبارەت بە ئاماژەکانی ڕوومەت تێڕوانینی زۆرێک لە شارەزایانی بواری ڕوخسارناسی بریتییە لەوەی کە پەیبردن و خوێندنەوەی ڕوومەتەکان بە زانست ناودەبەن و دەڵێن: ((ڕوومەتناسی بریتییە لەو زانستەی کە هەر مرۆڤێک بە بەکارهێنانی چەند پێوەرێک بۆ دەستنیشانکردنی شێواز و جۆری ڕوومەت و ئەو هێما دیارانەی کە لەسەر ڕوومەتی کەسەکاندا هەیە، دەتوانێ دید و بۆچونێکی ڕوونی هەبێت سەبارەت بەو کەسانەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکات.)) (محمد،٢٠٢١: ٧). ئەو ئاماژانەی لەسەر ڕوومەتەکان دەردەکەون، گوزارشتی ڕاستەقینەن لە ناخی کەسەکان و دەرهاویشتەی هەست و سۆز و هەڵچوونەکانی دەروونن. ئەزموون و لێکۆڵینەوەی "ئەرستۆ" سەبارەت بە ڕوومەتناسی جێگەی تێڕامانی شارەزایانی دوای خۆی بووە، سەبارەت بە ئاماژەکانی ڕوومەت، ئەرستۆ بڕوای وایە ((لە نێوان ڕوومەت و ڕووحدا پەیوەندییەکی قوڵ هەیە، دەکرێت لە

ڕێگەی هێماکانی ڕوومەتەوە پەی بە کەسایەتی ڕاستەقینەی مرۆڤ ببەیت.)) (محمد،٢٠٢١: ٩)، لەبەر ئەو پەیوەندییە بەهێزەی هەیە، بەڕوونی هەڵچوونەکانی وەکوو "ترس، خۆشی، تورەبوون، قەلەقی، متمانە، شەرم.... هتد" لەسەر ڕوومەتەکان دەردەکەون.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (یادگاریێک)دا لە ڕێگەی ئاماژەی گۆناوە دەگات بە خۆشبەختییەک، کە پڕە لە ئومێد و گەشبینی و دەڵێت:

**هەتا تۆم لەگەڵدا بوو**

**شادیم لەناو دڵدا بوو**

**تریفەی سپی گۆنات**

**پرشنگی ڕووناکیم بوو** (جەمال بەرگی یەک: ٣٢٠)

وەسفکردنی گۆنای یار لەلایەن شاعیرەوە نیشانەیە بۆ کاریگەری ئاماژەکانی ڕوخسار لەسەری، شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا لە ڕێگەی ئاماژەی نازمانی گۆناوە ئەوەمان پێدەڵێت کە گۆنا، یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی دەرخستنی جوانی ئافرەت و جوانییەکی سیحراوی هەیە و هەمیشە جێگەی سەرنجی پیاوانە، بۆیە تریفەی سپی گۆنا ئاماژەیە بۆ ساف و لوسی پێستی ڕاستەخۆ بەکارهێنانی سپێتی گۆنای یار لەم دەقەدا وەکو ڕوناکییەک ئاماژەیەکە بۆ خۆشەویستییەک، کە پڕە لە گەشبینی و گەشاوەی و جوانی، شاعیر تەنیا بە بینینی گۆنای یارەکەی گەیشتووە بەو هەستە خۆشەی، کە پڕ لە چێژە، ئاماژەی گۆنا بنەمایەکی گرنگی ئیستاتیکی ئەم دەقەیە. بەبێ ئەوەی یار بە زمان هیچ بدرکێنێت، کە ئەمەش بۆ خۆی بنەمایەکی گرنگی کورتبڕییە.

هەروەها شاعیر لە دەقێکی تری بەناوی (چەند هەناسەیەک)دا دەڵێت:

**دەبوو ڕەنگی سوربوونەوەی کوڵمی گەشت**

**جێگەی لێوی ماچ و هەڵمژینی من بێت** (جەمال بەرگی یەک: ٤٠١)

ڕەنگی سوربوونەی کوڵم لەم دەقەدا ئاماژەیە بۆ شەرمکردنی یار، شاعیر بە شێوازێکی زۆر جوان لە ڕێگەی ئەم ئاماژەیەوە دەیەوێت گلەیی و گازندەی خۆی لە خۆشەویستەکەی بکات، بە بینینی ئەو دیمەنەی کە یار بەهۆی ئەوەی زۆر شەرم دەکات کوڵمەکانی سور هەڵگەڕاون و ئاواتی دەخواست ئەو سوربوونەوەیە بەهۆی ماچکردنی لێوی ئەمەوە بوایە نەک شەرم و دوورییەوە، لەم وێنەیەدا زیاتر ڕووندەبێتەوە.

| | |
|---|---|
| یار | شاعیر |
| ↓ | ↓ |
| شەرمکردن | ماچکردن و هەڵمژین |
| ↓ | ↓ |
| سوربونەوەی کوڵم | سوربونەوە ی کوڵم |
| ↓ | ↓ |
| بەهۆی دوورییەوە | بەهۆی بەیەکگەیشتنەوە |

هەروەها شاعیر "ع. ح. ب" لە دەقی "پەندی هەتیو"دا سەبارەت بە ئاماژەی ڕوومەت وێنەیەکی پڕ لە تراژیدیمان بۆ بەرجەستەدەکات، ئەو دیمەنە وای لە شاعیر کردووە بە هەستێکی پڕ لە خەمەوە گوزارشتی لێ بکات و دەڵێت:

**"فرمێسک، فرمێسک، فرمێسکی زیو**

**فرمێسکی سزا هەڵچنیو**

**لە دەریای گێژی چاو وەریو**

**ئەرژێتە ناخی قوڵتر لە شیو**

**لە دەشتی گۆنای تێک تەپیو**

**لەگەڵ هەر فرمێسکێک ئاهێ**

**تکایە بۆ بەخشین لە گوناهێ."** (ع. ح. ب: ٧٢).

شاعیر لەم شیعرەدا دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت کاتێک منداڵێک بێنازی دایکوباوک دەبێت، چەند بە خەم و ئازارەوە ژیان بەڕێدەکات، تەنیا لە ڕێگەی ئاماژەکانی ڕوخسارەوە ئێش و ئازار بەرجەستە دەکات و خەمی گەورەی ناخی بێباوک دەخاتەڕوو. بنەمای ئیستاتیکیی ئەم دەقە بریتییە لە هەریەک لە ئاماژەکانی "فرمێسک، چاو، گۆنا"، کە زۆر جوان بە یەکەوە گرێیداون و دەقەکەیان کاریگەرتر کردووە. ئەو کاتەی چاو بە کوڵ دەگری، فرمێسکەکان دەبن بە ئاماژەی ناخۆشی و ئازار و کە دەڕژێنە سەر ڕووی گۆنا، کاریگەریی بەهێزتر دەبێت، بەڵام ئەوەی ئەم دەقەی جوانتر کردووە، ئاماژەی گۆنایە کە چوێنراوە بە دەشت، گۆنای تێک تەپیو ئاماژەیە بۆ برسێتی و هەژاری و بێکەسی.

بەم جۆرە دەردەکەوێت ڕوومەتەکان بەشێکی گرنگ لە جوانیی ڕوخساری مرۆڤ پێکدەهێنن، هەروەها بەشێکی گرنگن لە گەیاندنی زانیارییە نهێنییەکانی مرۆڤ. دەرخەری جوانی و ڕازاوەیی مرۆڤ بە گشتی و ئافرەت بە تایبەتین. ئەمەش هۆکارێک بووە کە جێگەی سەرنج و بایەخی هەردوو شاعیر بێت، چونکە بەردەوام ئەدیب بە دوای جوانیدا دەگەڕێت بۆ دەرخستنی جوانیی

زیاتر و گەیاندنی چێژی زیاتر بە خوێنەر، ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی مەبەستی بەرانبەر زیاتر ڕوونبکاتەوە، لەبەرئەوە هەردوو شاعیر نەیانتوانیوە دەستبەرداری ئەو پەیامانە بن کە لە سیمای بەرانبەردا دەردەکەوێت.

**ج. ئاماژەکانی لێو** (دەم):

لێوەکان توانای گەیاندنی زۆر پەیامی جیاوازیان هەیە، لە هەندێک بارودۆخدا بەتەنیا توانای گەیاندنی پەیامیان هەیە و زۆرجاریش لەگەڵ ئەندامەکانی تردا ڕۆڵ و گرنگیی زیاتر دەبێت. لێوەکان لە ڕێگەی چەند شێوازێکی جیاوازی وەکوو "لێوگەستن، لێوخڕکردنەوە، لەرینەوەی لێو، لێوسورکردن..." دەتوانێت هەریەک لە مەبەستەکانی "خۆشەویستی، پەشیمانی، بێدەنگی، نائارامی، ترس، ماچکردن، ڕازیکردن... هتد" بگەیەنێت. هەروەک دەوترێت ((گەستنی لێوەکان نیشانەی نائارامی و خاڵی بونەوەی پەستانە لە کەسێکدا. یان بۆ مەبەستی ڕۆمانسی و سەرنج ڕاکێشانی بەرانبەرە بە تایبەتی لەخانماندا.)) (کانک، ٢٠٢١: ٨٩)، گوزارشتێکی تری گەستنی لێوەکان بریتییە لە گەیاندنی پەیامی بێدەنگبوونی بەرانبەر بۆ ئەوەی قسە نەکات. ((گرنگترین بەشداریکردنی لێو لەگەڵ ئاماژە جەستەییەکاندا پێکەنینە، کە چەند جۆرێکی هەیە، کە لە بزەوە تا دەگاتە قاقا و پێکەنین بەدەنگی بەرز، کە مەرج نییە تەنیا بۆ مەبەستی دەربڕینی خۆشی بێت، بەڵکو هەندێک کات بۆ سوکایەتی و گاڵتە پێکردنە.)) (ساڵح، ٢٠٢٠: ٥٧٥)، ئەوە ڕوونە، کە هۆکاری دەربڕینی پێکەنین لێوەکانە، لەبەرئەوە پەیوەندیی لێوەکان بە ئەندامەکانی تری جەستەوە بەهێزە، دۆخی برۆکان و ڕوانینی چاوەکان و کۆی ڕوخسار هۆکارێکی زۆر باشن بۆ تێگەیشتن لە پەیامی لێوەکان.

جەمال شارباژێڕی لە دەقێک بە ناوی "پێشەوا"دا لەدوای ئەوەی بە چەند وێنەیەکی جیاوازی پڕ لە تراژیدی بارودۆخی کاتی لە سێدارەدانی قازی محمد دەخاتە ڕوو، لە کۆپلەیەکدا زۆر بەڕوونی لە ڕێگەی ئاماژەی لێوەوە وێنەی ئەو دیمەنە پڕ لە تراژیدیایە دەنەخشێنێت و دەڵێت:

**ئەموستی خەم**

**ژێر چەناگەی بیر دراوە**

**لێوی ماتەم**

**بەدانی قین کرۆژراوە**

**بزەی سەردەم**

**کە مەلێک بوو... دڵ پڕ ئاهەنگ**

**بەهەناسەی داخ تاساوە** (جەمال بەرگی یەک: ١١٤-١١٥)

گواستنەوەی ئەم دیمەنە پڕ لە تراژیدیایە تەنیا لە ڕێگەی لێوی ماتەم و لێو گەستنەوە بۆخۆی گرنگی و کاریگەری ئاماژەکانی ڕوخسارمان بۆ دەردەخات، شاعیر بەمە گوزارشت لە دیمەنی پڕ لە ئازاری ساتی لە سێدارەدانی (قازی محمد) دەکات، ئەو دیمەنە سەرنجی شاعیری ڕاکێشاوە، ئاماژەی لێو گەستن بووە لە ڕێگەی دانەکانەوە، کە ئەم دیمەنە هەڵگری پەیامێکی پڕ لە ڕقە لە دوژمن و دورکەوتنەوەی بزەو زەردەخەنەی لێوەکانە، هۆکارێکە بۆ دڵتەنگ بوون بۆ میللەت و خەم خواردنێکە کە نەگەیشت بە هیوا و ئاواتەکەی کە سەربەخۆی کوردستان بووە. بۆیە سەرجەم ئەم خەمە گەورەیەی ناخی شاعیر تەنیا لە ڕێگەی ئەم ئاماژەیەوە بە شێوازێکی جوان گوزارشتی لێکردووە.

"ع. ح. ب" لە دەقی "پیری ئاخیر شەڕ"دا دەڵێت:

**"چۆن ئەبێ لێو**
**لێی هەستێ بزە کەم یا زۆر**
**وەیا ڕوومەتی شەکرە سێو**
**پرشنگ بدات وەکو تیشکی خۆر**
**نا ئەبێ گشت کەڕو لاڵ بن**
**چڵکی سایەقەی ساماڵ بن."** (ع. ح. ب: ٢١٣).

شاعیر لەم دەقەدا ئەو ڕووندەکاتەوە کە پیرێک چۆن خۆی لە خۆشییەکانی ژیان بووەتەوە، دەیەوێت ئەوانی تریش هەر وەک خۆی بن و بەردەوام بە دڵی ئەم هەڵسوکەت بکەن. لەبەرئەوە شاعیر لە ڕێگەی ئاماژەکانی "لێو و ڕوومەت"ەوە وێنەکەمان بۆ دەڕازێنێتەوە، چونکە دڵخۆشی و جوانی زۆر بەئاسانی لەسەر ڕوخساردا دەردەکەون، جوانیی هەردوو ئاماژەی لێو و ڕوومەتەکان وایانکردووە جوانی بەرجەستە بکەن، چونکە هەڵگری پەیامی دڵخۆشی و گەشاوەیی مرۆڤن، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە ئەم دەقەکە واتاکەی پەیوەستە بە پاش و پێشی خۆیەوە واتە پێکەوە مەبەستەکە زیاتر ڕوون دەکاتەوە، بەڵام لێرەدا ناتوانین سەرجەم دەقەکە بنوسینەوە.

شاعیر لە دەقی "پەندی هەتیو"دا وێنەیەکی پڕ لە تراژیدیی ژیان و گوزەرانی هەژارمان بۆ دەنەخشێنێت و دەڵێت:

**"مرۆڤ، مرۆڤ، مرۆڤی تێر**
**پۆشتەی زلی بێ خێر و بێر**
**بۆ ڕابواردن و خۆشی فێر**

**لەئاستی برسی کەڕو کوێر**

**تێیان ئەگرن توانجی خێر**

**لێویان لێ هەڵ ئەقورچێنن**

**تف لە ڕوومان ئەبارێنن**

**ئەڵێن شتی ئاوا پۆخڵ**

**بۆ زوو نەچێتە ژێر گڵ."** (ع. ح. ب: ٧٣).

شاعیر لەم دەقەدا زۆر بە جوانی ئاماژەی لێوهەڵقورچاندنی بەکارهێناوە، کە ئاماژەیە بۆ بە کەم تەماشاکردن، لەگەڵ ئاماژەی تفتێگرتن، کە ئەوپەڕی سوکایەتیپێکردنە بە بەرانبەر، لێرەدا کاریگەریی ئاماژەی جەستەیی زۆر بەهێزترە لە زمان. جوانیی دەق لە ڕێگەی هەردوو ئاماژەی جەستەیی "لێوهەڵقورچاندن و تفتێگرتن"ەوە کە بەیەکەوە هەڵگری پەیامی پڕ لە سوکایەتی و بێ ڕێزیکردنە. ئاماژەی لێو هەڵقورچاندن دیمەنێکی پڕ لە تراژیدیای بەرجەستەکردووە.

ڕەنگدانەوەی ئاماژەکانی لێو لە دەقی شیعریی هەردوو شاعیردا زۆر بەڕوونی هەستی پێ دەکرێت، دیمەنی گوزارشتکردنی لێوەکان نەیانتوانیوە لە ژێر تیشکی سەرنجیان دەربازبن و کردوویانن بە بنەمای داڕشتنی دەقی جوان، دونیا بینییان زۆرجار لەوەدا دەرکەوتووە کە توانیویانە ئاماژەکانی لێو بکەن بە هەوێنی وێنەی شیعریی پڕ لە جوانی و لەو ڕێگەیەوە چێژی زیاتر بە خوێنەر بگەیەنن.

**٢-١-٢: ئیستاتیکای ئاماژەکانی جەستە:**

ئاماژەکانی بەژن و باڵا سەرجەم جوڵە و ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ جگە لە ڕوخسار دەگرێتەوە، کە مەبەست لە هەریەک لە ئەندامەکانی (سەر، قژ، دەستەکان، گەردن، بەژن)، کە هەریەکەیان هەڵگری ئاماژەی نازمانین و دەتوانن گوزارشت بن بۆ مەبەستێکی تایبەت، هۆکارێکی گرنگن بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئەدیب. لەبەرئەوە هەمیشە ئاماژەکانی بەژن و باڵای یار وای لە شاعیران کردووە بەڕوونی هەست بەوە بکرێت، کە لە ئاماژەی زمانی زیاتر کاریگەرییان هەیە و بوونەتە هەوێنی دەقی پڕ لە جوانی و چێژبەخش.

### أ- ئاماژەكانی سەر:

یەكێكە لە گرنگترین ئەندامەكانی لەشی مرۆڤ، لە كاتی ئاخاوتن و بەركەوتنی مرۆڤەكان لەگەڵ یەكتری ئاماژەكانی سەرە، كە بە ئەندازەیەكی زۆر بەكاردەهێنرێت، سەر بە شێوەیەكی گشتی لە بارێكی ڕێک و ڕاستدایە، بەڵام مرۆڤ زۆرجار ئەم ئەندامەی جەستەی بۆ گەیاندنی واتا و مەبەستی تر بەكاردەهێنێت. هەریەک لە مەبەست و ئاماژەكانی (شەرمكردن، تەریقبونەوە، خۆ بە گەورە زانین، خۆنمایشكردن، زەلیلی و ژێردەستەیی، ئاگاردارکردنەوە، سەرسوڕمان، گوتاری بەڵێ و نەخێر) لە ڕێگەی جوڵەكانی سەرەوە دەتوانرێت گوزارشتی لێبكرێت.

بۆ نموونە: ((سەری مرۆڤ بەشێوەكی بەرز و ڕوو لەئاسمان بێت ئاماژەیە بۆ خۆبەزلزانین و لەخۆبایی بوون، كاتێک كەسێک خۆی بە بەرزتر دەزانێت لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە لە كەسێكی تر ئەوكارە ئەنجام دەدات)) (هاجن، ٢٠١٧: ٧٣). زۆرێک لە ئاماژەكانی سەر ڕوونن هەموو كەسێک بەئاسانی هەستی پێدەكات، بۆ نموونە سەرلەقاندن لەسەر بۆ خوار هەڵگری پەیامی بەڵێیە، بەڵام بەشێكی تری ئاماژەكانی سەر بە شێوەیەكی سروشتی و خۆڕسک لەگەڵ گەورەبوونی تەمەن ئەنجام دەدرێن بەبێ ئەوەی هەوڵی فێربوونی بدرێن، لە ڕێگەی ئەو بارودۆخ و ژینگەیەی تێیدا ژیاوە. بۆ نموونە: ((مرۆڤ كاتێک لەبارودۆخێكی ئاسایی بێت سەری ئاسایی و تاڕادەیەک بەرز ڕادەگرێت، بەڵام لە كاتی شەرم كردن و تەریق بوونەوە واتە هەستكردن بە بارێكی ناخۆش سەرمان بە شێوەیەكی سروشتی سەرمان بۆ خوارەوە دادەگرین)) (عقیل،٢٠١٠: ٣٣٨). ژینگە و بارودۆخ كاریگەری لەسەر ئاماژەكانی سەر هەیە، ئاماژە جەستەییەكان بە شێوەیەكی گشتی خاوەنی خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیانن پێویستە بارودۆخ و ساتی ئاماژە جەستەییەكە لەبەرچاو بگیرێت.

ئاماژەكانی سەر زۆرجار لەگەڵ دەربڕینە زمانییەكان بە مەبەستی جەختكردنەوە و ڕوونكردنەوەی زیاتری مەبەستەكە بەكاردەهێنرێن، بۆ نموونە لە كاتی ناڕەزایی دەربڕین و سەرسوڕمان بە قسەكردن، لەگەڵیشیدا سەر دەجوڵێنین لەڕاست بۆ چەپ، كە ئاماژەی ناڕازی بون و سەرسوڕمانە، ئاماژەی سەر بۆ جەختكردنەوەی زیاتری مەبەستەكەیە. لێرەدا تەنیا كار لەسەر ئەو جۆرە ئاماژانە دەكەین كە ڕەنگدانەوەی لەناو دەقی شیعری هەردوو شاعیردا هەیە.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (بۆ کوردستان)دا دوو ئاماژەی دوالیزمی پێکەوە کرێداوە و جوانییەکی بە دەقەکە بەخشیوە، وەک دەڵێت:

**مەرجە سەرم بۆ تۆ دانێم**

**واز نەهێنم**

**نەکەم بۆ کام زۆردار سەرم**

**دانەوێنم**(جەمال بەرگی ٢: ٤٧٦)

دەربڕینی ئەوپەڕی هەستی نیشتیمانپەروەری وای لە شاعیر کردووە، کە لە ڕێگەی ئاماژەی جەستەییەوە گوزارشتی لێ بکات. لەبەرئەوە پێکەوە هێنانی دوو چەمکی وەکو (تۆ و زۆردار) هۆکارێکە بۆ ئەوەی دوو پەیامی جیاوازی ئاماژەی سەر لەم دەقەدا بەدی بکرێت، کە بوونەتە هۆی جوانی و ڕازاوەیی دەقەکە ئەوانیش پەیامی (سەر دانێنم) واتە بۆ تۆ لەناوچم و پەیامی (سەرم دانەنەوێنم) واتە نەبمە کۆیلە و ژێردەست.

هەروەها شاعیر لە دەقی (کورد و خەبات)دا دووبارە لە ڕێگەی ئاماژەکانی (مل و سەر)وە پەیامێکی گرنک دەگەیەنێت و دەڵیت:

**کورد لە پێناوی دەوڵەتا**

**زۆری خۆ دی لە زیلەتا**

**ملی هەڵواسی بە پەتا**

**واش سەری دانەخستووە**

**هەر مافی کوردی ویستووە**(جەمال بەرگی ١: ٢٤)

هەستی نیشتیمانپەروەری شاعیر لە ڕێگەی ئاماژەی (سەر و مل)، زۆر بە جوانی گوزارشتی لێکراوە کە ڕوونە هەمیشە سەلامەتی سەر مانای ژیانە بۆ مرۆڤ، بەڵام شاعیر بە ئاماژەی مل هەڵواسین و سەردانەخستن وێنەیەکی شیعری زۆر جوانی بۆ کێشاوین، کە هەردووکیان هەڵگری گوتاری ئازایەتی و کۆڵنەدانن، بۆیە هەردوو ئاماژەی (سەردانەخستن و مل هەڵواسین) هەڵگری وزەی پڕ لە ئازایەتی و بەگژاچونەوەی دوژمنە.

(ع.ح.ب)ش له دەقی (لەو دیارە)دا لە ڕێگەی ئاماژەی سەرەوە گوزارشت لە ڕووداوێکی تراژیدی دەکات و دەڵێت:

**ئافرەتێ ئەگریا**

**بە دوو دەست ئەیدا بە سەریا**

**ئەی وت دەرکراوم**

**لە وڵاتی چیا شوێنێکم نییە**

**سرەوت بگرم، تیا** (ع.ح.ب: ٣٠٦)

چنینی نێوان ئاماژە جەستەییەکان هۆکاری گرنگن بۆ جوانی و ڕازاوەی دەق، وەک لەم شیعرەدا دیارە، هەردوو ئاماژەی (گریا، بەدەست لەسەردان) هەڵگری پەیامی ئەوپەڕی ناڕەحەتی و ناخۆشین، شاعیر لەم ڕێگەیەوە بارودۆخی شیوەن بەرجەستە دەکات و بەتەنیا مەبەستی ئافرەتیک نییە، بەڵکو دوورخستنەوە و هەڵبڕینە لە زێدی خۆی، بۆیە شاعیر بۆ ئەوەی چێژی زیاتر بە خوێنەر بگەیەنێت و ئەو هەستەیان لا دروستبکات، کە چەندە دیمەنیکی پڕ لە ئازارە، لە ڕێگەی هەردوو ئاماژەی سەر و گریان گوزارشتی لەو هەستە کردووە و بەیەکەوە گرێی داون.

هەروەها (ع.ح.ب) لە دەقی (سڵاوی لاوان)دا دەڵێت:

**ئەتوانی سەربەست فرمان کەی**

**بە ئارەزووی خۆت پێکەنی**

**تەماشای بەرزی ئاسمان کەی**

**تۆڵە لە زۆردار بسەنی** (ع.ح.ب: ١٦٧)

هەموو دیمەنێک، کە سەرنجی شاعیر ڕادەکێشن، مەرج نییە زمان بەتەنیا بتوانێت گوزارشتیان لێبکات وەک ئەم دەقە، چەمکە دوالیزمەکانی (فەرمان کردن و زۆردار) و (پێکەنین و تەماشای ئاسمان) بنەمای ئیستاتیکی وێنەی شیعری ئەم دەقەن، شاعیر ئەوەمان پێدەڵیت کە (سەرهەڵبڕین بۆ ئاسمان) گوزارشتە لە هەستێکی زۆر خۆش و تۆڵە سەندنەوە لە دوژمن. (پیکەنین)یش گوزارشتە لە بەتاڵکردنەوەی هەموو خەم و خەفەتی ڕابردوو و سوکایەتی پێکردنی دوژمن.

ئاماژەکانی سەر کاریگەری زۆریان لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا هەیە، بە ویست بێت یاخود بێ ویست لە زۆر باردا لەگەڵ ئاماژەکانی تری جەستەدا ڕۆڵ و مەبەست و پەیامێک دەگەیەنێت و لە هەندێک حاڵەتی تردا بەتەنیا دەبێتە هۆی گەیاندنی پەیام بە بەرانبەر، ئاماژەکانی سەر بە پێی ناوەڕۆکی شیعری لە دەقی شیعری هەردوو شاعیردا ڕەنگدانەوەی هەیە. شاعیران لە ڕێگەی

جوڵە و ئاماژەکانی سەرەوە هەوڵیانداوە گوزارشت لەو مەبەستە بکەن کە ویستویانە دەری ببڕن یاخود هۆکارێکی گرنگی ڕاکێشانی سەرنجی شاعیران بوون بۆ بەرهەمێنانی دەقێکی پڕ لە جوانی، کە ڕەنگە زمان هەموو کات نەتوانێت ئەو کاریگەرییە لەسەر بیر و هەستی شاعیر دروستبکات.

**ب- ئاماژەکانی مل و گەردن:**

مل ئەندامی بەستنەوەی سەری مرۆڤە بەجەستەوە، سەر و مل پێکەوە پەیامە نازمانییەکان دەگەیەنن و هەندێک جاریش لەگەڵ ئەندامی دەست گوزارشت لە پەیامی جیاواز تر دەکەن، کردەی مەبەست لە ئاماژەکانی مل جۆراوجۆرن دەکرێت هەڵگری هەریەک لە مەبەستەکانی ((پەشیمانی، خۆشەویستی، ناڕاستی، ئاگادارکردنەوە، وروژاندن، سەرنجڕاکێشان، دڵنیایی، سەرزەنشتکردن))بێت. (ئەسعەد، ٢٠٢١: ٦٢٨) هەریەک لەم واتایانە زۆرجار لەگەڵ بەکارهێنانی ئەندامەکانی تری جەستەدا دروستدەبن. بۆ نموونە ئاماژەی خوراندنی مل کە سەری پەنجە لە خوارووی گوێ دادەنێت، دەیخورێنێت کاتێک کەسێک قسەت بۆ دەکات ئاماژەی سەرنجدان دەگەیەنێت لە وتەکانی کەسی بەرانبەر.

لە هەندێک لە کلتورە جیاوازەکان خوراندنی مل بەمانای درۆکردن یاخود گومان و توڕەیی دێت، بەڵام مەرج نییە هەمیشە خوراندنی مل بەمانای درۆکردن بێت. ڕەنگە سروشتی کەسەکە وابێت ملی بخورێت، یاخود بێ ئاگایانە ملی بخورێنێت، بەڵام کاتێک ((مرۆڤ گەردنی خۆی بە دەستی دادەپۆشێت بەزۆری ئەمە جوڵەیەکی سروشتی و خۆنەویستە و ڕەنگدانەوەی هەستیارییە، هەندێک جاریش ئەو هەستیارییە دەرئەنجامی سروشتی درۆکردنە، بە تایبەتی دوای ئاشکرابوونی درۆی کەسێک ئەو ئاماژەیە دەردەکەوێت)) (گلاس، ٢٠١٩: ١٥٢). گوتاری جیاوازی گەردن و مل لە دەقی شیعری هەردوو شاعیردا زۆر بەڕوونی ڕەنگیداوەتەوە، بەشێکی گرنگی جوانی شیعرەکانیان بووە.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (قەزوان)دا دەڵێت:

**تۆ حەزی منت بزوان**
**بۆ پشووی ژێر دار قەزوان**
**بنوم لە سێبەریدا**
**دەست لە ملی پەریدا**
**تێر بێت لێی بۆی هەناسەم**
**دامرکێنێتەوە تاسەم** (جەمال بەرگی ١: ٥٤)

کاردانەوەی حەز بزواندن، بریتییە لە بیرکردنەوە و چوونە ناو دونیای خەون و خەیاڵ، هەر ئەمەش وایکردووە جوانی دەق کە مەبەست لە دەربڕینی هەستی خۆشەویستییە لە ڕێگەی ئاماژەی دەست لەملکردنەوە ئەو پەیامە بگەیەنێت، کە پشودان و گەیشتن بە ئاواتی دڵ لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتن و دەست لە ملکردنەوە کۆتایی بە هەموو ناخۆشیەکان دەهێنێت، بۆیە دەست لەملکردن جگە لەوەی هەڵگری پەیامی خۆشەویستییە، هەڵگری پەیامی دڵنیایی و خاڵیبونەوەی تاسەی دڵە و هێزێکی وزەبەخشە.

هەروەها شاعیر لە دەقی (چنارە گەورە)دا دەڵێت:

**ئەو بوو گۆران و پیرەمێردی**

**پێناسیم وەکو دوو چاوگی کوردی**

**ئەو بوو هانی دام دەست کەمە ملی**

**پەری شیعرەوە و شانەی قژی بم** (جەمال بەرگی ٢: ٣١٥)

شاعیر لەم دەقەدا دەیەوێت ئەو هەستەمان بۆ دەرببڕێت، کە چەند چێژ لە شیعر وەردەگرێت، ئەمەش وایکردووە، کە چواندنی جەستەی شیعر بە جەستەی ئافرەت لەم دەقەدا بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، کە ملی پەری بە شیعر و چواندنی دەست بە شانە، کە دەسکردن بەملی شیعردا ئاماژەی ئەوپەڕی خۆشەویستنی شیعر و قاڵبونەوەیە تیایدا، لەبەرئەوە دەربڕینی ئەم هەستە تەنیا بە ئاماژەی جەستە دەکرێت، کە هێندە کاریگەری لەسەر خوێنەر دروستبکات.

شاعیر (ع.ح.ب)ش لە دەقی (کاروان ئەڕوا) دەڵێت:

**ڕوو زەرد و ملکەچ و سەرشۆڕ**

**خوێن مژ و جەوری زۆرداری**

**بە کەڕەتێ ئەنێیتە گۆڕ** (ع.ح.ب: ١٧٣)

شاعیر لە دەربڕینی هەستی نیشتیمانپەروەریدا بە جوانترین شێواز گوزارشت لە دوژمنان دەکات، کە ئاماژەکانی (ڕوو زەرد ملکەچ و سەرشۆڕ) کە هەریەکەیان بۆ ئەوپەڕی حاڵەتی بێ دەسەڵاتی و زەلیلی بەکاردێن. چنین لە نێوان ئاماژەی ڕووی زەرد لەگەڵ مل کەچ و سەرشۆڕ وایکردووە پەیامەکە زۆر زیاتر کاریگەرتر بێت.

ئاماژەکانی گەردن و مل لە دەقی شیعر هەردوو شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە، ئاماژەی گەردن و مل لە شیعریدا جیاوازتر دەردەکەون وەک لە بارودۆخی پڕۆسەی پەیوەندیکردن لە کاتی ئاخاوتندا. لەبەرئەوەی زۆرجار مەبەستی سەرەکی ڕاکێشانی سەرنجی ئەدیبان بریتی بووە لە مەبەستی

خۆشەویستی، چونکە گەردن هەڵگری پەیامی خۆشەویستی و ڕازیکردنە، دەکرێت بڵێین ڕەهەندە جیاوازەکانی گەردن لە دەقی شیعردا بریتی بووە لە گوزارشتکردن لە (خۆشەویستی، سەرکەوتن، مردن، وروژاندن، هەوڵدان).

**پ- ئاماژەی قژ- پرچ:**

یەکێکە لە بنەماکانی پیشاندانی جوانی مرۆڤ لە سەردەمە جیاوازەکاندا، بەردەوام بە گرنگ تەماشا کراوە. پرچ هەڵگری کۆمەڵێک پەیامی نازمانییە بە هەمان شێوەی ئەندامەکانی تری جەستە، هەردوو زاراوەی (قژ، پرچ) بەکاردەهێنرێت، پرچ کاریگەری زۆری لەسەر خودی مرۆڤ و دەوروبەر هەیە بە تایبەتی لای ژنان، لەبەرئەوە ((ژنان لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرچیانەوە چەندین مەبەست دەگەیەنن، بۆ نموونە قژ بادان و دەست خستنە ناو قژ بۆ مەبەستی خۆ بەجوان زانین و بڕوا بەخۆبوونە)) (مەجید، ٢٠١٣: ٨١). جگە لەوە درێژی و کورتی پرچ مانا و مەبەستی جیاواز دەگەیەنێت، بۆیە دەکرێت پرچ هەڵگری هەریەک لە پەیامی (خۆنواندن، بڕوابەخۆبوون، خۆشەویستی، سەرنجڕاکێشان، ئاگادارکردنەوە، نەخۆشی، ئاینی)بێت، بۆ نموونە هەندێک جار((یاریکردن بە پرچ و لە ڕێگەی دەستەکانەوە ئاماژەیە بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بۆ بەرانبەر، شێوازی کەسەکە پەیام و واتاکە ڕووندەکاتەوە، یاخود هەندێک جار کورتکردنەوەی قژ ئاماژەیە بۆ نەخۆشی ژێرپەنجە)) (ئەسعەد، ٢٠٢١: ٦٨٢)

مرۆڤەکان بە هەردوو ڕەگەزەوە هەمیشە پرچ بۆیان جێگەی سەرنج بووە، لەبەرئەوە بەردەوام گرنگیان پێداوە وەک: (شانەکردن، خاوێنکردنەوە، بۆنخۆشکرد، ڕەنگکردن)، چونکە سیمایەکی جوان بە مرۆڤ دەبەخشێت، ئاماژەیەکی گرنگی پرچ بریتییە لە ڕەنگردنی بە شێوازی جیاواز، کە هەڵگری مەبەست و پەیامی جیاوازن، (لە تەوەری (ئاماژە ڕەنگییەکان) بە وردی لێی دەدوێین). ڕەهەندە جیاوازەکانی پرچ لە دەقی شیعری هۆکارێکی گرنگی بەرهەمهێنانی وێنەی ئیستاتیکیە، هەمیشە پرچ جێگەی سەرنجی ئەدیبان بووە بە تایبەتی (زوڵف)، کە مەبەست لە بەردانەوەی پێشەوەی قژە بەسەر ڕوخساردا. بەتایبەتی شێوازی ڕەنگی پرچی یاری چواندووە بە بارودۆخی ژیانی خۆی لە ڕێگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە وێنەی جوانی لێ بەرهەمهێنراوە.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (ئەسمەر)دا دەڵێت:

**ئەسمەر و خوێن گەرمە**

**نیگای پڕ لە ناز و شەرمە**

**قژی وەک بەختم ڕەش**

**چاوی وەک هیوام گەش**(جەمال بەرگی ٢: ٤٩٣)

دەقێک پڕ لە جوانی و عیشق، ڕازاوەی ئەم دەقە لەوەدایە پارچەکانی ئەم وێنەیە ئاماژەکانی (خوێن گەرم و نیگای پڕ لە ناز و قژی ڕەش و چاوی گەش) پێکیهێناون و لە ڕێگەی هونەری لێکچواندنەوە دوو چەمکی دوالیزمی پێکەوە کۆکردووەتەوە، کە قژی ڕەش بە بەختی یار و چاوی گەش بە هیوا، جوانی و ئەسمەری یار بۆ شاعیر هەڵگری پەیامی گەشبینی و کۆڵنەدانە.

شاعیر (ع.ح.ب) لە دەقی (ژنی جوان)دا دەڵێت:

**ژنی جوانی ڕازاوە**

**با تێر تێرت بڕوانم**

**بۆنی ئەو زۆڵفە خاوە**

**با بشڵەقێنێ گیانم**(ع.ح.ب: ٢٠٨)

لە ئاماژە جەستەییەکانیشدا پلە بەندی هەیە لە ڕووی کاریگەرییەوە، شاعیر بەتەنیا بە ڕووانین تاسەی خۆشەویستی ناشکێت، هەمیشە زوڵف جێگەی سەنجی ئەدیبان بووە، هەڵگری پەیامی خۆشەویستی و نازکردنە لەگەڵ ئەوەشدا بۆنکردنی زوڵف و دەست خستنە ناو زوڵف ئاماژەی بەخشینی چێژی زیاترە. ئەمەش هۆکاری جوانی زیاتری دەقەکەیە.

ئاماژەی (قژ- پرچ) لە دەقی شیعری هەردوو شاعیردا زۆر بەڕوونی دەبینرێت و هەمیشە جێگەی دەربڕینی هەریەک لە هەستی (هەستی خۆشەویستی، ڕەشبینی، چێژ، بەخشینی وزەی ئەرێنی) بووە، بەڵام لای هەریەکەیان بە پێی کاریگەری لەسەری ڕەنگی داوەتەوە. واتە وەکو یەک نین.

**ت- ئاماژەکانی دەست:**

دەستەکان یەکێکن لەو ئەندامانەی کەزۆرترین جوڵەی پێ ئەنجام دەدرێت، کە بەشێک لەو جوڵانە هەڵگری مانا و پەیامی تایبەتن. مەبەست لە جوڵە و ئاماژەکانی دەست، بریتین لە (دەست و جوڵەی پەنجەکان و لەپی دەست و باسک و قۆڵ ). دەستەکان لە کاتی قسەکردندا هەمیشە دەجوڵێن و هەندێک لەو جوڵانە هەڵگری ئاماژەی تایبەتن و یارمەتیدەرن بۆ بەهێزکردنی وتەکان((لە ژیانی ڕۆژانەدا دەستەکان هەمیشە لەکاردان و بەشدارن لە هەریەک لە خواردن دروستکردن و نان خواردن و گوێزانەوە و ئاڵوگۆڕکردنی شتەکان، نووسین و شەڕکردن، جگە لە ئەمانە دەستەکان و بەتایبەت سەری پەنجەکان هۆکارێکی گرنگن بۆ بەرکەوتن و وروژاندنی ئارەزووی سێکسی. لە ژیاندا دەستەکان دەورێکی باڵایان هەیە)) (مینە، ٢٠٢١: ٣٨)

دەتوانین بڵێین دەستەکان هەڵگری ئاماژەی زۆرن، وەک چالاکترین ئەندامی جەستەی مرۆڤ دادەنرێت لە ڕووی جوڵەوە، بەشدارە لەگەڵ زۆرێک لە ئاماژە جەستەییەکانی تر بۆ گوازارشتکردن لە پەیامێک، دەکرێت بە ئاماژەکردنی دەستەکانمان هەریەک لە پەیامەکانی (خۆشەویستی، تورەبوون، بێ دەنگ بوون، هەڕەشەکردن، سڵاوکردن، جنێودان، ئاڕاستەکان، ڕێز، قەلەقی، تەواوکردنی کارێک، ماڵئاوایی، دوعاکردن، مەترسی... هتد) بگەیەنین. ((لە نێوان مێشک و دەستدا زیاتر لە هەرئەندامیکی تر پەیوەندی گەیاندن هەیە، دەستی تۆ خۆنەویستانە شێوەی بیرکردنەوە و هەستەکانت دەخاتە ڕوو، بۆیە زۆرێک لە جوڵەکانی دەست هۆکارێکن بۆ گوزارشتکردن لە هەستە ڕاستەقینەکانی ناخت)) (کانک، ٢٠٢١: ١٨٧). جوڵە و ئاماژەکانی دەست پێویستی بە وریاییە لە کاتی بەکارهێناندا، هەروەک دەوترێت: ((جوڵەی دەستەکان لەپەیوەندی نێوان تاکەکان هەڵگری بەهای لەباری و نالەباری پەیوەندی کۆمەڵایەتییە، واتە کار دەکەنە سەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی تاکەکان)) (عبدولرحمان، ٢٠٠٩: ٩٣). لە ڕێگەی جوڵەی دەستەکانەوە دەتوانین پەیامی ڕێز و خۆشەویستی بگەیەنین یاخود هەڕەشە بکەین.

جەمال شاربازێڕی لە دەقی (ئینتیضار)دا دەڵێت:

**کیژۆڵەیەکی ڕەشپۆشی**

**ئەسمەرێکی وردیلانە**

**بەزەردەخەنە و ڕوو خۆشی**

**بەدەست و پەنجەی ناسک و نەرمیلانە**

**هەستی دڵسۆزی بێگەردی بۆ نواندم** (جەمال بەرگی ٢: ٢١٠)

شاعیر لە ڕێگەی هەریەک لە ئاماژەکانی (ئەسمەر، زەردەخەنە، دەست و پەنجەی ناسک) وێنەیەکی جوانمان بۆ دەنەخشێنێت، کە زۆر سەرنجی شاعیریان ڕاکێشاوە، هەریەک لەو ئاماژانە هەڵگری پەیامی خۆشەویستین، لەبەرئەوە ڕەنگە زمان نەتوانێت بەو شێوازە ئەو پەیامە بگەیەنێت و کاریگەری لەسەر شاعیر دروستبکات. بۆیە جوانی دەق لە ڕێگەی ئاماژە جەستەییەکانەوە وایکردووە چێژی زیاتر بە خوێنەر ببەخشن.

(ع.ح.ب)ش لە دەقی (لێم گەڕێ با تێر)دا دەڵێت:

**لێم گەڕێ با تێر**

**وەک پیاوی کوێر**

**لەبەر چرای خاڵی ڕەشتا**

**دەست بگێڕم بە لەشتا**

**چاوەکانت دوو دەریان**

**ئەبەخشنەوە ژیان**

**منیش یەکێکم لەوانە**

**بەو بەخشینە چاوەڕوانە** (ع.ح.ب: ٢٤٦)

شاعیر لێرەدا هەردوو ئاماژەی (دەست و چاو)ی بەکارهێناوە و شیعرەکەی پێ دەوڵەمەندتر کردووە کە دەست ئاماژەی  گوزارشتە بۆ هەستێکی چێژبەخش، لەگەڵ کاریگەر بوون بە چاوی یار وای لە شاعیر کردووە خۆی بە کەسێکی (کوێر و بێ کەس) بچوێنێت، هەریەک لە وێنەکانی (شاعیر بە پیاوی کوێر، ڕوو بە چرا، چاو بە دەریا ) هۆکارن بۆ ئەوەی بگات بە شوێنی مەبەست و ژیان بە شاعیر ببخشنەوە.

ئاماژە جیاوازەکانی دەست و کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وایکردووە، کە سەرنجی ئەدیبان ڕابکێشێت و ڕەنگدانەوەی لەناو دەقی شیعری هەردوو شاعیر بەڕوونی هەستی پێبکرێت، چونکە ناسکی دەستەکان هەڵگری پەیامی پڕ لەخۆشەویستییە و وا دەکات دەقێکی پڕ لە جوانی لێ بەرهەم بهێنێت، هەردوو شاعیر زۆر بە وردی مامەڵەیان لەگەڵ کردووە.

**٢-١-٣ ئیستاتیکای ئاماژە ئیرۆتیکییەکان:**

ئیرۆتیک وەکو چەمکیکی ئاڵۆز و تەمومژاوی لە بواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا بەکاردێت، ئەو بابەت و لایەنانە دەگرێتەوە کە باس لە جەستە دەکەن لە ڕووی چۆنییەتی وەسفکردن و خستنەڕووی جەستە وەکو هۆکارێک بۆ چێژی سێکسی و وروژاندن و سەرنج ڕاکێشانی دەوروبەر. زاراوەی ئیرۆتیک((لە وشەی ئیرۆنیکۆسی گریکییەوە وەرگیراوە، مێژووەکەی بۆ ساڵی (١٦١٥- ١٦٢٥ ) دەگەڕێتەوە، کە ئەم مانایانە دەبەخشێت (وروژاندن، تێرکردنی ئارەزووی سێکسی، عەوداڵبوون، دەسبازی، لەگەڵ هەوەسبازی سێکسی، و کەوتنە ژێر ئارەزوویەکی قورس و بەجۆشی سێکسی)) (حەوێزی و صلیوە، ٢٠١٥: ١٠)، جەستە بە سەرجەم بەشەکانییەوە ڕۆڵی کاریگەری هەیە بۆ بەرهەمهێنانی دەقی ئیرۆتیکی.(ئیرۆس بەواتای چەمکی عاتیفە دێت لە ڕووی هەستکردن و حاڵەتی ڕووحی پەیوەست بە ئاوێتەبوونی جەستەیی و سێکسی) (خەلیل، ٢٠١٣: ١٩)

ئیرۆتیک باس لە حەز و ئارەزووە نهێنییەکان دەکات و تاوتوێی چێژی پەنهانی ژیان دەکات، بە گرێدانی هەردوو جەمسەری (جەستە) وەکو یەکەیەکی فیزیکی و (ڕووح) وەکو بوونێکی واتایی

قوڵ دروستدەبێت، هەروەک دەوترێت: ((ئیرۆتیک کۆکردنەوەی جەستە و ڕووحە لە کاتی دیاریکراودا)) (ساڵەح، ٢٠١٦: ١٤٢ )، پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان (ئیرۆتیک و پۆرنەگراف)دا. ئەگەرچی ئامانجی هەردوو زاراوەکە بەلای ئارەزووی سێکسیدا دەچێت، بەڵام ((وەکو بەکارهێنانی زانستی بوونی واتایی ئەم دوو وشەیە جیاوازن لە ڕووی چەمک و ماناوە، چونکە ئیرۆتیک پاڵنەر و هاندەری سێکسە نەک کرداری سێکس خۆی)) (حەمە بچکۆل،٢٠١٩: ٥٨ )

ئیرۆتیک سەرجەم ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە کە بەدەوری سێکسدا دەخولێنەوە، بەڵام کردەی سێکس تەنیا وەرگرتنی چێژکی ڕووتە، هەردوو چەمکی (سێکس و ئیرۆتیکا) ((بە ئەندازەیەک سنورەکانیان تیکەڵە، کەجیاکردنەوەیان هونەر و سەلیقەی دەوێت. سێکس کەرەستەی بنەڕەتی ئیرۆتیکە، بەڵام هەرگیز بەمانای پرۆسەی سێکسی ڕووت نایات، بە دەر لە جوانی و گەیشتن بە قوڵایەکانی ڕووح، بۆیە ئیرۆتیک لە خۆشەویستییەوە سەرچاوە دەگرێت و پاڵنەرەکەی خۆشەویستییە بە مەبەستی گەیشتن بە قوڵاییەکانی عیشق) (حسام الدین، ٢٠١٧: ٦-٧)

خۆشەویستی وەکو دیاردەیەکی مرۆڤایەتی یاخود هێزێکی سەرەتایی و نەبڕاوەی هەست و نەستی مرۆڤ بەرجەستە بوونی لە هەموو لایەن و بەشێکی ژیاندا ڕەنگی داوەتەوە، لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤایەتیدا دەرکەوتووە. ئەم پاڵنەرە ڕووحییە هەمیشە بەشێکی مێشک و بیرکردنەوە بەرەو ئیرۆتیک و ڕاموسان و چالاکی جەستەیی دەبات،((لە سەردەمی ڕۆمانتیکیەیەوە مەبەست لە ئیرۆتیکا و جوڵەی ڕوخسار، جوڵەی جەستە، پۆشاک دەگرێتەوە، بەتەنیا جەستەی ڕووت ناگرێتەوە، بەڵکو کەلو پەلی مادی و دەرەوەی جەستەش دەگرێتەوە، بەڵام پەیوەندیان بەجەستەوە هەیە)) (حسام الدین، ٢٠١٧: ٩) زۆرێک لە جوڵە و ئاماژەکانی جەستە هەوێنی دەقی ئیرۆتیکین، چونکە هەمیشە جەستەی ئافرەت جێگەی سەرنج و وروژاندنی هەستی پیاوە. تەنیا ئەندامە جەستەییە حەرامکراوەکان، یاخود نەگوتراوەکانی وەکو (سنگ و مەمک، داوێن، سمت، لێو، بەژن و باڵا) نابنە هۆی وروژاندن و چێژی سێکسی، بەڵکو دەکرێت هەندێک ئاماژەی جەستەیی وەکو (چاو، لێو، دەست، دەم) ببنە هۆی گوزارشتکردن لە هەستی خۆشەویستی و پەنهانی ناخ و ڕووح و وروژاندنی هەستی بەرانبەر، وەک (تیلەی چاو، نیگای سیحراوی، چاوی بز، لێو گەستن، لێوخرکردنەوە، ماچ هەڵدان، هەندێک ئاماژەی دەست).

ئیرۆتیک دۆخێکی ڕووحییە تیکەڵبوون و ئاوێتە بوونی (ڕووح و جەستە)یە، کە لەکۆتاییدا جوانی سێکسی بەرهەم دەهێنێت، بنەمای سەرەکی دەقی ئیرۆتیکی جوڵە و ئاماژەکانی جەستەیە، جوانی و عیشق لای هەردوو شاعیر سەرچاوەی بزاوتن و بارگاویکردنی زمانی شیعرە. گوتاری ئیرۆتیکی

بەشێکی دەقە شیعرییەکانی هەردوو شاعیر بەرهەم دەهێنێت، جیهانبینی هەردوو شاعیر لە بەشێکی شیعرەکانیاندا لە پێناو خەباتی خۆشەویستیدا بە شێوازی ئیرۆتیکی زۆر بەڕوونی هەستی پێدەکرێت.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (پا و پوز)دا وەسفێکی جوانی ئیرۆتیکیمان بۆ دەکات و دەڵێت:

**دەستەکانم**

**گەیشتە دیدارێکی**

**لەباوەش گرتن و**

**لێستنەوە و هەڵمژین و**

**قۆستنەوە و شێلان و**

**گوشین ئەنجام دەن**

**تا دەچنە خەو**

**ئەوسا تەنکە هەناسەم و**

**نیگای ڕامانەکانمیان**

**بۆ دەکەمە**

**پۆپەشمینی حەوانەوە** (جەمال بەرگی دوو: ٧٢)

شاعیر زۆر بە جوانی لە ڕێگەی بەرکەوتنی دەستەکانەوە کۆمەڵێک وێنەی ئیرۆتیکی کێشاوە، دەستەکان دەتوانن هەریەک لە (لەباوەش گرتن و شێلان و گوشین، وروژاندن ) ئەنجام بدەن و ببنە هۆی وروژاندنی هەستی سێکسی و خاڵیکردنەوەی هەستی بەجۆشی ناخی شاعیر، هەریەک لە ئاماژەکانی (تەنکە هەناسە و نیگاکان)، دەبنە کۆتایی ئەو هەستە ڕووحیەی کە لە ناخی شاعیردایە.

هەروەها شاعیر لە دەقی (سکاڵا و گوڵەباخ)دا دەڵێت:

**تاک و تەنیام**

**بێرە فریام**

**تێر لێوی تەڕت هەڵمژم**

**لەدڵ دەرکەم کەمێک ئازار**

**بەیادی پار**

**یادی ڕۆژەکانی بەهار**

**لەناو گوڵزار**(جەمال بەرگی ١: ١٧١)

شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی ئاماژە ئیرۆتیکیەکانەوە هەم و غەمی ئێستا و ڕابردوو لەبیر باتەوە، ئەو هەستەی لە ئێستاو ڕابردوو هۆکار بووە بۆ گەیشتن بە دڵخۆشبوونی شاعیر (لێو مژینە) کە ئاماژیە بۆ وروژاندن و تێربوونی ئەو دۆخە ڕووحیەی، کە شاعیر تێی کەوتووە. گوزارشتکردن لە هەستی ئیرۆتیکی کۆتایی هێنانە بە ئێش و ئازار.

(ع.ح.ب)ش لە دەقی (لێم گەڕێ باتێر)دا دەڵێت:

**لێم گەڕێ**

**با دەستم پیاتا بگەڕێ**

**با دەم**

**بخەمە سەر گۆپکەی مەم**

**لێم گەڕێ**

**با دەستم پیاتا بگەڕێ**

**با بگاتە باخەڵت**

**با تێکەڵ بم تێکەڵت**(ع.ح.ب: ٢٤٦)

شاعیر لەم دەقەدا زۆر بەڕوونی لە ڕێگەی هەستی ئاوێتە بوون و ئاماژەی ئیرۆتیکیەوە چێژێکی تایبەت بە خوێنەر دەگەیەنێت، شاعیر بە سێ هەنگاو لە ڕێگەی هەریەک لە ئاماژەکانی (دەست و دەم) ئیستاتیکای ئیرۆتیکی بەرجەستە کردووە، هەنگاوی یەکەم دەست پێداهێنانە و هەنگاوی دووەم وروژاندە لە ڕێگەی (مژینی مەمکەوە) یە. هەنگاوی کۆتایی تێکەڵبوون و گەیشتنە بە پلەی ئۆرگازم.

هەروەها شاعیر لە دەقی (برینی کۆن)دا خەفەت بۆ ڕۆژانی لەدەسچوو دەخوات و دەڵێت:

**ئای لەو ڕۆژە ڕۆییوانە**

**پڕ لەزەردەخەنە و جۆش بوون**

**هەڵگوشینی ئەو مەمکانە**

**چەن بە پێز و تام و خۆش بوون** (ع.ح.ب: ٢١٦)

گەڕانەوە بۆ ڕابردوو وەرگرتنی چێژ لە ڕێگەی ئاماژە جەستەییەکانەوە بۆ خۆی پڕە لە جوانی و چێژ، لەبەرئەوە ئاماژەی (گوشینی مەمک) ئەوپەڕی وروژاندنە بۆ هەردوو ڕەگەز هۆکاری چێژی سێکسیە، بۆیە شاعیر لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و بە بیرهێنانەوەی ساتە پڕ لە جۆش و خرۆشە لە دەستچووەکان، دەیەوێت بەشێک لە ناخۆشی ئێستای بڕەوێنێتەوە.

## بەشی سێیەم

## ئیستاتیکای ئاماژە هەستی و دەنگییەکان لەدەقە شیعرییەکانی (ع.ح.ب) و جەمال شارباژێڕیدا)

### ٣-١-١: ئیستاتیکای ئاماژە هەستەییەکان

### ٣-٢-١: ئیستاتیکای ئاماژە دەنگییەکان

### ٣-٢-٢: دەنگە مرۆیەکان

### ٣-٢-٣: دەنگە سروشتییەکان

# بەشی سێیەم

## ئیستاتیکای ئاماژە هەستی و دەنگییەکان

### ٣-١-١: ئیستاتیکای ئاماژە هەستییەکان:

ئاماژە هەستییەکان یەکێکی ترن لە جۆرەکانی ئاماژە نازمانییەکان. هەستەکان لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی مرۆڤن، ئاماژە هەستییەکان بنیادێکی بنچینەیی پێکهێنانی شیعرن، هەروەها بنەمایەکی سەرەکی پێکهێنانی وێنەی شیعری پڕ لە ئیستاتیکین، دەتوانین بڵێین یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی جوانی دەق، لەبەرئەوە هەست ناسکیش بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شاعیری سەرکەوتوو دادەنرێت. شاعیر بەهۆی هەریەک لە هەستەکانی (بینین، بیستن، بۆنکردن، چەشتن، بەرکەوتن) دەتوانێت دەقی شیعری داهێنەرانە بەرهەم بهێنێت.

مەبەست لە هەستەکان ((پەی بردنە بەو نیشانانەی یاخود سیفەتانەی، کە لە شتێک یان شتەکاندا هەیە، بۆ دەستنیشانکردنی نیشانەیەک یاخود سیفەتێک، ئەندامەکانی هەست درکی پێدەکەن و دەیگوازنەوە بۆ مێشک و یەکسەر لە ماوەیەکی کورتدا لێکدەدرێنەوە)) (ڕەشید و سلام و بکر، ٢٠٢١: ٨) بە گشتی مرۆڤ خاوەنی پێنج هەستە، بەڵام دەوترێت: ((مرۆڤەکان خاوەنی (١١) هەستن کە پێنجیان سەرەکین و بریتین لە هەستی بینین و بیستن و بۆنکردن و چەشتن و بەرکەوتن، ئەوانی تریش بریتین لە هەستکردن بەگەرمی، هەستکردن بەساردی، هەستکردن بە ئازار، هەستکردن بە هاوسەنگی، هەستکردن بە جوڵانەوەی لەش، هەستکردن بە پاڵەپەستۆ، هەریەک لەم هەستانە ئەندامی تایبەتی خۆیان هەیە، کە یارمەتی هێنانەدی ئەو هەستانە دەکەن)) (عەلی، ٢٠٠٧، ٥٣) ئەم هەستانە بنەمایەکی گرنکی ژیانی هەموو مرۆڤێکن  ئەم گرنگی و تایبەتمەندییە لای شاعیران زیاتر دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی بنەمایەکی گرنگی درککردنی کۆمەڵێک جوانین، کە ڕەنگە هەموو کات زمان نەتوانێت گوزارشتیان لێبکات. ئەدیبان زۆرجار بۆ ڕازاندنەوەی دەقەکانیان بە یەکێک لە هەستەکان گوزارشت لە مەبەستەکانیان دەکەن و جوانییەکی چێژبەخش بەرهەم دەهێنێن.

شاعیران ناتوانن دەستبەرداری هەستەکانیان بن، هەربۆیە لە بەشێکی زۆری دەقە شیعرییەکانیاندا زۆر بەڕوونی ڕەنگ دەداتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی ((هەستەکان پردی گەیشتنی شاعیرن بەو واتا و بیرانەی مەبەستێتی، بەم جۆرە یەکەم هەنگاو لەبەرهەمهێنانی وێنەی شیعری ئەوەیە شاعیر خۆی هاوشان بکات لەگەڵ ئەو شتانەی، کە هەستەکانی ئارەزووی دەکەن)) (کریم، ٢٠٠٩: ١٨٠) ئەمەش بۆ ئەوەی دەقێکی جوانی ڕازاوە بەرهەم بهێنێت. گەر بە وردی لە دیوانی

هەردوو شاعیر بڕوانین، دەبینین ئاماژە هەستییەکان بوونیادێکی گرنکی پێکهێنانی بەشێک لە دەقە شیعرییەکانی هەردوو شاعیرن و بنەمایەکی گرنگی ڕازاندنەوەی شیعرن، هەر ئاماژەیەکی هەستی بەهەڵگری گوزارشتی تایبەت و جیاوازە و لەناو دەقی شیعری هەردوو شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە، هەستی بینین لەناو تەواوی دیوانی هەردوو شاعیردا بە چالاکترین هەست دادەنرێت، لێرەوە هەریەکێک لە پێنج هەستە سەرەکییەکە ڕوون دەکەینەوە پاشان ڕۆڵ و کاریگەرییان لە دەقی شیعریدا دەخەینە ڕوو.

**١- هەستی بینین**

یەکێکە لە سەرەکیترین هەستەکانی مرۆڤ، کە ڕاستەوخۆ چاوەکان کاریگەری دیمەنی دەرەوە لەسەر مێشک و دەروون دەردەخەن، بینین دەروازەیەکی گرنگی گواستنەوەی پەیامە لە نێوان هەموو مرۆڤایەتی، ((هەستی بینین زانیاری زۆر دەگەیەنێت بەمێشک بەبێ ئەوەی بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ لە نێوان مرۆڤ و شتەکان پێویست بکات، تەنیا لە ڕێگەی ئەو تیشکە ڕووناکییە دەرچووانەوەیە، کە لە شتومەکەکانەوە دێت بۆ چاو)) (عیسی، ٢٠٠٩: ١٨١) لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی و کاریگەری لای شاعیران زۆر زیاترە، چونکە ئەم هەستە لای شاعیر بە هێندەی زمان بگرە زیاتریش بە بەهایە، زۆر شت بە شاعیر دەبەخشێت بۆ ئەوەی دەقێکی پڕ لە ئیستاتیکی بەرجەستە بکات.

گەنجینەی شاعیر لە ئاماژەی بینیندا لە هەموو هەستەکانی تر دەوڵەمەنترە، چونکە زۆرجار تەنها بە یەک بینین بەبێ ئاخاوتنی بەرانبەر زۆر پەیامی جۆراوجۆر دەگەیەنێت، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین هەستی بینین بنەمایەکی گرنگە لای شاعیر بۆ بەرهەمهێنانی دەقی شیعری ڕازاوە، چونکە هەڵگری هەریەک لە پەیامی (خۆشەویستی، جوانی، توڕەبوون، سەرسام بوون، دڵنیایی.... هتد)ە، هەروەها بنەمایەکی گرنکی وێنەی شیعریشە، دەروازەیەکی گرنگە بۆ شاعیر، تاوەکو بەشێوازێکی هونەری جوان دەق ڕەنگڕێژ بکات. زۆرجار ئەو جوانییەی کە شاعیر گوزارشتی لێ دەکات تەنیا لە ڕێگەی هەستی بینینەوە درکی پێکردووە و جوانییەکی پڕ لە چێژی لێ بەرهەمهێناوە، کە ڕەنگە کەسی تر درکی بەو جوانییە نەکردبێت. ئاماژەی بینین وەکو ئاماژەیەکی نازمانی لای شاعیران زۆر بە نرخە و بەردەوام کاریگەری لەسەر هەست و دەروونی شاعیر هەیە و هۆکارێکە بۆ ئەوەی شاعیر لە ڕێگەی ئەم هەستەوە جوانییەکانی سروشت و دەوروبەر بۆ خوێنەران بگوازێتەوە.

ئاماژەی هەستیی بینین پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ جۆرەکانی تری ئاماژە نازمانییەکاندا هەیە بە تایبەتی ئاماژە جەستەییەکان، چونکە شاعیر لە ڕێگەی ئەم هەستەوە گوزارشت لە جەستە و

ڕوخساری یار دەکات و هۆکارێکە بۆ ئەوەی شاعیر بە جوانییە شاراوە و پەنهانییەکان بگات، کە ڕەنگە زمان نەتوانێت ئەوە بۆ شاعیر بکات، بەشێکی زۆری جوانییەکانی دەق لە ڕێگەی ئاماژەی هەستی بینینەوە بەرجەستە دەبێت، گەر شاعیر لەم هەستە بێبەش بێت چۆن دەتوانێت گوزارشت لە دیمەنی سروشت و جوانی ڕوخساری یار بکات؟ بۆیە کەناڵێکی گرنگی گواستنەوەی پەیامە لە بەرانبەرەوە بۆ شاعیر. ئەم جۆرە هەستە زۆر بەڕوونی لە دەقی شیعری هەردوو شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (گەشتە شیعر)دا دەڵێت:

**هەر شیعریشە لەکەسانی**

**خۆپەرستم دەڕەنجێنن**

**چاویان لەئاست ڕاستگۆیمدا**

**هەڵناهێنن** (جەمال بەرگی دوو: ٥٢٠)

شاعیر کاتێک وەسفی دەقە شیعرەکانی خۆی دەکات لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئاماژەی (چاو لە ئاست ڕاستگۆیم هەڵناهێنن) کە مەبەست لە هەستی بینینە کە هەڵگری پەیامی نازمانی حەسودی و ئیرەییە، ئەمەش وایکردووە وێنەیەکی جوان و ڕازاوە بەرجەستە بکات، وەسفی کەسانی خۆپەرستمان بۆ دەکێشێت و ئەو جۆرە کەسانە هەرگیز حەزیان بە سەرکەوتنی شاعیردا نییە.

هەروەها شاعیر لە دەقی (پەری) دەڵێت:

**ئەی ئێسک سووکی ڕازاوەم**

**هەڵقوڵێنەری هۆنراوەم**

**منێک، وەکو مەلی تاساو**

**چاوی سەرنجم حەپەساو**

**دەڕوانمە ئەو جوانییە**

**کە لە ڤینۆسیش دا نییە** (جەمال بەرگی یەک: ١٤٢)

شاعیر لە ڕێگەی چواندنی خۆی بە مەل، جوانییەکمان بۆ دەخوڵقێنێت کە پڕ لە چێژە کە هەردوو دەستەواژەی (مەلی تاساو چاوی سەرنجم حەپەساو) بەکارهێناوە، کە هەردووکیان ئاماژەن بۆ بینینێک، کە پڕە لە سەرسوڕمان و دەیەوێت جوانی یارەکەی بۆ هەموو دونیا بسەلمێنیت، کە ڤینۆسیش پێی ناگات، ئەمەش وای لە شاعیر کردووە توشی شۆک بووە، ئەوەهەستی بینینە چێژەی ئەم دەقەی بەهێزتر کردووە.

شاعیر (ع.ح.ب)ش لە دەقی (بڕوانە)دا، دەڵێت:

**بڕوانە گیانە ئاسمانی شین**

**داهاتۆتەوە بۆ لوتکەی ڕەنگین**

**جریوە و جوکەی ئەستێرەی زێڕین**

**کە جێ ئەهێڵن دەم بە پێکەنین**

**لەگەڵ گۆرانی و بەستەی هەڵپەڕین** (ع.ح.ب: ٢٢)

هەستی بینین بنەمایەکی گرنگی چێژبینینە بەتایبەتی بۆ شاعیر، ئەمەش وایکردووە کە شاعیر هانبدات کە خۆشەویستەکەشی لەو چێژ و خۆشییە بێبەش نەبێت، لەبەرئەوە هەستی بینین شاعیر دەگەیەنێت بە لوتکەی چێژ، بۆیە داوا لە خۆشەویستەکەی دەکات کە هەوڵبدات لە ڕێگەی بینینەوە تەماشای جوانییەکانی سروشتی بکات بۆ ئەوەی وەک ئەم چێژ ببینێت. هەریەک لە ئاماژەکانی (ئاسمانی شین، ئەستێرەی زێڕن، دەم بە پێکەین، هەڵپەرین) لە ڕێگەی هەستی بینینەوە واتا و مەبەستی بەهێز و جوانتر دەبێت.

**٢- هەستی بیستن:**

تایبەتمەندییەکی گرنکی مرۆڤە، کە لە ڕێگەیەوە بەشێکی زۆری زانیارییەکان دەگوازرێنەوە، هەروەها بنەمایەکی گرنگە لای شاعیر بۆ بەرهەمێنانی دەقی شیعری، چونکە لە ڕێگەی ئەو دەنگ و ئاوازە جیاوازانەوە، کە کار دەکەنە سەر هەست و سۆزی شاعیر و سەرنجی ڕادەکێشن، تاوەکو جوانییەکی چێژبەخش بەرجەستە بکات، ئاماژەی بیستن پانتاییەکی فراوانتر دەگرێتەخۆ وەک لە ئاماژەی بینین، لەبەرئەوەی لە بەردەم ئاماژەی بینین تاریکی دەبێتە بەربەست.

هەستی بیستن پەیوەندییەکی قوڵی لەگەڵ ئاماژە دەنگییەکاندا هەیە، چونکە ئاماژە دەنگییەکان هەریەکەیان هەڵگری پەیام و واتای جیاوازن، تەنیا لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە دەگەن بە شاعیر، دەتوانین بڵێین هەستی بیستن، کە بریتییە لە گواستنەوەی دەنگ بنەمایەکی گرنکە لای شاعیر و ناتوانێت دەستبەرداری بێت، چونکە هیچ هەستێکی تر ناتوانێت جێگرەوەی بێت، بۆیە دەوترێت ((ئەو جوانییەی لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە لە دەقدا درکی پێدەکرێت، خوڕەی ئاو، دەنگی باران و دارو درەخت، جریکە و جریوەی مەل، دەنگی مەل و بولبول دەگرێتەوە)) (عیسی، ٢٠٠٩: ١٨٤)، بەڵام پێویستە ئەوە ڕوونبکەینەوە، کە دەکرێت هەستی بیستن هەریەک لە پەیامەکانی (دەنگی یار، پێکەنین، گریان، تووڕەبوون، هاوارکردن، لاواندنەوە، ئاوازی دەنگ، سەرجەم دەنگە

سروشتییەکان،..... هتد) بگەیەنێت و کاریگەری لەسەر هەست و دەروونی شاعیر دروستبکات بۆ بەرهەمهێنانی جوانی دەقی شیعری.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (پێکەنینەکەی)دا دەڵێت:

**چەند خۆشە پێکەنینەکەی**

**تریقە و لەرینەکەی**

**وەکو لەرەی تار و کەمان**

**تەزووی ئارام دەدات بەگیان** (جەمال بەرگی یەک: ١٩٨)

شاعیر بەهۆی تریقە و پێکەنینی یارەوە، کە هەڵگری پەیامی خۆشەویستییە گەیشتووە بەوپەڕی ئارامی چێژ تەنیا لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە، کاریگەری لەسەر شاعیر بە شێوازێکە کە هەمیشە حەز دەکات بەر گوێی بکەوێت و چواندنی پێکەنین بە تار و کەمان دەقەکەی جوانتر کردووە کە ئەمەش هەڵگری وزەی خۆشەویستی و ئارامی دڵ و دەرونە.

هەروەها شاعیر لە دەقی (سپی)دا دەڵێت:

**بەڵێ کاتێ تۆ دەبینم ست هەڵاڵە**

**دڵێکی گەش دەبینمەوە**

**ئاوازێکی خۆش دەڕژێتە بینمەوە**

**وەکو قوڵپی کانیلەی کوێستان زوڵاڵە**

**دێمە سەما و**

**دەبمەوە بە لاوێکی هەژدە ساڵە**(جەمال بەرگە یەک: ٩٦)

ئاوێتە بوونی هەردوو هەستی بینین و بیستن بنەمایەکی گرنگی ئەم دەقەن، کە کاریگەری ئەم دوو هەستە هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی شاعیر بگەڕێتەوە بۆ تەمەنی هەرزەکاری، لێرەدا ئاماژەی بینین هەڵگری پەیامی خۆشەویستییە و جوانی دەق لە ڕێگەی لادانی واتاییەوە بەرجەستە بووە، چونکە هەستی بیستنیشی داوەتە پاڵ هەستی بینین، پاشان چواندوویەتی بە ئاوازێکی سروشت کە قوڵپی ئاوی کوێستانە هۆکارەکەشی بۆ ئەو کاریگەر و هێزە دەگەڕێتەوە کە لە ڕێگەی بینینی یارەوە بووە، کەواتە زۆر بەڕوونی کاریگەری و گرنگی هەردوو هەستی بینین و بیستن لەسەر شاعیر دیارە کە چ جوانییەکی خوڵقاندووە.

(ع.ح.ب) ش لە دەقی (لەگەنجی و پیری و مردنا) بە ئاوێتەکردنی چەند هەستێک پێکەوە دەقێکی جوانی بەرجەستە کردووە و دەڵێت:

**له بولبول دەنگی تۆم دەوێ**

**له خونچه ڕەنگی تۆم دەوێ**

**له شەماڵ بۆنی تۆم دەوێ**

**هەرمەیلی کۆنی تۆم دەوێ**(ع.ح.ب: ١٢)

پەیوەست بوونی بە یارەوە وایکردووە، کە هەمیشە شاعیر لە بیر و خەیاڵیدا تەنیا ئەو هەبێت، ئەم هۆگربوونەی لە ڕێگەی هەریەک لە ئاماژەکانی (دەنگ و ڕەنگ و بۆنکردنەوە) دەربڕیوە، هەریەک لەم ئاماژە نازمانییانە هەڵگری مانا و مەبەستی جیاوازن لای شاعیر و گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە، جوانی دەق لە ڕێگەی لادانە نازمانییەکانەوە بەرجەستە بووە، چونکە بولبول تەنیا دەربڕی دەنگی خۆیەتی. شاعیر دەیەوێت ئەو یاسایە بشکێنێت و چێژی دەنگی یاری لە بولبول داوا دەکات، ڕەنگی یاری لە خونچە و بۆنی یاری لە شەماڵ دەوێت، ئەمە ئەوپەڕی کاریگەری ئاماژە نازمانییەکانە لەسەر هزر و خەیاڵی شاعیر بۆ بەرجەستەکردنی جوانی دەق. دەکرێت جوانی دەق زیاتر لەم هێڵکارییەدا ڕوونبکەینەوە:

بولبول ⟵ ئاماژەیە بۆ دەنگی یار

خونچە ⟵ ئاماژەیە بۆ ڕەنگی یار

شەماڵ ⟵ ئاماژەیە بۆ بۆنی یار

گەر بە وردی تەماشا بکەین پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان هەریەک لە (بولبول و خونچە و شەماڵ)دا هەیە، ئەم پەیوەندییەش لە نێوان هەریەک لە هەستەکانی (بیستن و بینین و بۆنکردن)دا بەهەمان شێواز بەهێزە و جوانییەکی ڕازاوەی بەرجەستە کردووە.

**٣- هەستی بۆنکردن:**

یەکێک لە بنەماکانی تری ئیستاتیکای دەق بریتییە لە (هەستی بۆنکردن)، کە ئەم هەستە وەکو ئاماژەیەکی نازمانی هەڵگری زۆر ماناو مەبەستی جیاوازە و هۆکارێکی گرنگە لای شاعیر، لەم ڕێگەیەوە هەست و خەیاڵی دەوروژێت و چێژی پێ ببەخشێت، پاشان دەقێک بەرهەم دەهێنێت، کە زمان ناتوانێت ئەو مەبەستەی بۆ بگەیەنێت، گرنگی ئەم هەستە لەوەدایە، کە هیچ کام لە هەستەکانی تری مرۆڤ ناتوانن شوێنگرەوەی بن، لەبەرئەوە هەستی بۆنکردن بە هەستی بیستن، یاخود بەرکەوتن ناتوانرێت گوزارشتی لێبکرێت، هەروەک دەوترێت ((ئەو شتانەی، کە بە جۆرێک لە بۆن دەناسرێنەوە تەنیا لە ڕێگەی ئەم هەستەوە درکیان پێدەکرێت و چێژیان لێ وەردەگیرێت)) (

کریم،٢٠٠٩: ١٨٨)، لەبەرئەوە بەردەوام لای شاعیران وەکو بنەمایەکی گرنگی وێنەی شیعریی تەماشا کراوە، ئەمە جگە لەوەی لایەنێکی گرنکی ئیستاتیکای دەقە.

ئەم هەستە دەکرێت هەڵگری هەریەک لە پەیامەکانی (خۆشەویستی، بایەخدان، بێزاری، ئارام بونەوە،.... هتد) بێت، بۆ نموونە هەستی بۆنکردنی جەستەی یار وەکو زۆڵف و جەستە بە گشتی و هەروەها بۆنەکانی سروشت، بنەمایەکی گرنگن کە شاعیر بە بێ بەکارهێنانی زمان گوزارشت لەو دۆخە دەکات و بەوهۆیەوە جوانییەکی ڕازاوە بە دەق دەبەخشێت.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (شەهید)دا دەڵێت:

**هەرکاتێک چوینە دیداریی گڵکۆی شەهیدێ**

**بۆنی ئازادی و پیرۆزی و هیوای نەتەوەی لێ دێ** (جەمال بەرگی دوو: ١٢٥)

شاعیر لەم دەقەدا جوانییەکی ڕازاوەی بەرجەستە کردووە، کە مەبەستی لە بۆنێکی مەعنەوییە کە لە هزرو خەیاڵماندا هەیە، ئەم هەستە لێرەدا هەڵگری ئاماژەی نیشتیمانپەروەری و خۆشەویستی خاک و قوربانیدانە، لەبەرئەوە بۆن هەڵگری ئەو هێزەیە کە لە کاتی دیارنەبوونی کەسەکەش هەردەتوانێت کاریگەری دروستبکات، هەستی بۆنکردن لەم دەقدا ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە لە ئێستا و داهاتوشدا کاریگەری لەسەر بەرانبەر هەبێت و سەرنجی خوێنەران بۆ ئاماژەی دیاریکراوە ڕابکێشێت.

شاعیر لە دەقێکی تری بە ناوی (بەشەماڵ)دا دەڵێت:

**شەماڵ کاتێک ڕێت**

**کەوتە وڵاتی لای خۆشەویستم**

**بۆنێک لە زوڵفی.....**

**عەنبەرینی ئەو بێنە بۆ هەستم** (جەمال بەرگی یەک: ٣١٢)

لەم دەقەدا زۆر بەڕوونی هەست بەکاریگەری و هێزی هەستی بۆنکردن دەکرێت، شاعیر هەوڵیداوە لە ڕێگەی شەماڵەوە بگات بە بۆنی عەنبەرینی زوڵفی خۆشەویستەکەی، چونکە ئەو دوورییەی کەوتۆتە نێوانیان تەنیا شەماڵ دەتوانێت بەشێک بێت لە ئارامکەرەوەی دڵ و دەروونی گرگرتووی شاعیر، لەم وێنەیەدا زیاتر جوانی دەقمان بۆ ڕووندەبێتەوە، چونکە شەماڵ تاکە ڕێگەی گواستنەوەی ئەم هەستەیە و دەکرێت بازنەیەکی بەردەوام دروستبکات لە نێوان شاعیر و یاردا بۆ گواستنەوەی پەیامی بۆنی، کە ڕەنگە زمان نەتوانێت ئەم مەبەست و واتایە بگەیەنێت، دەکرێت هەر

شەماڵ جارێکی تر بە ئاراستەی یاردا هەڵبکات و بۆنێکی وزەبەخش و ئارامکەرەوەی خۆشەویستەکەی بۆ بهێنێتەوە.




شاعیر (ع.ح.ب)ش لە دەقی (نامەیەک بۆ گوڵ) زۆر بە جوانی لە ڕێگەی هەستی بۆنکردنەوە جوانییەکی ڕازاوە بەرجەستە دەکات و دەڵێت:

**منیش کوێری دەریای چاوتم**

**بە بۆن کەوتووی زوڵفی خاوتم**

**پەروانەی دەوری پرشنگتم**

**شەیدای مەمکۆڵەی سەر سنگتم** (ع.ح.ب: ٦٠٦)

ئەوەی شاعیر لەم دەقەدا خستوویەتییە ڕوو شەیدا و عاشقبوونێتی بۆ خۆشەویستەکەی، لەبەرئەوە بە چەند گوزارشتێکی جەستەیی جیاواز ئەو هەستەی بۆ یار دەردەبڕێت، بەڵام جوانترین گوزارشتیان بریتییە لە هەستی بۆنکردن، کە شاعیر دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە ئەوە بڵێت کە هەمیشە خۆشترین بۆن لای بۆنی زوڵفێتی و بە شێوازێک کاری تێکردووە کە بە بۆنی خستووە و چارەسەرکردنی بریتییە لە سنگ و مەمکی یار، تاوەکو چاکبێتەوە.

**٤- هەستی تامکردن:**

یەکێک لە هەستە زۆر گرنگەکان، کە بەردەوام ئەدیب لە ڕێگەیەوە ئەو پەڕی هەستی خۆشەویستی و عاشقبوونی خۆی پێ دەربڕیوە، بەردەوام بنەمایەکی گرنگی چێژبەخشین بووە بە شاعیر، چونکە لەم هەستەدا هیچ ماوەیەک لە نێوان شاعیر و شتە هەستپێکراوەکەدا نامێنێت، نەک هەر ئەوە، بەڵکو پێویست دەکات شتەکە بە زمان تام بکرێت و هەست بە چێژەکەی بکرێت، لەبەرئەوە ئەو جوانییەی کە ئەم هەستە بەرجەستەی دەکات هیچ هەستێکی تر و تەنانەت زمانیش ناتوانێت گوزارشتی لێ بکات، هەستی تامکردن دەکرێت هەڵگری هەریەک لە پەیامی (خۆشەویستی، لەزەتکردن، عاشقبوون، چێژ، ئارام بوونەوە، ناخۆشی، خۆشی، نزیکبوونەوە، دڵنیابوونەوە،... هتد) بێت. بۆیە شاعیر بۆ ئەوەی جوانییەکی جیاوازتر بە شیعرەکەی بدات و چێژی زیاتر بە خوێنەر بگەیەنێت لە ڕێگەی هەستی چەشتنەوە گوزارشت لەو دۆخە دەکات.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (پێکەنینەکەی)دا زۆر بە وردی لە ڕێگەی هەستی چەشتنەوە جوانییەک دەنەخشێنێت و دەڵێت:

**خۆزگە کاتێک پێدەکەنێت**

**لەو دەمەی، خەم، دەسەنێت**

**ئەو دەمەی وەک گوڵ هەنارە**

**شیلەی دڵگیری تیا دیارە**

**پەپولەی گیانم بژیایە**

**ئاخۆ تامی ئەو مژینە**

**وەک تریقەکەی شیرینە؟!** (جەمال بەرگی یەک: ١٩٩)

شاعیر زۆر بەڕوونی لە ڕێگەی ئاماژەی نازمانی (پێکەنین و دەم و لێو)، کە ئاماژەیە بۆ چێژ و خۆشی، بەراوردێک دەکات بۆ ئەوەی بەو مەبەستە بگات کە ئاخۆ تامی مژینی لێوی یار هەروەکو تریقە و پێکەنینەکەی شیرینە، پێکەنینی یار هۆکاری ڕەوێنەوەی بەشێکی خەمەکانێتی، بەڵام دڵی شاعیر هەر بەمە ئاو ناخواتەوە و لە هەنگاوی دووەمدا بە چواندنی دەم بە گوڵ هەستی خۆشەویستی خۆی زیاتر دەخاتە ڕوو، زۆر بە جوانی بەهۆی مژینی شیلەی دەمی یارە تامێکی جیاوازتر دەکات و دەبێتە هۆکاری ڕەوینەوەی سەرجەم خەمەکانی، بەمەش کاریگەری هەستی تامکردن دەردەکەوێت لەسەر شاعیر کە چەندە بەنرخە.
شاعیر لە دەقێکی تری بە ناوی (تۆ بڵێی)دا دەڵێت:

**تۆ بڵێی شیرینی گەیشتن بە یەکتری**

**بنۆشین**

**بەرگی بەختیاری و دڵشادی بنۆشین** (جەمال بەرگی یەک: ١٩١)

شاعیر لە ڕێگەی گەیشتن بەیەکتری کە ئاماژەیە بۆ خۆشەویستییەکی پڕ لە وەفا، بەو ئاواتەوەیە کە ئەو ڕۆژە ببینێت کە بەیەکتری دەگەنەوە و خۆزگەی بۆ دەخوازێت و دەڵێت ئەوەی کە بنەمای بەختەوەری و دڵشادیمانە گەیشتنە بەیەکتری، بەڵام جوانی دەق لێرەدا دەردەکەوێت، کە شاعیر دەڵێت کە نزیکبونەوەیەکم مەبەستەکە شیرینییەکەی بەتامکردن بنۆشین کە ئاوێتە بوونی دڵ و ڕوحە. شاعیر لە ڕێگەی تامکردنێکی مەعنەوییەوە کە گەیشتنە بە ئەوپەڕی دڵنیایی و هی خۆبوون، ئاماژەیە بۆ ئارامبوونەوەی دڵ و ڕوحی شاعیر.

شاعیر (ع.ح.ب)ش لە دەقی (برینی کۆن) دەقێکی پڕ لە جوانی لە ڕێگەی هەستی تامکردنەوە دەنەخشێنێت و دەڵێت:

**ئای لەو ڕۆژە ڕۆییوانە**

**پڕ لە زەردەخەنە و جۆش بوون**

**هەڵگوشینی ئەو مەمکانە**

**چەند بە پێز و تام خۆش بوون** (ع.ح.ب: ٢١٦)

لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی هەستی تامکردنەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردوو، چونکە لە کوردەواریدا دەوترێت: (تامەکەی هەر لە دەممایە)، مەبەست لەوەیە چێژی تامکردن هەڵگری وزەیەکی ئەرێنی درێژخایەنە و بەردەوام بەرەو ئەوەت دەبەن ئاڵوودەی بیت و نەتوانیت دەستبەرداری بیت، بۆیە شاعیر خەفەت بۆ ئەو ڕۆژانە دەخوات کە لە ڕێگەی هەستی تامکردنەوە چەندە چێژی بینیوە و تەمەنی لاوێتی بەو چێژەوە بەسەربردووە، لەبەرئەوە سیحری ئیستاتیکای تامکردن لەوەدایە تەمەنی پیری شاعیری بردووەتەوە بۆ لاوێتی و وزە و چێژی پێدەبەخشێت.

**٥- هەستی بەرکەوتن:**

یەکێک لەو هەستە زۆر گرنگانەی، کە لای مرۆڤەکان جێگەی بایەخە بریتییە لە هەستی بەرکەوتن، چونکە هەندێک بارودۆخ هەیە تەنیا لە ڕێگەی بەرکەوتنەوە ڕووندەبێتەوە و بۆیە بە هیچ هەستیکی تر ناتوانین ئەو مەبەستەی دەمانەوێت دەستمان بکەوێت، بە تایبەتی لە دۆخی خۆشەویستیدا هەستی بەرکەوتن بریتییە لە نەمانی مەودای نێوان ئەو دوو کەسە و بەریەکەوتنی هەردوو جەستە، لەبەرئەوە دەوترێت: ((بەرکەوتن هەستێکی گرنگە لە درککردن بە جوانی شتەکان و هەندێک جار شوێنی هەستی بینین دەگرێتەوە و لەویش کاریگەرتر دەبێت بەوەی کەماوەی نێوان شتە درکپێکراوەکە و مرۆڤەکە نامێنێت)) (عبدوڕەحمان،٢٠٠٦: ١٠١ ) ئەم هەستە لای شاعیر جیاوازترە، چونکە بەردەوام شاعیر وێڵە بە دوای جوانیدا، ئەم هەستەش بنەمایەکی گرنگی جوانی و چێژە، بۆیە زۆر مەبەست و مانای جوان دەبەخشن بە شاعیر و هەرگیز ناتوانێت ئەم هەستە پشتگوێ بخات، بۆ نموونە شاعیر جوانی زوڵفی ئافرەتێک تەنیا لە ڕەشی و بۆنخۆشیدا کە بەرهەستی بینین و بۆنکەوتن دەکەون خۆی نابینێتەوە، بەڵکو گەلێکجار نەرمیش لایەنێکی ئەو جوانییە پێکدەهێنێت، کە تەنیا بە هەستی بەرکەوتن گوزارشتی لێدەکرێت، شاعیران زۆرجار هەوڵدەدەن لە ڕێگەی چەند هەستێک بەیەکەوە جوانییەکی درک پێنەکراو و نەبینراو بەرجەستە بکەن و خوێنەر تووشی سەرسام بوون بکەن، ئەو هەستە جوانەی خستویانەتە ڕوو.

هەستی بەرکەوتن بنەمایەکی گرنگە بۆ گوزارشتکردن لە ئەوپەڕی خۆشەویستی، ئارامبوونەوە، ئاشتبوونەوە، دڵنیابوونەوە، ڕێز و وەفا،... هتد)، هەروەها هەستی بەرکەوتن هۆکارێکی بەهێزی دەقە ئیرۆتیکیەکانە، چونکە هەر گوزارشتکردنێکی ئیرۆتیکی جەستە بەزۆری لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتنەوە دەبێت. بۆیە مەحاڵە زمان بە بێ ئاماژەی هەستی بەرکەوتن بتوانێت گوزارشت لەو دۆخە بکات، بۆ نموونە دەکرێت شاعیر بە زمان گوزارشت لە هەستی خۆشەویستی بۆ بەرانبەر بکات، بەڵام دەربڕینی ئەوە هەستە هەرگیز ناگاتە باوەشپێداکردن و دەربڕینی بزەی ڕوویەکی گەش، کە لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتن و بینینەوە ئەنجام دەدرێت، لەبەرئەوە کاریگەری ئاماژە هەستییەکان زۆر بەهێزترە لە کاریگەری وتە و دەربڕینەکان.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (خەم نامەیەک بۆ چلەی (ڕووناک)ی هاوسەرم) دەڵێت:

**کەی بێمەوە باوەش بکەم بە گڵکۆتا**

**کەی بێمەوە باوەش بکەم بە جل و بەرگە بە جێماوەکانتا**

**تێر تێر بۆنیان بکەم**

**ماکسیەکەت لە گەردنم بئاڵێنم**

**سوخمە و بلوسەکەت بکەم بەسەرینم**

**هەرچی دەست و پەنجەی تۆیان بەرکەوتووە**

**تێر تێر تێر تێر ماچیان بکەم** (جەمال بەرگی دوو: ٢٧٦)

هەستی بەرکەوتن بەزۆری جێگرەوەی ئەو دۆخەیە کە شاعیر دوورە لە خۆشەویستەکەی و هەڵگری پەیامی خۆشەویستی و ئارامبوونەوەی دڵ و دەروونە، شاعیر لە ڕێگەی ئەم هەستەوە بەتەواوەتی دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، تاوەکو لەوێوە سەبووریەک بدات بە دڵ و دەروونی، ئیستاتیکای دەق لە هەستی بەرکەوتندایە، هەموو گوزارشتەکانی ناو ئەم دەقە تەنیا لە ڕێگەی ئەم هەستەوە بەرجەستە بوون، چونکە دەیباتەوە بۆ لای یار و یادگارییەکانی ڕابردوویانی بیر دینێتەوە، کە کۆتایی بە ماچکردنی هەموو شتێک دێت کە دەست و پەنجەی یاری هاوسەری بەرکەوتووە.

شاعیر لە دەقێکی تردا بە ناوی (بڕوام) دەڵێت:

**ئەو باوەشەی کە هەمیشە**

**شوێن و لانە و نوێنی منە**

**هی دایکێکە.... کوردستانە** (جەمال بەرگی یەک: ٦٦)

شاعیر هەستی نیشتیمانپەروەری خۆی دەردەبڕێت بە هەستی بەرکەوتن، چونکە ئەم هەستە دەبێتە هۆی ئارامبوونەوەی ڕوح و ئەوپەڕی ئاماژەی خۆشەویستییە، چونکە گەر شتێک لات خۆشەویست نەبێت باوەشی پێداناکەیت، جوانی دەق لە خستنەڕووی دوو جۆر لە هەستی بەرکەوتندایە کە باوەش پێداکرنە، کە یەکەمیان باوەشی دایکە و لوتکەی ئارامی و خۆشبەختییە و دوومیان کوردستانە کە باوەشی خاک و نیشتیمانە و ئاماژەی ئەوپەڕی هۆگربوون و خۆشەویستییە، چواندنی باوەشی نیشتیمان بە باوەشی دایک ئاماژەی پیرۆزی و خۆشەویستییەکی زۆرە بۆ کوردستان.

شاعیر (ع.ح.ب) ش لە دەقی (ژنی جوان) لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتنەوە گوزارشتێکی ئیرۆتیکی جوان دەنەخشێنێت و دەڵێت:

**ژنی جوانی ڕازاوە**

**دەبا ماچت کەم**

**دەم بنێمە ناو دەمت**

**گێژەڵووکەی دەرد و خەم**

**بڕژێنمە سینە و مەمت**(ع.ح.ب: ٢٠٨)

شاعیر لە ڕێگەی تێرامانێکی قوڵەوە کە ماچکردنی دەم و لێوی یارە، کە ئەمە بۆ خۆی ئاماژەیەکی گرنکی خۆشەویستییە و ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە کاریگەری ئەم هەستە هۆکارە بۆ لابەری هەموو خەم و خەفەتێک و جوانی دەق بریتییە لە گەیشتن بەو چێژ و خۆشییەی کە ناخی شاعیریان وروژاندووە، کە ئەمە تەنیا لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتنەوە بەرجەستە دەبێت، تەنانەت هەستی بەرکەوتن لە هەستی تامکردن زۆر گرنگترە، چونکە مەرجە هەستی بەرکەوتن ڕوو بدات ئەوکات هەستی تامکردن ڕوودەدات.

دەتوانین بڵێین  پێنج هەستەکەی مرۆڤ بنەمایەکی گرنگی گوزارشتکردنن کە خودا بە مرۆڤی بەخشیوون، بەڵام دەرکەوتن و بەکارهێنانی ئەم هەستانە لە (ئاخاوتنی ئاسایی و ئەدەب و شیعر)دا جیاوازن، چونکە زۆرجار لای شاعیران هەریەک لە هەستەکان بەزۆری لە بواری (خۆشەویستی و چێژوەرگرتن و جوانیدا) ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام بەکارهێنانی هەستەکان لە بواری ئاخاوتندا بۆ زۆر مەبەستی تر بەکاردێت، لەبەرئەوە ئەو جوانییەی کە شاعیر دەیەوێت بە شێوەیەکی زۆر چێژبەخش لە دەق بیگەیەنێت و جوانییەک بێت کە پێشتر هەستی پێنەکرابێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە هەستەکان وەکو ئاماژەیەکی نازمانی گرنگ دەتوانن ئەو ڕۆڵە بگێڕن، هەردوو شاعیر هەریەک لە ئاماژە

هەستییەکانیان کردووە بە بنەمایەکی گرنگ بۆ بەرجەستەکردنی جوانی دەق، چونکە ئەو مەبەست و پەیامەی ویستویانە بیگەیەنن لە ڕێگەی هەستەکانەوە زمان ناتوانێت بەو شێوازە گرنگ و کاریگەرە ئەو مەبەستە بگەیەنێت، بۆیە هەردوو شاعیر نەیانتوانیوە فەرامۆشیان بکەن.

### ٣-٢-١: ئیستاتیکای ئاماژە دەنگییەکان:

یەکێکی تر لە ئاماژە نازمانییەکان بریتییە لە ئاماژە دەنگییەکان، کە هەریەک لەم ئاماژانە گوزارشت لە واتا و مەبەستی تایبەت بەخۆی دەکات، ئاماژە دەنگییەکان بە لقێکی گرنگی زانستی زمان دادەنرێت بە (پارازمانیش) ناودەبرێت، هەر ئاماژەیەکی دەنگی گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، مەبەست و پەیامێک دەگەیەنێت بەبێ ئەوەی هیچ وشەیەکی لەگەڵ دەرببڕێت، بەڵام زۆرجار لەگەڵ زمانی ئاخاوتندا پەیامەکە کاریگەرتر دەکات و وا لە بەرانبەر دەکات زووتر لە پەیامەکە بگات. پێرسۆن پارازمانی: ((بە سیمای دەنگی و ناوشەی زمان هەڵدەسەنگێنێ و دەیانخاتە ژێر چەتری پەیوەندیکردنی ناگوتەیی بە ئاماژە ڤۆکاڵیەکان ناویان دەبات و پێیوایە هەموو لایەنە زارەکییەکانی دەنگ دەگرێتەوە)) (عبدولرحمان،٢٠٠٩: ٨١). سەرجەم ئەو دەنگانەی مرۆڤ یاخود سروشت لێوەی دەبیسترێت بۆ خۆیان ئاماژەن بۆ واتایەک کە هەمووان لەسەری ڕێکەوتوین.

بە گشتی ئاماژە دەنگییەکان دەکرێن بە دوو جۆرەوە (ئاماژە دەنگییە مرۆییەکان، ئاماژە دەنگییە سروشتییەکان) کە مەبەست لە سەرجەم ئەو ئاماژە دەنگییانەن، کە لە مرۆڤ یاخود سروشتدا دەردەکەون و بەشێک نین لە فۆنیمەکان، ئاماژە دەنگییەکان تەنیا لە ئاخاوتندا دەردەکەون و لە نووسیندا دیارناکەون، پارازمانی ((لقێکە لە لقەکانی زمان و لەو ئیشارەتانە دەکۆڵێتەوە، کە بەشداری دەکەن لە پەیوەندیکردنی نازمانیدا، وەسفی ئەو هۆکارانە دەکات، کە لەدەرەوەی زمانی زارەکیدان، واتە دیاردەی نازمانین و پەیوەستن بە زمانەوە)) (crystal& Quirk, ١٩٦٤:١٦٢). بەم جۆرە سەرجەم ئاماژە دەنگییەکان دەکەونە چوارچێوەی ئەم لقەی زانستی زمانەوە. ئاماژە دەنگەییەکان لە مرۆڤدا هەریەک لە (پێکەنین، گریان، ئاوازەی دەنگ، بێدەنگی، کۆکین، پژمین، هاوارکردن، ترپەی دڵ،.....هتد)دەگرێتەوە، لە سروشتدا هەریەک لە دەنگەکانی (گرمە، تریشقە، جریوە، شلَپ و هوڕ، هاژە، لورە، گیزە، قیژە، زرەی زنجیر....هتد) دەگرێتەوە. لەبەرئەوە ئاماژە دەنگییەکان ((وەسفی بارودۆخی دەرونی قسەکەر دەکەن و دەبنە هێما و نیشانەیەک بۆ دەرخستنی کەسایەتی ئاخێوەر و وەسفی کەسایەتی تاک دەکەن)). (گلاس، ٢٠١٨: ١٣٢)، بە گشتی ئاماژە دەنگییەگان بریتین لە پێڕەوێکی دەنگی کە بەشێک لەمەبەستی قسەکەری پێ دەردەبڕدرێ، کەناڵێکە بۆ گێڕانەوەی هزر و هەستی مرۆڤ و گرێدراوی هەستەکانن، لەبەرئەوە شاردنەوە و ئاماژە

دەنگییەکان لە کاتی بوونی هەستێکی تایبەتدا ئەستەمە، چونکە کاتێک کەسێک خەمبار دەبێت دەگری و کاتێکیش دڵخۆش دەبێت پێدەکەنێت، کە تورە دەبێت ئاوازی دەنگی بەرزدەبێتەوە، کە دڵخۆش دەبێت ئاوازی دەنگی نەرم و نیان و خۆش دەبێت.

**٣-٢-٢: ئاماژە دەنگییە مرۆییەکان:**

سەرجەم ئەو ئاماژە دەنگییانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ بە بێ وشە دەریان دەبڕێت، گوزارشت لە بارودۆخ و هەست و ناخی مرۆڤ دەکەن، هەر ئاماژەیەکی دەنگی دەکرێت زیاتر لە گوزارشتێک بگەیەنێت بە پێی ئەو بارودۆخەی تێیدایە، کە هەریەک لەم شێوازانەی خوارەوە دەگرێتەوە.

**١- گریان:**

ئاماژەیەکی دەنگی نازمانییە، هەڵگری چەندین واتا و مەبەستی جیاوازە، کە پێوستی بە تێگەیشتنێکی ورد هەیە، چونکە بە گشتی گریان هێمایە بۆ دەربڕینی ناخۆشی و هەندێک جاریش گوزارشتە لە هەستێکی خۆش کە مرۆڤ لە ڕووی دەروونییەوە بەرانبەر بەو هەواڵە خۆشەی پێی دەگات دەگریت، کە بەگریانی خۆشی ناودەبرێت، هەندێک جار گریان تەنیا بۆ خاڵی بونەوەی خەم و خەفەتی ناخی مرۆڤە، لەبەرئەوە ((دەروونناسان ئاماژەیان بەوە کردووە گریانی بێ هۆکار و زۆر دووبارەبوونەوەی نیشانەیەکە بۆ توش بوون بە نەخۆشی دەروونی وەک: خەمۆکی و گریانیش بە گوێرەی بارودۆخی ئەو کەسەی تێیدایە دەگۆڕێت، هەندێک جار لەوانەیە گریانەکە بەدەنگی بەرز بێت و یان لەوانەیە بە بێ دەنگی و تەنیا بە فرمێسک بێت)) (مامە، ٢٠٢١: ٩١). گریان ئامرازێکە کە مرۆڤەکان هەندێک جار بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەرانبەر بەکاری دەهێنن، یاخود بۆ بەدەسهێنانی مەبەستێک.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (سکاڵا و گوڵەباخ)دا دەڵێت:

**خەم گرتوومیەتیە باوەشی**

**هەر هەڵم دەسوێت لە لەشی**

**سیس و ژاکاو**

**لێو بزڕکاو**

**لە گریاندام، هەمیشە زیز**

**لە خەزاندام وەک پایز**(جەمال بەرگی ١: ١٦٨)

شاعیر دەیەوێت گوزارشت لەو بارودۆخە بکات کە پڕە لە ناخۆشی و خەم یەخەی گرتووە و لەکۆڵی نابێتەوە، لەبەرئەوە لە ڕێگەی هەریەک لە ئاماژەی نازمانی (سیس و ژاکاو، لێو بزڕکاو) کە

دوو ئاماژەن بۆ خەم و بێزاری وێنەیەکی دروستکردووە و زۆر جوان بەستوویانێتەوە بە ئاماژەیەکی تری نازمانی کە بارودۆخەکەی بەرەو ئەنجامێک بردووە کە دەوروبەر هەستی پێبکەن ئەویش ئاماژەی(گریانە). لەبەرئەوە گریان لەم دەقەدا گوزارشتە بۆ لوتکەی ئازارو ناڕەحەتی، بۆیە لە کۆتاییدا لە ڕێگەی چواندنی خۆی بە وەرزی خەزان کە ئاماژەیەکی نازمانی سروشتە زیاتر جەخت لەسەر نائومێدی و هەم و خەمی دەکاتەوە، بۆیە هەمیشە زیزە. لەبەرئەوە هەریەک لە ئاماژەکانی (سیس و ژاکاو، لێوبزڕکاو، گریان خەزان و پایز) دەقەکەیان بەرەو ئیستێتیکی بردووە، کە زمان ڕەنگە نەتوانێت بەو شێوازە گوزارشت لەو دۆخە بکات. لەم وێنەیەدا زیاتر ڕووندەبێتەوە.




شاعیر جەمال شارباژێڕی لە دەقی (ئاوێنە و تۆ)دا زۆر بە جوانی لە ڕێگەی ئاماژەی گریانەوە جوانیمان بۆ بەرجەستە دەکات و دەڵێت:

**کە دەچیتە بەر دیدەی**

**ئاوێنەی باڵا نوێنت**

**بۆ ئارایشت و شانەی**

**قژی خاوی خاوێنت**

**کە جێت هێشت چۆن ناگری و**

**پێ هەڵناگرێ لە شوێنت**

**وەک دڵخواز دەخیلت بێ و**

**بگرێت دەست و داوێنت** (جەمال بەرگی ٢: ١١٥)

لادان یەکێکە لە هۆکارەکانی بەدەسهێنانی ئیستاتیکای دەق، بۆ ئەوەی چێژ بە خوێنەر بگەیەنێت لەبەرئەوە لادانی واتایی دەقەکە جوانییەکی زیاتری بەرجەستە کردووە، کاریگەر بوون بە ئاماژەی نازمانی، وای لە شاعیر کردووە، کە سیفەتی گریان بداتە پاڵ ئاوێنە، لەبەرئەوەی گریان ئاماژەیەکی

زۆر گرنگ و کاریگەرە بۆئەوەی بتوانێت بەرانبەر ڕازی بکەیت، بۆیە جوانی دەق لە ڕێگەی هەریەک لە ئاماژەی (گریان و پێ هەڵگرتن و گرتنی دەست و داوێنە) وای کردووە جوانییەکی زۆر چێژبەخش بەرجەستە بکات، لەبەرئەوە (گریان لەگەڵ گرتنی دەست و داوێن) ئاماژەی نازمانین بۆ ئەوپەڕی خۆشەویستی و عاشق بوون، هۆکاری هۆگربوونی شاعیرە بە یارەوە.

هەروەها شاعیر (ع.ح.ب) لە دەقی (ئەڕۆین)دا دەڵێت:

**گیانەکەم گریان و شین**

**یاخود ڕاکردن لە ژین**

**نە ڕائەماڵێ زوخاو**

**نە دادێک ئەدا بە پیاو** (ع.ح.ب: ١٧)

لەم دەقەدا گریان ئاماژەیە بۆ بێدەسەڵاتی و لاوازی کەسێتی لە بارودۆخی خۆشەویستیدا لەبەرئەوە گریانی بێدەسەڵاتی تەنیا هۆکارێکە بۆ خۆخاڵیکردنەوەی خەمی دەروون، بۆیە شاعیر لەم ڕوانگەیەوە ئەوەمان پێدەڵێت، کە پرۆسەی خۆشەویستی پێویستی بە کەسی بەهێزە لەبەرئەوەی برینی دەروون بەگریان سارێژ نابێت، بۆیە شاعیر لە ڕێگەی ئاماژەی نازمانی گریانەوە ئەو جوانییە بەرجەستە دەکات، کە گریان هۆکاری چارەسەرکردنی خەم و کێشەکان ناکات و ئاهێک بە برینی دڵدا ناکات. لەبەرئەوە دوای گرفتێکی گەورە، گریان و پەشیمان بوونەوە ناتگەڕێنێتەوە خاڵی سەرەتا، بەڵکو تەنیا هۆکاری بەتاڵبوونەوەی دڵ و دەروونە.

بەم جۆرە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ئاماژەی گریان بە هەمان شێوازی ئاماژەکانی جەستە کاریگەرییان لەسەر بەرانبەر هەیە، زۆر مەبەست و واتای جیاواز دەگەیەنن، لەبەرئەوە هۆکارێکی گرنگ بووە لای هەردوو شاعیر وەک بنەمایەکی گرنگ بۆ دەربڕینی ئەو هەستەی، کە لە ناخیاندایە گوزارشتیان لێکردووە لەبەرئەوە ئاماژەی گریان لە نێو دەقی شیعری (جەمال شارباژێڕی و ع.ح.ب) دا زۆر بەڕوونی هەستی پێدەکرێت و هۆکارێکی گرنگی ڕازاندنەوەی شیعرەکانیان بووە.

**٢- پێکەنین:**

هێمایەکی دەنگی نازمانییە، کە گوزارشتە بۆ ئەو پەنهانی و گرێیانەی کە لە دەرووندایە و هۆکارێکی گرنگە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا، کە پێویستە بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە ئاماژەی پێکەنین چەند واتایەکی جیاواز لەخۆدەگرێت و بە پێی بارودۆخەکان دەگۆڕێن، بە گشتی پێکەنین واتای خۆشی دەگەیەنێت و هەندێک جاریش وەکو هێمایەک بۆ مەبەستی تری بەکاردێت هەروەک دەوترێت:((پێکەنین چەند جۆرێکی هەیە و لەهەر کولتوورێک بەڕێگای جیاواز و

بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردێت تەنانەت لەناو یەک کولتووریشدا جۆری جیاوازی هەیە. ئاماژەیەکی کۆمەڵایەتییە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕیت)) (ئەحمەد، ٢٠٠٨: ٦٧) پێکەنین هۆکارێکی گرنگە بۆ دەربڕینی ئەو هەستەی کە لە ناخدایە.

پێکەنین کاریگەری لەسەر پرۆسەی پەیوەندیکردن هەیە، هۆکارێکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەرانبەر دەکرێتە سێ جۆرەوە (بزە، پێکەنینی ئاسایی، پێکەنین بە دەنگ) هەریەک لەم شێوازانە واتا و مەبەستی تایبەت بەخۆی هەیە وەک لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕووندەبێتەوە.[*]

١- پێکەنین گوزارشتە لەو هەستە خۆشەی ناخ و دەروون. هۆکاری خاڵی بونەوەی هەستی خۆشی و بەختەوەرییە.

٢- ئاماژەیە بە مەبەستی گاڵتەپێکردن و شەرمەزارکرنی بەرانبەر.

٣- هۆکارێکی گرنگی پرۆسەی کۆمەڵایەتییە بۆسەرەتای دەسپێکی گفتوگۆ لە نێوان مرۆڤەکاندا.

٤- هەندێ جار ئاماژەیە بۆ دەرخستی دەسەڵاتداری و خۆ بەگەورە زانین.

٥- هەندێک جار ئاماژەیە بۆ شاردنەوەی خەم و خەفەت و کێشەی زۆر لە ناخدا، پێکەنین هۆکارێکە بۆ کاڵبوونەوەی ئەو ئازارانە.

٦- زۆرجار هێمایە بۆ ڕازیبوون یاخود بێلایەنی.

بەم شێوازە ئاماژەی پێکەنین وەکو ئاماژەیەکی گرنگی دەنگی بنەمایەکی گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردنە کە هەندێک جار بەتەنیا هۆکاری گەیاندنی پەیامە و لە زۆر باریشدا لەگەڵ ئاخاوتندا پرۆسەکە بەهێزتر دەکات، هەرئەمەش هۆکاربووە کە ببێتە جێگەی سەرنجی هەردوو شاعیر و بە شێوازی جیاواز لەناو  شیعرەکانیاندا ڕەنگبداتەوە.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (کسپەیەک)دا لە ڕێگەی ئاماژەی پێکەنین دەقێکی زۆرجوانی بەرجەستە کردووە و دەڵێت:

**گیانەکەم پێش دوا هەناسەی**
**پڕ لەتاسەی ماڵئاوایی**
**لێوم تەڕکە بە دڵۆپێک**
**زەردەخەنەی دڵنیایی** (جەمال بەرگی ١: ٥٦)

---

[*] بڕوانە نامەی ماستەر(داستان سابیر مامە، ڕۆڵی ئاماژە نازمانییەکان لە ئاخاوتنی کوردیدا، زانکۆی سلاحەدین) لاپەڕە ٩٢.

پێکەنین هۆکارێکی گرنگی دەربڕینی خۆشەویستییە وزەیەکی سیحراوی تێدایە بۆ ئەوەی ببێتە هۆکاری نزیک بونەوە و گەیشتن بە چێژێکی تایبەت، لەبەرئەوە شاعیر لە ڕێگەی لادانی واتاییەوە لە ئاماژەی گریان جوانییەکی ڕازاوەی لە دەقەکەدا بەرجەستە کردووە، چونکە زەردەخەنە بە دڵۆپ ناپێورێ و لێو تەڕ ناکات، بەڵام ئاماژەی پێکەنین بۆ شاعیر هەڵگری پەیامی دڵنیاییە. لەبەرئەوە پێکەنین بە ڕووی شاعیردا گەیاندنی پەیامێکی گرنگە.

هەروەها شاعیر لە دەقی (پاکیژە)دا دەڵێت:

**بڕوا بکە من لە جێگەی ئەو بوومایە**

**هیچ نەدەهاتە سەردەمم**

**، چونکە قومێ شەرابی چاوی مەستی تۆ**

**تونێتی دەتەزێنێ**

**مەزەی بزە و خەندەی گۆنای لێوانیشت**

**برسێتی دەبەزێنێ**(جەمال بەرگی ٢: ٧٥)

وەک دەوترێت پێکەنین دەرمانە، لەم ڕوانگەیەوە شاعیر پێکەنین و بزە لە جێگەی دوو هەستی گرنگی مرۆڤ دادەنێت کە ئەویش (تونێتی و برسێت)یە، کە پێداویستییەکی گرنگی ڕۆژانەی مرۆڤە، بۆیە زۆرجار شاعیر وەکو چارەسەرکردنی زۆر کێشە لێی ڕوانیوە، بە گشتی پێکەنین وزەی ئەرێنی زۆری تێدایە، کە هەڵگری هەستی پڕ لە جوانییە، هەرئەمەش وای لە شاعیر کردووە کە زۆر بەڕوونی کاریگەربوونی بە ئاماژەی چاو و بزەی گۆنا و لێوان پێوە دیاربێت، جوانی دەق لەسەر بنیادنانی ئاماژەی خەندە و بزەی لە شوێنی نان و ئاوە بۆ شاعیر، هێندە گرنگە کە پێویستی بە هیچ شتێکی تر نییە. لای شاعیر پێکەنین و بزەی یار وەکو خواردن وخواردنەوەی ڕۆژانە گرنگن، وەک لەخوارەوە خراوەتە ڕوو.

چاوی مەستی یار ← شەراب ← تونێتی ناهێڵێت

بزەی ← مەزە ← تونێتی ناهێڵێت

خەندەی لێوی یار ← هەستی برسێتی ناهێڵێت

هەروەها شاعیر (ع.ح.ب )ش لە دەقی (یارمەتیت کچەکە) زۆر بە جوانی لە ڕێگەی ئاماژەی پێکەنینەوە جوانییەکی ڕازاوەمان پێشکەش دەکات و دەڵێت:

**زەردەخەنەت ئەی کچەکە**

**ئاخنیمی لە تۆ ناسین**

**ئێستا بۆ پێشخستنی ژین**

**نام ترسێنێ هەرچی چەکە**(ع.ح.ب: ١١٥)

گەیشتن بەو بڕوا بەخۆبوونەی کە هیچ شتێک نەتوانێت ڕێگریت لێبکات بۆ سەرکەوتن، هەمیشە لەهەوڵداندا بیت مەرج نییە هەر وشە و دەربڕینەکان بتوانن ئەمەت بۆ بکەن، بەڵکو زۆرجار ئاماژەیەکی نازمانی وەکو زەردەخەنە دەتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینیت و هەڵگری ئەو پەیامە بێت کە چاو نەترسی و بڕوا بە خۆبوونە، بۆیە زەردەخە بۆ شاعیر هۆکاری ناسینی یارە و وەکو هێز و قەڵایەک وایە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەکان.

ئاماژەی پێکەنین یەکێکە لە ئاماژە گرنگەکان، کە سەرنجی هەردوو شاعیری ڕاکێشاوە زۆر بەڕوونی لە دەقی شیعری هەردوو شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە و بنەمایەکی گرنگی جوانی دەقە شیعرییەکانیان بووە.

**٣- بێدەنگی**

بێدەنگی لە پەیوەندیکردنی نازمانیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، بێدەنگی هەموو شتێکی لە نێو خۆیدا هەڵگرتووە، کە زمان دەوەستێت بێدەنگی دەستپێدەکات، لەبەرئەوە وەکو دیاردەیەکی سروشتی لە ژیانی مرۆڤدا دەردەکەوێت، بەڵام زۆربەی کات هۆکار و مەبەستی لە پشتەوەیە. بۆیە دەکرێت بڵێین چۆن زمان هەڵگری واتا و مەبەستی تایبەتییە، بێدەنگیش بۆ خۆی مانایەکی قوڵی هەیە گەڕانەوەیە بۆ ناو ناخی مرۆڤ و گەیشتن بەبیرکردنەوەیەکی قوڵ بە پێی بارودۆخ و هەلومەرجی واقعی ((لەهەرکوێیەک بێدەنگی هەبوو، ئەوە مرۆڤ لە لایەن بێدەنگییەوە چاودێری دەکرێ و بێدەنگی لە مرۆڤ دەڕوانێ زیاتر لەوەی مرۆڤ لە بێدەنگی بڕوانێت، بێدەنگی خودی مرۆڤ خۆی مرۆڤ ناخاتە ژێر تاقیکردنەوەوە ئەوە بێدەنگییە مرۆڤ دەخاتە ژێر تاقیکردنەوەوە)) (پیکارد، ٢٠١٩: ١٩) هۆکارێکی گرنگی گەڕانەوەی مرۆڤە بۆ ڕابردوو، هەمیشە لەناو بێدەنگیدا سەرەتای دەرکەوتنی بیرکردنەوەکان دەردەکەون ئەوەی بێدەنگی بە مرۆڤی دەبەخشێت ڕەنگە لە هیچ شتێکی تردا دەستی نەکەوێت، وەک دەوترێت ((بێدەنگی ڕازی زۆرە هەندێک جار مرۆڤ بێدەنگ دەبێت، چونکە ئەوەندە ڕەنجاوە نایەوێ قسە بکات، هەندێک جاریش بێدەنگ دەبێت، چونکە لە ڕاستیدا قسەیەکی نییە بۆ وتن، هەندێک جاریش بێدەنگی گلەییە)) (مامە، ٢٠٢١: ٨٩) بێدەنگی دەکرێت گوزارشت بێت بۆ هەریەک لەم مەبەستانەی خوارەوە

١- هەندێک جار بێدەنگی نیشانەی توڕەبوونە لە بەرانبەر.

٢- بێدەنگی ئاماژەیە بۆ گوێگرتن لە کەسی قسەکەر.

٣- هەندێک جار ئاماژەیە بۆ هیلاکی و ماندوویێتی.
٤- گەڕانەوەیە بۆ ناو ناخ و خود و بیرکردنەوەی قوڵ واتە لەگەڵ خۆ بوون.
٥- لە هەندێ بارودۆخدا ئاماژەیە بۆ تێنەگەیشتن لە مەبەستی بەرانبەر.

لەبەرئەوە قسەکردن لە بێدەنگییەوە سەرچاوە دەگرێت و وەکو ئاماژەیەکی نازمانی سەرنجی ئەدیبانیان ڕاکێشاوە، لە زۆرێک لە دەقە ئەدەبییەکاندا ڕەنگدانەوەی هەیە بە تایبەتی لە شیعری (جەمال شارباژێڕی و ع.ح.ب)دا، بێدەنگبوونی یار هۆکارێک بووە بۆ بەرجەستەکردنی دەقی پڕ لە جوانی لە ڕێگەی ئاوێتەکردنی بیری شاعیر و خوێندنەوەی مەبەست و واتای ئەو بێدەنگییە.
جەمال شارباژێڕی لە دەقی (وەرە ئەی خەم)دا دەڵێت:

**لە ژێر تارای**
**بێدەنگیدا چەند خۆشیت**
**دڵ و مێشک و**
**بیر و هۆش، دادەپۆشیت** (جەمال بەرگی یەک: ٢٢٥)

خەم و بێدەنگی ئەو دوو دیاردەیەن کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، بێدەنگی واتە گوێگرتن و چوونەوە ناو ناخ و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، کە ئەمە نیشانەیەکی ئاشکرای باوەڕ و خۆناسینە، دونیا لای شاعیر پڕە لە دەنگ و قسە و دەنگدانەوە، مرۆڤ لە هەڵڕشتنی قسە زیاتر هیچی نەماوەتەوە، قسەی زۆر ناخ جەنجاڵ دەکات، بۆیە شاعیر بۆ خۆدەربازکردن لەم دۆخە پەنا بۆ بێدەنگی دەبات، لەم دەقەدا بێدەنگی ئاماژەیە بۆ ئارامبوونەوەی بیرو هۆش و دڵ و دەروون، دەکرێت بڵێین بێدەنگی دەرفەتدانیشە بە ژیان بۆ ئەوەی ناسکیی خۆیمان بۆ ئاشکرابکات.
هەروەها شاعیر لە دەقی (نامەیەکی کراوە)دا دەڵێت:

**پەری، تاکەی تۆ بەم بێ دەنگیەتەوە**
**من دەخەیتە گێژاوی دڵ تەنگییەوە**
**پەری، بێ تۆ بێ ئارام و بێ هەستم**
**بێ شنەی تۆ بێ پرشنگە هەڵبەستم**
**زەردەخەنە لەسەر لێوانم وشکە**
**بۆ کۆرپەی خەم بوومە جۆلانە و بێشکە**(جەمال بەرگی ٢: ٥٠)

بێدەنگی یار بۆ شاعیر زۆر ئازاربەخشە و بەرەو لوتکەی ناخۆشی بردووە، بێدەنگی لەم دەقەدا ئاماژەیە بۆ ڕازی نەبوون یاخود بەڵێن نەدان، لەبەرئەوە شاعیر بنیادی وێنەیەکی پڕ لە ئیستاتیکی

لەسەر ئاماژەی بێدەنگی بەرجەستە کردووە و بە دوای دەرچە و هۆکارێکدا دەگەڕێت بۆئەوەی خۆی لە بێ ئومێدی دەرباز بکات، هۆگربوونی بەیارەوە وای لێکردووە چۆن دووربکەوێتەوە لێی بەرەو نائومێدی بەرێت، لەبەرئەوە زۆر بەڕوونی ئاماژەی بێ دەنگی خۆشەویستەکەی هەڵگری پەیامی خەم و دڵتەنگییە بۆ شاعیر، تەنانەت خۆشەویستەکەی ڕووناکی هەڵبەست و ئارامی دڵ و دەرونێتی، بۆیە بێدەنگی یار بەرەو دونیایەکی تری دەبات، جوانی دەق لە هێزی بێدەنگی یارەوە سەرچاوەی گرتووە و وێنەیەکی جوانی خوڵقاندووە.

هەروەها شاعیر جەمال شارباژێڕی لە دەقی (خونچە)دا، لە ڕێگەی بێدەنگییەوە وەسفێکی جوانی یارمان بۆ دەکات و دەڵێت:

**لە بێدەنگیدا ئەو کچە**

**دەم یەک خونچە**

**بەڵام کاتێک دێتە دووان**

**دەبن بە دوان**

**تێر یەکتری ماچ دەکەن و**

**ماچا و بەچاوما دەدەن و**

**لەدڵ هەڵدەستێنن قرچە**(جەمال بەرگی ٢: ٤٠٠)

شاعیر لە ڕێگەی بەراوردێکی بێدەنگی و دوواندنەوە وێنەیەکی ڕازاوە دەنەخشێنێت و هەستێکی پڕ لەخۆشەویستی بەرجەستە دەکات، جوانی دەق لە ڕێگەی ئاماژەی بێ دەنگییەوە دروست بووە کە لە ڕێگەی لێکچواندنەوە لێوی لە حاڵەتی بێدەنگیدا چواندووە بە خونچە و لە کاتی دەربڕیندا دەپشکوێت و دەبن بە دوان و ماچکردنی هەردوو لێو زیاتر شاعیر بزواندووە و گڕی تێبەرداوە، ئەوە بێدەنگییە ئەو جوانییەی لای شاعیر خوڵقاندووە، تاوەکو بگات بەو هەستە پڕ لە خۆشەویستییە.

هەروەها شاعیر (ع.ح.ب) لە دەقی (بەفر)دا دەڵێت:

**زەردە بزەی سەر لێوی هات**

**هەموو شتێ بێدەنگە و مات**

**هەوا ساردە هەورە تەمە**

**هاتوچۆی ڕێ و بان ستەمە**(ع.ح.ب: ٢٠٣)

بێدەنگی سروشت جیهانێکی جوان و پڕ لەخەیاڵ دەخوڵقێنێت، وا لە شاعیر دەکات بەرەو دونیای بیرکردنەوە بڕوات، کە یار پێدەکەنێت سروشت لە جوانی پێکەنینەکەی ئەو بێدەنگ دەبێت، واتە بێدەنگی سروشت ئاماژەیە بۆ ڕازاوەیی خەندەی ئەو، لەبەرئەوە جوانی ئەم دەقە لە ڕێگەی ئاماژەی بێدەنگی سروشتەوە بەرجەستە بووە، چونکە هەمیشە لەگەڵ بارینی بەفردا دونیا بەرگی بێدەنگی دایدەپۆشێت و هێمنی سروشت سەرنجی زیاتری شاعیر ڕادەکێشێت.

لێرەوە دەگەین بەوەی بڵێین، کە ئاماژەی بێدەنگی هۆکارێک بووە بۆ بەرجەستەکردنی دەقی پڕ لە جوانی لە ڕێگەی ئاوێتەکردنی بیری شاعیر و خوێندنەوەی مەبەست و واتای ئەو بێدەنگییە. بنەمایەکی گرنگی جوانی دەقی شیعری هەردوو شاعیربووە.

**٤- ئاوازەی دەنگ:**

ئاوازی دەنگە پەیڕەوێکی دەنگییە، کە بەشێک لە مەبەستی قسەکەری پێ دەردەبڕدرێ بە گوێرەی بەرزیی و نزمیی پلەی دەنگەکە واتای جیاواز دەبەخشێت، ئەم جۆرە ئاماژەیە هەمیشە لەگەڵ ئاخاوتندا دەردەکەوێت و کاریگەری لەسەر دەربڕاوەکە هەیە، بە مەبەستی جەختکردنەوە و وروژاندنی هەستی بەرانبەر، لەبەرئەوە دەوترێت: ((ئاواز بریتییە لە بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی پلەی دەنگیی کە پەیوەستە بە لەرینەوەی دەنگە ژێیەکانەوە، کە بە هۆیانەوە ئاوازەی جیاوازی مۆسیقی دروستدەبێت)) (مامە، ٢٠٢١: ٨١)، هەر گۆڕانێک لە بەرزیی و نزمیی ئاوازی دەنگی کەسەکان ڕوودەدات کاریگەری لەسەر ئەو دەربڕراوە هەیە کە مەبەستمانە بیگەیەنین. لەبەرئەوە دەوترێت: ((هەموو قسەکەرێک دەتوانێت بە گۆڕینی ئاوازی ڕستەکەی چەمکی سەرسوڕمان و گاڵتەپێکردن و ڕازی بوون و خۆشەویستی و ناڕەزایی بگەیەنێت، تەنانەت هەڵوێست و مەبەستی شاراوە و باری دەروونی قسەکەریش بەهۆی ئاوازەی دەنگەوە دەزانرێ و ئاشکرا دەکرێت)) (ئەمین، ٢٠٠٤: ٢٩٠) ئاوازی دەنگ بریتییە لە ئاوازی (پێکەنین، گریان، چپە چپ، دەنگی نەرم،... هتد).

لەبەرئەوەی ئەدیب هەمیشە بە دوای جوانیدا گەڕاوە، ئاوازەی دەنگی یار هەمیشە سەرنجی ڕاکێشاوە و زۆرجار بۆ شاعیر هەڵگری پەیامی خۆشەویستیی بووە، لەبەرئەوە لە دەقی شیعری هەردوو شاعیردا بەڕوونی هەستی پێدەکرێت و دەقی جوان و ڕازاوەیان لێ بەرجەستە کردووە.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (پێکەنینەکەی)دا دەڵێت:

**چەند خۆشە پێکەنینەکەی**

**تریقە و لەرینەکەی**

**وەکو لەرەی تار و کەمان**

**تەرزووی ئارامی دەدات بە گیان**

**ئاواز دەڕژێتە گوێمەوە**

**هەرئەوەتا ناتوێمەوە**

**چەشنە تارێکە لە زاردا**

**باوەش دەکات بە ئازاردا** (جەمال بەرگی ۱: ۱۹۸)

شاعیر دەقێکی پڕ لە ئیستاتیکی ڕازاوەی لە ڕێگەی ئاوازی دەنگی یارەوە بەرجەستە کردووە، کە پڕ لە چێژ و جوانییە، چونکە ئاوازی دەنگی یار هەمیشە ئارامی و ئاسوودەیی پێبەخشیووە، ئەمەش وایکردووە چنینێکی زۆر جوان لە نێوان هەریەک لە ئاماژەکانی (پێکەنین و لەرینەوەی تریقە)دا دروستبکات، چونکە پێکەنین و تریقە پەیامی ئەوپەڕی دڵخۆشییە و هەمیشە وەکو (تار و کەمان) چێژ و ئارامیی بە ڕوح دەبەخشن، ئەوەی بووەتە هۆی ڕەوینەوەی خەم و ئازاری شاعیر ئاوازی دەنگی یارە نەک ئاخاوتن.

هەروەها شاعیر لە دەقی (دەنگ)دا دەڵێت:

**گەرووی پڕ سۆز و ناڵەکەت**

**مۆسیقایە و دڵ دەدوێنێت**

**دەنگە نەرمە زوڵاڵەکەت**

**چاوی شادیم هەڵدەهێنێت**

**کە هەناسە، شەماڵەکەت**

**بە ئاسپایی.... دەیجوڵێنیت**

**پەڕەی لێوی.... گوڵاڵەکەت**

**هەرچی پەستیمە... نامێنێت** (جەمال بەرگی ۱: ۲۹۰)

لەم دەقەدا شاعیر بەڕوونی کاریگەری گۆرانی پیوە دیارە، هەمیشە ئاوازی گفتوگۆی هێمن و لەسەرخۆ دڵ و دەرون ئارام دەکەنەوە و چێژی زیاتر دەبەخشن و دەبنە بنەمایەکی گرنگی چێژێکی قوڵ، بۆیە ئەو جوانییەی لەم دەقەدا هەیە ئاماژەی دەنگی (دەنگی نەرم)ی یارە، کە هێندە کاریگەری لەسەر شاعیر دروستکردووە تا بگات بەو ئەندازەیەی خاڵی بێتەوە لەهەرچی خەم و پەستی ژیانە، بۆیە چواندنی هەریەک لە ئاماژەکانی (دەنگی نەرم بە مۆسیقا و هەناسە بە شەماڵ و لێو بە پەڕەی گوڵ) وێنەیەکی پڕ لە جوانی نەخشاندووە، وەک لە خوارەوە ڕوونتر دەبێتەوە.




شاعیری دیکەشمان (ع.ح.ب) لە دەقی (بەفر)دا دەڵێت:

**هەوا ساردە، هەورە، تەمە**

**هاتوچۆی ڕێ و بان ستەمە**

**وەک چپەی کچ نەرم نەرم**

**لەژوور سەرمانەوە بێ شەرم**

**کڵوە بەفری نەرم و سپی**

**ئەڕژێتە سەر ورگی زەوی** (ع.ح.ب: ٢٠٣)

شاعیر بۆ دەربڕینی جوانی سروشت کە سەرنجی ڕاکێشاوە گوزارشت لە دیمەنێکی تایبەتی سروشت دەکات، بەڵام چواندنی بە ئاماژەی دەنگی یار دیمەنەکە کاریگەرتر دەکات، هەمیشە ئاوازی چپەی کچ و کلوە بەفر پڕن لە هێمنی و بێدەنگی، لوتکەی جوانیی ئەم دەقە بریتییە لەو وێنە هونەرییە کە لە ئەنجامی لێکچواندنی ئاوەژووەوە چێکراوە، کە تێیدا سروشت بە ئاوازی چپەی کچ چوێندراوە و پڕە لە هەستی جوانی و ئارامیی، ئاوازی دەنگ وەکو ئاماژەیەکی گرنگی نازمانی هەمیشە جێگەی سەرنجی ئەدیبان بووە، بەڵام زۆر بەڕوونی لە دەقی شیعری (جەمال شارباژێڕی و ع.ح.ب)دا ڕەنگی داوەتەوە و بنەمای ئیستاتیکی دەقی شیعری بووە.

**٣-٢-٣: ئاماژەی دەنگە سروشتییەکان:**

سروشت بەهەمان شێوەی مرۆڤ خاوەنی کۆمەڵێک دەنگە، کە یەکێکە لە گریمانەکانی دروستبوونی زمان، وەک دەوترێت: ((زمان لە لاسایی دەنگە سروشتییەکانەوە پەیدابووە، گریمانەکە باوەڕی وایە، کە دانە دەنگییەکان لاسایی ئەو دەنگانەن کە گیانلەبەری تر، یان سروشت دەیهێنێت، وەکو حەپە، قاسپە، بۆڵە، گرمە)). (فتاح، ٢٠١١: ١٥) هەریەکێک لەم دەنگە سروشتییانە بۆ مرۆڤ ئاماژەن بۆ مەبەست و دیاردەیەکی تایبەت، لەبەرئەوە دەنگە سروشتییەکان هەمیشە

ئاشنای گوێی مرۆڤەکانن، لە هەموو بارودۆخێکی ژیانی مرۆڤدا جێگەی تێڕامان و سەرنج بوون، پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا هەیە و هەمیشە بەرکەوتنی مرۆڤ لەگەڵ ڕووداوە سروشتییەکان وایکردووە کە بیانکات بە هۆکاری ترس یان ئارامبوونەوەی دڵ و دەروون دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕووحی لە گەڵیاندا.

مرۆڤ هەمیشە لە کاتی دڵتەنگیدا دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی سروشت و دەنگەکانی سروشت ئارامی پێ دەبەخشن، هەروەها بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش و گەشت و گەڕان سروشت دەکاتە یەکەمین وێستگە، تەنانەت لە کۆندا مرۆڤەکان دەنگە سروشتییەکانیان پەیوەست کردووە بە بارودۆخی ژیانی خۆیانەوە، زۆرجار وەکو هێز و پاڵپشتییەک بۆ خۆیان لێیان ڕوانیوە. دەنگە سروشتییەکان بە گشتی بریتین لەهەریەک لە (گرمە، تریشقە، جریوە، قاسپە، شڵپ و هوڕ، هاژە، لورە، گیزە، ناڵە، بۆڕە، زڕەی زنجیر....هتد)، بەشێک لەم ئاماژە دەنگییانە زۆر بەڕوونی لە دەقی شیعری (جەمال شارباژێڕی و ع.ح.ب)دا ڕەنگیان داوەتەوە و هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ بەرجەستەکردنی دەقی ئیستاتیکی، لەبەرئەوە هەمیشە سروشت بۆ شاعیران جێگەی تێڕامان و وردبونەوە بووە، شاعیران لە ڕێگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە دەقی شیعرییان لێ بەرهەمهێناوە، هەروەک جەمال شارباژێڕی لە دەقی شیعریی (پاریز)دا دەڵێت:

**وەک عاشقێکی چاوی شەم**

**وەک دێوانە**

**بۆ ڕوو نەکەمە کوێستان و**

**لەو کێوانە؟**

**نەبمە هاوەڵی باڵندە و**

**زیندەوەرانی دۆڵ و چەم**

**دەنگ و وشەم**

**ئاوێتەی جووکە و جریوە و**

**سرتە و سیرە و قاسپە نەکەم**

**بۆ ئایندە و بۆ هەمیشەم**

**گەڕانەوەم بەرەو سروشت**

**نەکەم بە ڕەفتار و پیشەم** (جەمال بەرگی ٢: ١١٩)

هەمیشە سروشت هۆکاری ئارامبونەوەی دڵ و دەروون و دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕووحییە، شاعیر هەمیشە لە کاتی دڵتەنگی دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی سروشت، دەنگەکانی سروشت ئارامی پێ دەبەخشێت بۆیە سروشت بە گشتی و هەریەک لە ئاماژە دەنگییەکانی ناو سروشت وەکو(جووکە و جریوە و سرتە و قاسپە) لەم دەقەدا جوانییەکی بێ وێنەیان بەرجەستە کردووە، دەنگی باڵندە لەناو سروشتدا هەمیشە هەڵگری پەیامی پڕ لە چێژ و ئارامییە. بۆیە شاعیر لە پێناو بەرجەستەکردنی جوانی لە ئاماژەی جەستەییەوە دەپەڕێتەوە بۆ ئاماژەکانی سروشت و جوانیان لێ بەرهەم دەهێنێت.

هەروەها شاعیر لە دەقی (سۆزی نیشتیمان)دا دەڵێت:

**درەختێکی زێڕینی**

**خاوێن و بەر شیرینی**

**چی بکەم لەسەر هەر چڵێ**

**داڵە و باڵۆرە دەڵێ**

**داڵی شووم بە زۆرداری**

**دەخوات بەری نازداری**

**مەلەکان بجریوێنن**

**زوو گیانیان دەردەهێنن** (جەمال بەرگی ١: ١١)

شاعیر لە ڕێگەی ئاماژەی دەنگییەوە وێنەیەکی جوانی کوردستان دەنەخشێنێت و هەستی نیشتیمانپەروەری خۆی دەردەبڕێت و نەمانی دەنگی ئازادی و ترسی ستەمکار زۆر ناڕەحەتی کردووە، بۆیە جوانییەکی ڕازاوەی خوڵقاندووە، کە ئەوانیش (کوردستانی گەورە بە درەخت، چڵی درەختەکان بە پارچەکانی کوردستان، داڵ بە دوژمن، مەل بە میللەتی کورد ) چوێندراوە، ئەوەی دەقەکەی جوانتر کردووە ئاماژەی دەنگی سروشتە کە (باڵۆرەی داڵە)، کە ئاماژەی زۆردارییە و (جریوەی مەل) ئاماژەی دەنگی ئازادە، هەمیشە مەلەکان لە داڵەکان دەترسن لە ترسی لەناوچوون.

هەروەها شاعیری دیکەشمان (ع.ح.ب) لە دەقی (ئیتر چۆن)دا دەڵێت:

**ئیتر چۆن بەرگی سوری جەنگی بێ پەروایی ناپۆشم؟**

**لە مەیدانا وەکو هەوری بەهار پڕ گرمە ناجۆشم؟**

**بە خوێنم بۆ دەرێنانی ڕەگی زۆرداری ناکۆشم؟** (ع.ح.ب: ٥٥)

ئاماژە نازمانییەکان بەردەوام هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ بەرجەستەکردنی جوانی، بۆیە شاعیر بە شێوازیکی بەهێز و کاریگەر هەستی پڕ لە نیشتیمانپەروەری خۆی دەردەبڕێت، ئەوەی جوانی بە دەقەکە بەخشیوە ئاماژەکانی (بەرگی سور و هەوری بەهار و خوێن)ە، کە (بەرگی سور) ئاماژەی تورەکردنی دوژمنە، (گرمەی هەوری بەهار) ئاماژەی هێز و دەسەلات و ترساندنە، (خوێنی لەش) ئاماژەی تۆلەکردنە و کۆلنەدانە، چنینێکی بەهێز لە نێوان ئەم سێ ئاماژە نازمانیەدا هەیە.

هەروەها شاعیر لە دەقی (چرا هەلگران)دا دەلێت:

**(لۆکانیا) نوقمی بەفرە**

**گزنگی خۆری جوان تەفرە**

**پەری ناو ئاسمان ونە**

**شپرزەی چنگی دوژمنە**

**هەوری چلکن ئەگرمێنێ**

**بروسکە و باران ئەڕژێنێ**

**باڕەش وەک گورگ ئەلوورێنێ**

**باڵدار کوناو کون ئەفڕێنێ** (ع.ح.ب: ٩٥)

شاعیر لەوەسفی بارودۆخی شاری (لۆکانیا)[1]دا دەیەوێت ئەوە بلێت، کە دیمەنی جوانی ئەو شارە چۆن لە لایەن دوژمنانەوە لەناودەبرێت، لەبەرئەوە هەریەک لە ئاماژە نازمانییەکانی ناو دەقەکە هەلگری پەیامی جیاوازن لە نێوان دوو هێزدا ئەوانیش (باش و خراپ)، لەبەرئەوە (گزنگی خۆر ئاماژەی رۆژێکی نوێیە، پەری ئاسمان ئاماژەی خەلکە سادەکانن، باڵدار ئاماژەی سروشتە بە گشتی) هەریەکەیان هەلگری هێزی ئاشتی و خێرن، ئاماژەکانی(هەوری چلکن ئاماژەی دوژمنە، بروسکە و باران ئاماژەی داگیرکارییە، باڕەش ئاماژەی هێرش و لەناوچوونە، لوورەی گورگ ئاماژەی هێز و ترساندنە) هەریەکەیان هەلگری هێزی شەڕ و خراپەن.

هەمیشە سروشت بەسەرجەم جوانییەکانییەوە جێگەی سەرنجی شاعیران بووە، بەلام ئاماژە دەنگییەکانی ناو سروشت بۆ هەردوو شاعیر جێگەی بایەخ بووە، لە دەقی شیعری جەمال شارباژێڕیدا زیاتر دەرکەوتووە، بەهۆی دونیابینی شاعیرەوە، کە شێواز و بیرو بۆچوونی جەمال شارباژێڕی ڕەنگە جیاوازتر بووبێت لە شاعیر (ع.ح.ب).

---

* شارۆچکەیەکە لە باشووری ولاتی ئیتالیا ، لە سالی (٢٠١٩) دانیشتوانی تەنها (١٥٠٠) کەس بووە.

# بەشی چوارەم

## ئیستاتیکای ئاماژەکانی سروشت و ڕەنگەکان لە دەقە شیعرییەکانی (ع.ح.ب) و جەمال شارباژێڕیدا)

٤-١-١: ئیستاتیکای ئاماژە سروشتییەکان

٤-٢-١: ئیستاتیکای ئاماژە ڕەنگییەکان

٤-٢-٢: ڕەنگەکانی سروشت

٤-٢-٣: ڕەنگەکانی جەستە

٤-٢-٤: ڕەنگە بەکارهاتووەکانی ژیانی ڕۆژانە

# بەشی چوارەم

## ئیستاتیکای ئاماژەکانی سروشت و ڕەنگەکان

### ٤-١-١: ئیستاتیکای ئاماژە سروشتییەکان:

مەبەست لە سروشت سەرجەم دیمەن و دیاردە سروشتییەکانی گەردوون دەگرێتەوە، کە مرۆڤ بە یەکێک لە هەستەکانی درکی پێدەکات، لێرەدا ((سروشت بە گشتی لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، سروشتی بێگیان و سروشتی زیندوو، ڕەگەزەکانی سروشتی بێگیان بریتین لە زەوی و ئاسمان و ئەستێرە و دەریا و ڕووبار و دەشت و شاخ و دۆڵ.... هتد)) (مەحمود،٢٠٠٧: ١٥). مەبەستی سەرەکی ئێمە ڕەنگدانەوە و کاریگەری سروشتی بێگیانە لە دەقی شیعریدا، مرۆڤ و سروشت پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە و لێکدابڕاو نین. مرۆڤ هەر لە سەرەتای بوونییەوە لەناو سروشتدا ژیاوە، لەبەرئەوە سروشت وەکو دیاردەیەکی ئاڵۆز و سەرسوڕهێنەر، هەمیشە جێگەی تێڕامان و پرسیارکردن بووە و هەوڵی تێگەیشتنی سروشت و نهێنێکانی داوە. سروشت بۆ مرۆڤ سەرچاوەی ئیلهام و داهێنان بووە، زۆربەی داهێنانە گەورە و بچووکەکانی مرۆڤ، زۆربەی هونەرە جوان و ئەدەبە بەرزەکان سوودیان لە سروشت وەرگرتووە. سروشت لە وەرزەکانی ساڵ (بەهار، هاوین، پایز، زستان)دا و سەرجەم ئەو گۆڕانانەی کە بەسەریدا دێن، بوونەتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ لێی ڕابمێنێت و بیری لێبکاتەوە و چێژی لێ ببینێت و خۆی بە جوانییەکانی سروشت بچوێنێت.

مەبەست لە دیاردە سروشتییەکان هەریەک لە (گوڵ و گوڵزار، خەزان و گەڵاڕێزان، هەور و هەڵا، باران و تەم، بەفر و تەرزە، ڕەشەبا، گەردەلول، ئاسمان، خۆرو مانگ و ئەستێرە، لق و چڕۆو گەڵا، خۆڵ، ئاو، شەماڵ، وەرزەکانی ساڵ، شەو ڕۆژ، پەلکەزێڕینە، شاخ،....هتد )دەگرێتەوە، کە دەکرێت هەریەکێک لەمانە وەکو ئاماژەیەکی نازمانی بۆ واتا و مەبەستی تر بەکاربهێنرێن و دەقی شیعریان پێ بڕازێنرێتەوە. ئەم جۆرە سود وەرگرتنە لە سروشت بۆ تیۆری لاسایکردنەوە دەگەڕێتەوە، کە مەبەست لە لاسایکردنەوە((بریتییە لە دووبارەکردنەوەی هەر شتێک کە لە سروشت و دەوروبەری مرۆڤدا هەبێت)) (ئەرستۆ،٢٠١١: ٢١)بنەمای ئەم تیۆرییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتۆن و ئەرستۆ، کە ئەم دوو فەیلەسوفە بۆچونیان جیاوازە لە سەر تیرۆری لاسایکردنەوە، شیعر بەلای ئەرستۆوە ((لاسایکردنەوەی سروشتە و پێی وایە لاسایکردنەوە خویەکی زگماکی مرۆڤە و مرۆڤ چێژی لێ وەردەگرێت و هونەرمەند لە ڕێگەی لاسایکردنەوەی سروشتەوە داهێنان

دەکات و جوانی دەخوڵقێنێت))، (ئەرستۆ،٢٠١١: ٢١). ئەرستۆ جیاوازتر لە ئەفلاتۆن جەخت لەسەر لاسایکردنەوەی سروشت دەکاتەوە و بۆ سێ جۆر دابەشی دەکات.(ئەرستۆ،٢٠١١: ١٢٩).

١- لاسایکردنەوەی بەرزتر لە خۆی.

٢- لاسایکردنەوەی نزمتر لە خۆی.

٣- لاسایکردنەوەی وەک خۆی.

سەرنجی ئەرستۆ وردتر دەبێتەوە لەسەر ئەم تیۆرییە و بڕوای وایە، کە لاسایکردنەوە هارمۆنی و ئاوازە، کە ئەم دووانە ڕەگەزی سەرەکی شیعرن.

سروشت لە سەرجەم ژانرەکانی ئەدەبدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام لە بواری شیعردا ئەم ڕەنگدانەوەیە جیاوازتر بووە، چونکە هەمیشە شاعیر بە شێوازێکی تایبەت هەوڵی تێگەشتنی سروشت و لاساییکردنەوەی داوە، ئەمەش لەبەرئەوەی ((شاعیر لەسروشتدا بە دوای شتی ورد و نهێنیدا دەگەڕێ و لە کلاوڕۆژنەی هۆش و بیری خۆیەوە لێی دەڕوانێت و هەڵوێستی شاعیر بەرانبەر دیمەنێک لەچەند تاقیکردنەوە و کاتی جیاجیادا شێوە و ڕێبازی جیاواز وەردەگرێت)) (مەحمود، ٢٠٠٧: ١٦). هەمیشە سروشت جێگە و پەناگەی شاعیران بووە، تاوەکو ڕازو نیازی دڵی خۆیان لەگەڵ سروشتدا بکەن و سروشت هەمیشە هۆکاری بیرکردنەوە و کردنەوەی دەرگای خەیاڵ و هەست و نەستی شاعیران بووە، بەگشتی سروشت کاریگەری لەسەر شاعیران داناوە، چونکە ((زۆرێک لە ئاماژەکانی سروشت دەبنە مایەی ئیلهام بەخشین بە شاعیر وەک مرۆڤێکی خاوەن هەستی ناسک، تەنانەت عەشقی سروشت و جوانییەکەی یەکێکە لە بنەماکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکیەت لە ئەدەبدا، چونکە سروشت لەم ڕێبازەدا دایکی دووەمە بۆ مرۆڤ، سروشت خاوەن ئامێزێکی فراوانترە بۆ لە باوەشکردنی مرۆڤ لە کاتی خۆشی و ناخۆشی هۆکارێکی گرنگی ڕەوینەوەی خەمەکانە و هێنانی ئاسوودەییە بۆ دڵ و دەروون)) (ئیسماعیل، ٢٠٠٨: ٥). بۆیە دەکرێت بڵێین هەر دیاردەیەک لە دیاردەکانی سروشت سەرەڕای دیمەنی جوان و دڵڕفێنی خۆی وەکو ئاماژەیەکی نازمانی بۆ مەبەست و واتایەکی تر گوزارشتی لێ بکرێت.

سەرەڕای ئەوەی دیمەنە جۆراوجۆرەکانی سروشت بۆخۆی کاریگەری لەسەر هەست و دەروونی شاعیران هەبووە و دەقی شیعری جوان و ڕازاوەیان لێ بەرهەمهێناوە، بەڵام زۆرجار ئەم دیمەنە بوو بە ئاماژەیەک واتا و مەبەستێکی تری گەیاندووە، ئەمەش لە دەقی شیعری هەردوو شاعیر (جەمال شارباژێڕی و ع.ح.ب) زۆر بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، مارف خەزنەدار دەڵێت: ((مەیدانی شیعری ع.ح.ب فروانە سەرچاوەی دەوڵەمەندە بەشێکی زۆری ژیانی ئادەمیزادی

گرتووەتەوە، ژن و دڵداری لە لای ئەو بایەخی تایبەتی پێدراوە، بەڵام سروشت بۆ سروشت خۆی و بۆ زۆربەی شیعری دیکەی هەوێنێکی گرنگ بووە)) (خەزنەدار،٥٠٥:٢٠١٠). سروشت بابەتێکی سەرەکی شیعری ڕۆمانسییە و ڕەنگدانەوەی لە دەقی شیعری هەردوو شاعیردا بەڕوونی بەدی دەکرێت، لەبەشێک لە شیعرییەکانی جەمال شارباژێڕیدا ((لە ئەنجامی خۆشەویستی بۆ کوردستان و هەستی نەتەوەیی و جوانپەرستی و خۆشویستنی ئافرەت و دیمەنی سروشت و دیاردەکانی، بووەتە سەرچاوەی تاقیکردنەوەی بە شێک لە شیعرەکانی و دیمەن و تابلۆی جوان و هونەری پێ داڕشتوون، هەندێجاریش ئاوێتەی مەبەستەکانی تری کردووە و لە هەستی پەنگ خواردووی ناخی و دەروونی خەماوی، هەروەها ئێش و ئازارەکانی خود و نەتەوەکەی لە سروشت و تابلۆکانی سروشتەوە بووە بە بەشێک لە تاقیکردنەوە شیعرییەکانی)) (حەمە ئەمین، ٢٠١٠: ١٣٩)، هەردوو شاعیر بە شێوازێکی ورد و قوڵتر ڕۆچونەتە ناو دیمەنە جۆراوجۆرەکانی سروشت و وەکو ئاماژەیەکی نازمانی بۆ چەندین واتا و مەبەستی جیاواز بەکاریان هێناون، کە یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی ڕازاندنەوەی دەقی شیعری لای هەردوو شاعیر. دەقی سەرکەتوو هەمیشە هەڵگری خوێندنەوەی جیاوازە، لەبەرئەوە ڕەنگە هەندێک جار دیمەنەکانی سروشت بە مەبەستی بنچی خۆیان هاتبێتن و شاعیر تەنیا وەسفی جوانییەکەی کردبێت، بەڵام بە دیوێکی تردا دەکرێت ئاماژە و مەبەستێکی تری لە پشتەوە بێت کە ئەمەش بەشێکی گرنگە لە جوانی دەق، کە چێژ بە خوێنەر دەبەخشێت.

سروشت لە دەقی شیعری هەردوو شاعیردا بوونیادێکی تر بە خۆیانەوە دەبینن، کە ئەویش هەرتەنیا ئاماژە نییە بۆ جوانی پاکی، بەڵکو ئاماژەن بۆ چەندین واتا و مەبەستی تر، دەکرێت بڵێین سروشت لە بەشێک لە دەقی شیعری هەردوو شاعیردا هاوشێوەی مرۆڤ هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەت و پەیامی جیاوازە، زمانێکی تریان بە سروشت داوە، کە زمانی ئاماژەیە وەکو ڕەگەزێکی مردوو تەماشا نەکراوە، کە هەمیشە بەرگری لێ بکەن، بەڵکو وەکو ڕەگەزێکی زیندوو تەماشاکراوە کە هەڵگری هێزێکە، کە وزە بەخشە بۆ هەردوو شاعیر.

**١- هەور:** کۆمەڵە گازێکە، دەبێتە سێبەر و بەری ئاسمانی ساماڵ یاخود خۆر دەگرێت و لە هەڵمی ئاو دروستدەبێت بەهۆی ساردی هەواوە دەچێتە بەشی سەرەوەی ئاسمان و سەرچاوەی دروستبوونی بارانە، دەکرێت بە چەند ڕەنگێکی جیاواز دەربکەوێت وەکو ڕەنگی ڕەش و سپی و سور، کە هەریەکەیان ئاماژەن بۆ مەبەستێک.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (تۆ بڵێی)دا دەڵێت:

**تۆبڵێی، گەردوون هەر**

**وا هەور و هەڵا بێت**

**نەمامی هیوامان...**

**بێ چرۆ و بێ گەڵا بێت** (جەمال بەرگی یەک: ١٩٠)

شاعیر لە ڕێگەی ئاماژەی سروشتەوە گوزارشت لە هەستی ڕەشبینی و خەم و ماتەم و بێ هیوای ناخی دەکات، شاعیر بۆ ئەم مەبەستە ئاماژەی هەور و هەڵای بەکارهێناوە، کە دەقەکەی جوانتر کردووە، چونکە دیمەنی هەور و هەڵا لە سروشتدا دەبێتە هۆی تاریکبوونی دونیا و دیمەنێکی خەماوی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەور بەری خۆر دەگرێت و نایەڵێت تیشکی خۆر بگاتە زەوی، کە پێویستییەکی سەرەکی گەشەی سروشتە، بۆیە چێژی دەق لە هارمۆنییەتی نێوان ئاماژەی هەور و هەڵا و نەمامی بێ چرۆ و گەڵایە، کە گوزارشت کردن لە خەمەکەی گەورەتر کردووە، شاعیر ئاواتەخواز بووە بۆ ئەوەی لەو خەمە ڕزگاریان بێت، کە بەرۆکی گرتوون. ئەم وێنەیە جوانی دەقەکەمان زیاتر بۆ ڕوون دەکاتەوە.

گەردوون هەور و هەڵا بوو ← دونیا تاریک دەبێت ← هۆکاری ڕزگاربوون، بارینی بارانە

بەروبووم بێ بەرهەم دەبێت

ناخی شاعیر خەم و ماتەم بوو ← مرۆڤ ڕەشبین دەبێت ← هۆکاری ڕزگار بوون هەوڵدان، ر

ناگات بە هیوا و ئامانجەکانی گەشبینی ناخە

شاعیر (ع.ح.ب) لە دەقی (ئیتر چۆن)دا دەڵێت:

**کە گیانم ئاودراوی جەوری ناهەمواری زۆرداربێ**

**دەرونم تا دەمی مەستی شەرابی ئێش و ئازار بێ**

**بە ژەهری پیسی برسێتی مەعیدەم گشت زامار بێ**

**ئیتر چۆن بەرگی سووری جەنگی بێ پەروایی ناپۆشم؟!**

**لە مەیدانا وەکو هەوری بەهار پڕ گرمە ناجۆشم؟!**

**بە خوێنم بۆ دەرهێنانی ڕەگی زۆرداری ناکۆشم؟!** (ع.ح.ب: ٥٤)

شاعیر لە دەقێکی نەتەوەییدا هەستی بەرەنگاری خۆی دژی دوژمن دەردەبڕێت و وێنەیەکی پڕ تراژیدیمان بۆ دەنەخشێنێت، یەکێک لەو ئاماژانەی شاعیر بەکاریهێناوە و هۆکاری ڕازاندنەوەی دەقەکەیە بریتییە لە (هەور)، بۆیە هەوری بەهار هەڵگری ئاماژەی ترس و تۆقاندن و بەهێزییە، شاعیر بۆ دەربڕینی هەستی پڕ لە تۆڵەسەندنەوەی ناخی ئاماژەی هەوری بەهاری هێناوە، کە پڕە

لە دەنگی بەرز و ترس و تۆقاندن، هەروەها هارمۆنییەتی نێوان هەریەک لە ئاماژەکانی تری وەکو بەرگی سوور و خوێن و ژەهری برسێتی جوانی زیاتری بە دەقەکە بەخشیوە.

**٢- شەو و ڕۆژ:** دوو دیاردەی دژیەکی گەردوونین، کە لە سوڕێکی دیاریکراوی بەردەوامدا بە دوای یەکدا دێن و هەریەکەیان خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆیەتی و ڕاستەخۆ پەیوەستن بە ژیانی مرۆڤەوە، بۆیە بەردەوام جێگەی سەرنج و تێڕامانی مرۆڤەکان بووە. بە تایبەتی شاعیران.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (سزا و خۆشەویستی)دا دەڵێت:

**لە دووری تۆ پەشۆکاوم**

**هەمیشە ماتەم و بێدەنگ**

**ڕۆژی ڕوناک لەبەرچاوم**

**تاریکییە وەک شەوەزەنگ** (جەمال بەرگی یەک: ٤١)

شاعیر لە ڕێگەی ئاماژەی پاڕادۆکسی (شەو ڕۆژ)، دەیەوێت گوزارشت لە خەم و ئازارەکانی ناخی بکات و وێنەیەکی جوان بەرجەستە دەکات، کە شەو ئاماژەیە بۆ (بێدەنگی و ترس و پەشۆکاوی) و ڕۆژ ئاماژەیە بۆ (زیندویی و خۆشی و ئارامی)، بەڵام دووری خۆشەویستەکەی وایکردوو کە ئەم یاسایە لای شاعیر جیاوازی نەبێت، لوتکەی جوانی و چێژ لەدەقەکەدا لە یەکسانی نێوان ئاماژەی شەو و ڕۆژ دایە، وەک لەم وێنەیەدا دەیخەینە ڕوو.

ڕۆژ هەڵگری سیفەتی ڕوناکییە ⟵ ئاماژەیە بۆ ژیان و خۆشیی ئارامی ↙

بەهۆی دووری یار (ڕۆژیش)

شەو هەڵگری سیفەتی تاریکییە ⟵ ئاماژەیە بۆ بێدەنگی و ترس و خامۆشی ↖

هەروەها سەرنجی (ع.ح.ب)ش، لەشیعری (دڵ وێڵە)دا دەڵێت:

**دنیا بۆتە شەوەزەنگ**

**بۆتە دەریایەکی مەنگ**

**چەم و دۆڵ پڕبوون لە ئاو**

**لە ئاوی سووری لافاو** (ع.ح.ب: ٤٥)

بوونی شەوەزەنگ لەم دەقەدا جوانی و ڕازاوەی زیاتری بە دەقەکە بەخشیوە، هەڵگری واتای قوڵ و شاراوەیە لەم دەقەدا، شەوەزەنگ هەڵگری ئاماژەی نادیاری و ناڕوونی تاریکییە، بۆیە

ناوی دەقەکە دەرخەری مەبەستی خۆشەویستییە، ڕەشبینی شاعیر لەنەگەیشتنی بەیار لە ڕێگەی شەوەزەنگەوە زیاتر جەختی لێکراوەتەوە، واتە چۆن دنیا شەوەزەنگ بوو هیچ نابینین و هەست بە ترس خەم دەکەین، دونیای خۆشەویستی منیش بە هەمان شێواز تاریکی و خەم و ترسە و بەردەوام دەگریم و گریانم وەکو ئاوی سوری لافاو وایە. ئەمەش بەشێکی گرنگی جوانی و چێژی دەقەکەیە.

**٣- گوڵ و دڕک:** دوو پێکهاتەی دژیەکی سروشتن کە هەرووکیان لە یەک خاک و ئاو دەڕوێن، بەڵام گوڵ بە گشتی هۆکاری بۆنخۆشی و جوانی و ڕازاوەییە، بۆیە زیاتر جێگەی سەرنجی شاعیرو ئەدیبان بووە، هەروەها دڕک هەڵگری سیفاتی تیژی و برینداركردن و ئێش و ئازارە، بۆیە لەئەدەبیاتدا هەردوو چەمکەکە بە واتای قوڵ و مەعریفی بەکارهاتووە وەک لە پەندێکی پێشینادا دەوترێت: (گول نیت دڕکیش مەبە).

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (گیانە)دا دەڵێت:

**لەگوڵزار لە کاتی**

**گوڵ چەپکە کردن دا**

**بەبژار دڕکی خەم**

**هەڵکەنین لە بن دا** (جەمال بەرگی یەک: ٢٩٤)

هونەرکاری و جەختکردنەوەی دەق لەسەر هەردوو ئاماژەی (گوڵ و دڕک)، ئاماژەن بۆ هەریەک لە مەبەستەکانی ئاوات و خۆشی لەگەڵ خەم و ئازار، کە پێکەوە گرێدانی هەردوو ئاماژەی دژیەکی گوڵ و دڕک، ئەوەندەی تر دەقەکە و ڕەهەندی واتایی دەقەکەی فراوانتر کردووە و جوانییەکی زیاتری بە دەقەکە بەخشیوە و سەرنجڕاکێشتری کردووە. شاعیر زۆر بەئاگایی و بەمەبەستەوە هەردوو ئاماژەی بەکارهێناوە.

هەروەها شاعیر (ع.ح.ب) لە دەقی (بەچیم ئەزانی) دەڵێت:

**ئەی دڕک ودالی سەرەڕێم**

**دانەجیرەی چیتانە لێم؟**

**هەزار شەبەق بکەنە پێم**

**بە سەرتانا هەنگاو دەنێم** (ع.ح.ب: ٨٤)

شاعیر بۆ ئەوەی شیعرێکی جوان و ناوازە پێشکەش بکات، هەوڵیداوە لە ڕێگەی لادانی واتایی و بەکارهێنانی ئاماژەی دڕکەوە دەقەکە برازێنێتەوە، کە (دڕک) ئاماژەیە بۆ ڕەقیب و خەم و خەفەت

و ئازار و مەینەتی ڕۆژگار، بەمەش واتای دەقەکەی قوڵتر کردووەتەوە، شاعیر هارمۆنییەتێکی جوانی لەگەڵ ئاماژەی ڕوخساردا بەرجەستە کردووە کە (دانەجیرێیە)، کە ئاماژەیە بۆ هەڕەشەکردن و زاڵبوون، کە ئەمە ڕێگایەکی تازەیە بۆ گوزارشتکردن و دەلالەتی نوێ بە وشەکان داوە، کەشێکی نا ئاسایی و نامۆ خوڵقاندووە، بەو هۆیەوە ئیستاتیکای لە بنیاتی دەقەکەدا بەرجەستەکردووە و سەرنجی خوێنەری بۆلای خۆی زیاتر ڕاکێشاوە و چێژی پێ بەخشیون.

٤- **خۆر:** گەورەترین تەنی ناو کۆمەڵەی خۆرە لە ڕووی قەبارەوە، کە سەرجەم گەردوون ڕووناک دەکاتەوە، تیشک و ڕووناکی و گەرمی خۆر سێ تایبەتمەندی گرنگی خۆرن کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە مرۆڤەوە هەیە.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (تۆ بڵێی)دا دەڵێت:

**تۆ بڵێی**
**خۆر تیشکی زێڕینی**
**وڵاتم نەخش کات**
**شەماڵیش بە شنەی ئارام**
**دڵ پەخش دەکات** (جەمال بەرگی یەک: ٢٩٢)

لە ئاماژە هەرە گرنگەکانی خۆر بریتییە لە (جوانی، هێز، دەسەڵات، یەکسانی، گەیشتن بە هیواو ئاوات، دەرخستنی ڕووی جوانی شتەکان، ڕووناکردنەوە)، شاعیر لەم شیعرە نەتەوەییەدا زۆر بەمەبەست و بەئاگاییەوە خۆری وەک ئاماژەی هیوا و ئومێد و گەشبینی بەکارهێناوە و وێنەیەکی جوانی بەرجەستەکردووە، بەمەش چێژی زیاتری بە دەقەکە بەخشیوە. هەروەها پاش گەیشتن بە لوتکەی ئومێد و هیوا شەماڵ کە ئاماژەی ئارامبوونەوە و بێدەنگییە بە هێمنی و لەسەرخۆیی شاعیر بەرەو ئارام بوونەوە دەبات، لەبەرئەوە شاعیر دوو ئەرکی بە شەماڵ سپاردووە، یەکەم: گەیاندنی چێژی ئارامی و سەرکەوتن، دووەم فێنکردنەوەی دڵی گڕگرتووی شاعیر بۆ سەربەخۆی، لەم وێنەیەدا جوانییەکان لە ڕێگەی هونەری لێکچواندنەوە زیاتر ڕووندەبنەوە.

خۆر تیشکی زێڕینی ⟵ هۆکاری ئومێد و سەرکەوتن و ڕووناکردنەوەیە
خۆر تیشکی زێڕینی ⟵ گەیاندنی پەیامی سەرکەوتنە
بای شەماڵ هۆکاری ⟵ ئارامبوونەوەی جەستە لە گڕی خەمی ناخ و ڕەشبینی

دەتوانین بڵێین لوتکەی چێژ و جوانی لەم دەقەدا لە (ئاماژەی خۆر)دا کۆبۆتەوە، کۆکەرەوەی هەموو جوانی دەقەکەیە، چونکە خۆر بەو وزە گەرمییەی کە هەیەتی هۆکارێکە کە زیاتر هەست بە کزەی شەماڵ بکەین. بۆیە بە گەیشتن بە ئارامی و سەرکەوتن بای شەماڵ کاریگەری لەسەر دڵ و دەروونی شاعیر زیاتر دەبێت و بەرەو گەشبینی دەبات.
هەروەها شاعیر ع.ح.ب لە دەقی (پرسیار)دا دەڵێت:

**ئەم گەلی کوردە کڵۆڵە**
**کە ئێستا بووە بە گڵۆڵە**
**ڕۆژێک ئەکاتەوە، تۆڵە**
**ئیتر ئەوسا، سەرانسەر خۆر**
**هەموو شتێک ئەگرێتەوە**
**چەوسانەوەی زوڵم و زۆر**
**ببڕای ببڕ ئەبڕێتەوە** (ع.ح.ب: ٣١٣)

شاعیر لە چوارچێوەی هەستی نیشتیمانپەروەریدا بە مەبەستی گەیاندنی پەیامەکەی شێوازێکی نوێی بەکارهێناوە، کە ئاماژەی سروشتی خۆرە، لەبەرئەوە ئەندێشە و خەیاڵی شاعیر هۆکارێکی گرنگی جوانی دەقەکەیە، کە خۆر لەم دەقەدا ئاماژەیە بۆ (یەکسانی و هێز و بەدیهێنانی هیوا و ئاواتەکان)، شاعیر خۆری بۆ ئاماژەی هێزێکی زۆر و یەکسان بەکارهێناوە، بۆیە هەموو تاکێکی کورد بەیەکەوە وەکو تیشکی خۆر دەتوانن ببنە هێزێکی یەکگرتوو دژی دوژمن، هەروەها خۆر هەڵگری پەیامی ئومێد و گەشبینییە، ئەمەش جوانییەکی زیاتری بە دەقەکە بەخشیوە.
**٥- شەماڵ، با، ڕەشەبا:** بریتییە لە جێگۆڕکێی هەوا بە چڕی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کە خێراییەکەی هۆکارە بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی وەکو (نەسیم، شەماڵ، کزە با، ڕەشەبا، گەردەلول)، ئەو هێزەی کە لە بادایە هۆکاری ڕاکێشانی سەرنجی ئەدیب و شاعیران بووە.
جەمال شارباژێڕی لە دەقی (تۆ بڵێی)دا دەڵێت:

**تۆ بڵێی کزەبای**
**زستان بشکێتەوە**
**ڕەهێڵەی ڕێی ژیان**
**تاوێ خۆش بێتەوە** (جەمال بەرگی یەک: ٢٩٢)

هەریەک لە دەستەواژەکانی (کزەبا و ڕەهێڵە) خۆیان دەستەواژەیەکی پڕاو پڕ لەجوانیین، شاعیر بەمەبەست و لە پێناو ڕازاوەیی و جوانی دەقەکەدا بۆ مەبەستی نیشتیمانپەروەری بەکاریهێناون، کە هەردوو وشەکە هەڵگری ئاماژەی سەختی ژیان و خەم و ئازارەکانی ڕۆژگار دێن، هەروەها شاعیر لە گۆشەنیگای تێڕوانینی بۆ ئایندەیەکی گەشتر ئاماژەی کزەبای بە مەبەستی سەرکەوتن و هیوا و گەشبینی بەکارهێناوە، بەئومێدەوەیە کە بەهار و خۆشی بێت، شاعیر هارمۆنییەکی جوانی لە نێوان هەریەکە لە (کزەبا و ڕەهێڵە و زستان)دا دروستکردووە، چونکە پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوانیاندا هەیە، کە بەمەش جوانی و ڕازاوەییەکی زیاتری بە دەقەکە بەخشیوە.

ع.ح.ب لە دەقی (بەدەمی خۆی)دا دەڵێت:

**ڕەشەبا بوو**

**ڕۆژ ڕۆژی بەگ و ئاغا بوو**

**هەر ئاغایە**

**هەرچی کاتێ بیویستایە**

**بە ئارەزوو**

**دەستی بە ناو خوێنا ئەچوو** (ع.ح.ب: ٤٥٤)

سەرەتای دەسپێکردنی ئەم کۆپلە شیعرە بە (ڕەشەبا)، بۆخۆی ئاماژەیە بۆ گرنگی و بەهای ئاماژە نازمانییەکان لای شاعیر، جەختکردنەوەیە لە مەبەستێک کە هێزێکی ترسێنەرە، لەگەڵ ئەوەشدا پێکهاتەی ناوەکەش کە وشەیەکی لێکدراوە هەڵگری ئاماژەی ترس و ڕەشبینی و زیانە، بەهۆی بوونی وشەی (ڕەش) لە پێشەوە، بەکارهێنانی ڕەشەبا لەم دەقەدا ئاماژەیە بۆ دەسەڵات و بەهێزی و گاریگەری، ئەمەش توانای شاعیر دەردەخات لە بەکارهێنانی ئاماژەکانی سروشت بە شێوازێکی هونەرییانە، بۆیە شاعیر لە ڕێگەی ئاماژەی ڕەشەباوە جوانییەکی ڕازاوەتری بە دەقەکە بەخشیوە، هارمۆنییەتی نێوان (ڕەشەبا و ئاغا) جوانی دەقەکەی چێژبەخشتر کردووە، وەک لەم وێنەیەدا ڕوونتر دەبێتەوە

(ڕەشەبا)ئاماژەیە بۆ ← هێز و دەسەڵات → دەتوانێت سروشت وێران بکات و لە ناوی دەبات

(ئاغا) ئاماژەیە بۆ ← هێز و دەسەڵات → دەتوانێت خوێن بڕژێنێت و مرۆڤ بکوژێت

**٦- تۆ و چرۆ: چرۆ** گۆپکەیەکی وردی خڕە و ڕووەک لە پێش گەڵا و گوڵ دەری دەکات و ئاماژەی دەرکەوتنی بەرهەم و بەروبوومە، بۆیە چرۆ لەگەڵ تۆ و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، چونکە هەردووکیان هەنگاوی یەکەمی گەشەکردن ڕازانەوەی سروشتن.
جەمال شارباژێڕی لە دەقی (هیوا)دا دەڵێت:

**چرۆی چڵی شادیم دەپشکوێ**

**بەشەماڵی هیوا دەلەرێتەوە** (جەمال بەرگی یەک: ١٧٥)

چرۆ بریتییە لە گۆپکە کردنی بەروبومی ڕووەک، کە یەکێکە لە ئاماژە گرنگەکانی سروشت، کە زۆرجار سەرنجی شاعیرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، لەم دەقەدا چرۆ ئاماژەیەکە بۆ گەشەکردنی تەمەن و ژیان و هیوا و ئاوات، بەکارهێنانی جوانییەکی زیاتری بە دەقەکە بەخشیوە، چرۆکردن لە سروشتدا سەرەتای دەرکەوتنە و پاشان شنەی شەماڵ یارمەتیدەری گەشەکردنی بووە، کە ئەم پرۆسەیە جێگەی سەرنجی شاعیر بووە و هۆکارێک بووە بۆ ڕازاندنەوەی شیعرەکەی، چونکە جوانی دەق لە گونجانی نێوان (چرۆ و شەماڵ)دایە، لەبەرئەوەی دەرکەوتنی تروسکەی هیوا لەناخ و دەروونماندا پێویستی بە بیرێک هەیە بۆ گەشانەوە و بەردەوام بوونی ئەو هیواو ئاواتە، تاوەکو لە ڕوخسار و کردەوەماندا دەربکەوێت و کاریگەری لەسەر بەرانبەر هەبێت.
هەروەها شاعیر ع.ح.ب لە دەقێکی بێ ناونیشاندا دەڵێت:

**هەموو بەهارێ لە کێڵگەی دڵا**

**تۆو ئەچێنم بە ڕەشە گڵا**

**کە دێتە ئەوەی سەر دەربهێنێت**

**هەر بنجەو سینەی ئەچێ بە چڵا** (ع.ح.ب: ٦٣١)

ئەم شیعرە تابلۆیەکی سەرنجڕاکێشی هونەرییە، شاعیر وێنەیەکی هونەری جوان و ڕازاوەی لە ڕێگەی ئاماژەی سروشتەوە نەخشاندووە، کە بریتییە لە (تۆو) کە بە مەبەستی (خولیا، بیر، ئامانج) دێت، ئەوەمان پێدەڵێت کە مرۆڤ لە ژیاندا بەرادەوام لە هەوڵ و تێکۆشاندایە، بەڵام ڕەنگە هەمووکات سەرکەوتوو نەبێت و نەگات بە ئامانجەکەی، ئەمەش نابێت وای لێبکات بوەستێت و دەبێت بەردەوام بێت، وەک لەم وێنەیەدا زیاتر ڕووندەبێتەوە:




**٧- ئاسمان و ئەستێرە:** ئەو بۆشاییە فراوانەیە کە لە سەرووی ڕووی زەوییە و بە گشتی ڕەنگی شینە و هەڵگری هەریەک لە ئەستێرە و خۆر و مانگە و بەیەکەوە وێنەیەکی نەخشینی و ڕازاوەیان دروستکردووە، لە شەو و ڕۆژدا، کە ئەم جوانییە هۆکارێکە بۆ سەرنجڕاکێشانی مرۆڤ و بەتایبەت شاعیران.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (شەهید)دا دەڵێت:

**شەهید ئەی مەزنترین ناونیشان**

**تۆ وەک ئەستێرە گەشەی لە ئاسمان**

**شکۆدارترین جێی تێکۆشانت گرت**

**هەتا کەس شان نەدا لەشانت** (جەمال بەرگی یەک: ٥٣)

شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئاماژەی سروشتەوە گوزارشت لە گەورەیی و فیداکاری و قوربانیدان بکات، بۆیە بوونی ئەستیرە و ئاسمان لەدەقەکەدا جوانییەکی زیاتری بە دەقەکە بەخشیوە، چونکە ئەستێرە هەڵگری ئاماژەی درەوشاوەیی و ناسراویی و جوانی و سەرنجڕاکێشییە. هەروەها ئاسمانیش هەڵگری ئاماژەی بەرزی و شکۆ و ڕێزە، بۆیە ڕووح شایەنی

ئەوەیە بچێت بۆ ئەم شوینە بەرز و پڕ لە شکۆیە و هەمیشە وەک ئەستێرەیەک بگەشێتەوە، وەک لەم وێنەیەدا دەیخەینەڕوو.

ڕووح دەچێت ← بۆ ئاسمان ← دەبێتە ئەستێرەیەکی گەشاوە

شەهیدبوون

جەستە دەچێت ← بۆ ژێر زەوی ← ناوی بەنەمری دەهێڵێتەوە

شاعیر (ع.ح.ب) لە دەقی (بەڵام)دا دەڵێت:

**لێڵە ئاسمان**

**خوێنی زامەکان**

**سەرەو ژوور ئەڕۆن**

**چڵەکان ئەشۆن**

**من ڕێم لێ ونە**

**بنی پێم دەرزی ئاژنە** (ع.ح.ب: ٢٥٤)

شاعیربە چەند ئاماژەیەکی نازمانی ئەم دەقەی ڕازاندووەتەوە و گونجانێکی جوانی لە نێوانیاندا دروستکردووە. شاعیر لە دەسپێکی شیعرەکە بە نیشانەی (لێڵە ئاسمان)، دەیەویت جەخت لەسەر دوو مەبەست بکاتەوە، یەکەم (لێڵ) ئاماژەیە بۆ ناڕوونی، هەروەها هەڵگری ئاماژەی ڕەشبینی و نائومێدییە، دووەم (ئاسمان) ئاماژەیە بۆ بەرزی ئاسۆی ئومێد، بەڵام کۆکردنەوەی هەردوو وشەکە بەیەکەوە جەختکردنەوەیە لەسەر ڕەشبینی ناخی بەرانبەر بەو ئومێد و هیوایەی کە ناتوانێت پێی بگات، بۆیە بە دوای دەرچە و ڕێگایەکدا دەگەڕێت بۆ خۆدەربازکردن لەو نائومێدییە، دەتوانین بڵێین مەبەستی شاعیر لە گەیاندنی واتای ئەو پەندەیە کە دەڵێت (داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێت قەت بەر ناگرێت)، هارمۆنییەت لە نێوان (لێڵە ئاسمان و ڕێم لێ ونە) جوانییەکی دروستکردووە، کە چێژی زیاتری بە دەقەکە بەخشیوە، تابلۆی ئەم دەقە لەم هێڵکارییەدا ڕوونتر دەبێتەوە:

خوێنی ← زامەکان دەبنە ئاو بۆ چڵی دارەکان ← ئومێد و هیوا بەدی دەهێنن

لێڵە ئاسمان ← ڕێ لێ ونکردن ← نەگەیشتن بە ئامانج ← ڕەشبینی و نائومێدی

### ٤-٢-١: ئیستاتیکای ئاماژە ڕەنگییەکان:

ڕەنگەکان بریتین لە سیفەتی تەنێک، کە ئەم سیفەتە دەبێتە ناسنامە و جیاکەرەوەی لە نێو ئەوانی تردا، کە لە ڕێگەی تیشکی ڕووناکییەوە دروستدەبن، کاتێک تیشکی ڕوناکی بەر تەنەکان دەکەون لە ڕێگەی هەڵمژین و هەڵگەڕانەوەی تیشکی ڕوناکییەوە ڕەنگەکان دروستدەبن، کاتێک چاوی مرۆڤ هەستی پێدەکات، کە تیشکی ڕووناکی هەبێت، بۆیە دەوترێت ((ڕووناکی خاڵی بنچینەیی پێکهێنانی ڕەنگە، ئەمەش لێهاتوویی و لێزانینی بینینە، لە دەرئەنجامی کارپێکراوی هەست، هەربۆیە دەتوانین بڵێین ڕەنگ بریتییە لە وەڵامێکی فیزیاویی و دەروونی بۆ ڕووناکی)) (عبدالسلام و علی، ٢٠١٩: ١١٤)، ڕووناکی سروشتی ڕەنگەکان دەردەخات و دەبنە سیمای جیاکەرەوەی تەنەکان، لەبەرئەوە ڕەنگەگان هەڵگری چەندین واتای هێمایی و دەلالەتی جۆراوجۆرن و سەرچاوەی سەرەکیان بۆ سروشت دەگەڕێتەوە، ڕەنگ بە دەم خواستی دەروونی و حەزی مرۆڤەوە دەچێت و خۆی ڕواڵەتێکی بێلایەن و بابەتیيانەیە، بەڵام مرۆڤ دێت واتا و ڕەهەندی ئاماژەییانەی پێ دەبەخشێت لە پێناو گەیاندنی واتاو مەبەستێکی تر.

لە ڕووی مێژووییەوە سروشت سەرچاوەی یەکەم بووە بۆ دۆزینەوەی ڕەنگەکان، هەروەک دەوترێت: ((ڕەنگ دیاردەیەکی فیزیکییە و سروشت سەرچاوەکەیەتی و هەر لە دێرینەوە مرۆڤ لەگەڵ ڕەنگدا ژیاوە و کاریگەری لەسەر دەروونی مرۆڤ دروستکردووە)) (حەمەد، ٢٠٠٢: ٢٩٥). بۆیە دەتوانین بڵێین یەکێک لە پێڕەوەکانی گەیاندنی پەیام بریتییە لە ڕەنگەکان، بە جۆرێک هەر ڕەنگێک خاوەنی ڕەهەندی تایبەت بە خۆیەتی، هەڵگری پەیامی شاراوەیە، کە بە پێی جۆری ڕەنگ و بارودۆخ و کات و شوێنی بەکارهێنان لە گۆڕاندایە، گرنگی ئاماژەکانی ڕەنگ بە جۆرێکە کاریگەری دەروونی لە ژیانماندا دروستدەکات، چونکە هەریەک لە سیفەتی ئاسوودەیی و دڵتەنگیی پەیوەستە بە ڕەنگێگی تایبەتەوە، کە ئەم ئاماژانە لە نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەکی تر جیاوازە و گۆڕانی بەسەردا دێت، لەبەرئەوەی ئاماژەکانی ڕەنگ پێڕەوێکن کۆمەڵگا لەسەری ڕێکدەکەون.

بەهۆی ئەو پەیوەندییە قوڵەی لە نێوان مرۆڤ و ڕەنگدا هەیە، هەمیشە سەرنجی مرۆڤیان ڕاکێشاوە، ئاماژەکانی ڕەنگ بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤیان پێکهێناوە، زۆرجار مرۆڤ لە ڕێگەی ڕەنگەوە پەیامێکی تایبەتی ناردووە، بۆیە بەشێکی گرنگن لە ژیانی مرۆڤ و هەڵگری پەیامی جۆراوجۆرن، سروشتی بەکارهێنانی ڕەنگ لە ژیانی مرۆڤدا و هێزێکی گەورەی هەیە، مرۆڤ لە ژێر کاریگەری ڕەنگەکەکانی ئەو ژینگە و کولتوورەدایە، کە تێیدا دەژی، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە سەرەتا مرۆڤ بەرکەوتنی لەگەڵ ڕەنگەکەکانی سروشت هەبووە و بە ڕەنگە

جیاوازەکانی سروشت ئاشنا بووە، کە هەریەکەکان ئاماژەیەکن بۆ مەبەستێکی تایبەتی، بۆیە دەوترێت: ((مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە زۆرترین مامەڵەی لەگەڵ سپێتی ڕۆژ و ڕەشێتی شەودا هەبووە و پاشان ئەوەی بۆ دەرکەوت، کە ڕەنگە جۆراوجۆرەکانی ناو سروشت وەک هێمایەک بەکاربهێنێت و کاری ڕۆژانەی خۆی پێ ڕایی بکات، ئەمەش لەو تایبەتمەندییە دەروونییانەی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەمیشە حەزی بە چست و چالاکبوون گەشەکردنە)) (عبدولڕەحمان و مەحمود، ٢٠١٨: ١٣)، تەنانەت ڕەنگەکان وزە لە جەستەدا زیاد دەکەن هەڵچوون و تێکچوونە دەروونی و هەستییەکان هاوسەنگ دەکەن، بۆیە دەوترێت: ((ڕەنگ وەک ڕەگەزێکی دیار و بەرجەستەی سروشت، ڕۆڵی سەرەکی لەتەواوی لایەنە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤدا هەیە، هەروەها کاریگەری لەسەر دروستدەکات، لەگەڵ ئەمەشدا تەواوی زانستەکانی وەک فەلسەفە، دەروونناسی، ئەدەبیات، هونەر،... هتد خستۆتە ژێر کاریگەریگەری خۆیەوە)(عەلی،٢٠١٨: ٤٢)، ئاماژەکانی ڕەنگ جگە لەوەی کار دەکەنە سەر تواناکانمان بۆ جیاکردنەوەی شتەکان هۆکارێکی گرنگن بۆ گۆڕینی هەستەکانمان، بۆ نموونە ڕەنگی سپی زۆرجار هەڵگری هەستی پاکێتی و دڵخۆشییە، بەڵام ڕەنگی ڕەش هەڵگری خەم و ماتەمە، یاخود سەوز هەڵگری گەشاوەیی و ئاسوودەییە.

مرۆڤ هەر زوو ئاشنابووە بەو ڕەنگە جیاوازانەی، کە لەسەر ڕوخساریدا دەرکەوتووە بەهۆی بارودۆخی دەروونییەوە، کە هەریەک لە ڕەنگەکانی ڕوخسار گوزارشت دەکەن لە بارودۆخی جیاواز. پاشان بەهۆی گەشەکردن و بەرەو پێشچونی ژیان وایکرد مرۆڤەکان پێویستیان بە ڕەنگ بێت لەپاڵ زمان، چونکە زمان ناتوانێت لە هەموو بارودۆخێکدا شوێنی واتا و مەبەستی ئاماژەکانی ڕەنگ بگرێتەوە. لەبەرئەوە پێویستی ژیان وایکرد مرۆڤەکان ڕەنگی جیاواز بەرهەمبهێنن و هۆکارێکی گرنگ بێت بۆ ئاسان کردنی ژیانیان، بۆ نموونە ڕەنگی گڵۆپی پەڕینەوە، ڕەنگی جل و بەرگ لە کایە جیاوازەکانی ژیاندا. بەهێزی و کاریگەری ئاماژەکانی ڕەنگ وایکردووە کە تەنیا لە ژیانی ڕۆژانەدا نەماوەتەوە، بەڵکو چووەتە بواری (ئەدەب و سیاسەت)ەوە، کە لە هەر بوارێکی جیاوازدا ڕەنگەکان دەکرێت بۆ واتا و مەبەستی جیاواز بەکاربهێنرێن.

کاریگەری ڕەنگ لە هەموو ژانرە جیاوازەکانی ئەدەبدا ڕەنگی داوەتەوە، وەک دەوترێت: ((ڕەنگ چۆن ڕۆڵێکی پڕ بایەخی لە نیگارکێشیدا هەیە، بەهەمان شێوەش لە ئەدەبدا بە گشتی و لە شیعر بە تایبەتی کاریگەرییەکەی دیارە)) (حەمەد. ٢٠٠٢: ٣٧٨)، بەڵام لە شیعردا ڕۆڵی جیاواز دەبینێت، چونکە ئەدیب بە دوای جوانیدا دەگەڕێت و ڕەنگ بونیادێکی بنچینەیی پێکهێنانی شیعرە بەو پێیەی

ڕۆڵێکی گرنگی لە وێنەی شیعریدا هەیە لە پێناو چێژ و جوانی، ڕەنگەکان دەچنە خانەی هاوەڵناوەوە و وەکو بەشێکی گرنگی وەسفکردن و چواندن بەکاردەهێنرێن و سەرەڕای ئەوەی شاعیر لە ڕێگەی لادانەوە توانای ئەوەی هەیە لە پێناو ڕازاندنەوەی شیعرەکەی لە دەستوری ئاماژەکانی ڕەنگ لابدات. شاعیر جیاوازتر لە مرۆڤ ئاماژەکانی ڕەنگ سەرنجی ڕاکێشاوە، چونکە هەمیشە بە دوای جوانیدا گەڕاون و ڕەنگەکانیش وەکو بەشێکی گرنگی ئیستاتیکی هێزێکی دەلالی مانایی دەبەخشنە دەق، بۆیە ڕەنگ لە شیعری نوێدا جگە لە مەبەستە سروشتییەکانی خۆیان وەک ئاماژەیەکی نازمانیش بۆ ماناو مەبەستی تر بەکاردێن.

ڕەنگەکان بنەمایەکی گرنگی ئیستاتیکای دەقی شیعرین، ((شاعیر لەو هێزەی کە لە ڕەنگەکاندا بوونی هەیە، هەستی خۆشەویست و ترس و توڕەیی.... دەردەبڕێت و خۆی لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە نمایش دەکات. بۆیە ڕەنگەکان وەک ڕەگەزێکی گرنگی هەستپێکردن هەر لە کۆنەوە هەست و ناخی شاعیریان بۆ لای خۆیان کەمەندکێش کردووە و بوونەتە ڕەگەزێکی دیاری دەرکەوتنی توانای داهێنەرانەی شاعیر لە شیعرەکانیدا)) (عبدولڕەحمان و مەحمود، ٢٠١٨: ١١). هەریەک لە ئاماژەی ڕەنگی هۆکارێکی گرنگە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی شیعری و وێنەی شیعری هۆکارێکی گرنگی ڕازاندنەوەی دەقی شیعرین، هەروەها ((ڕەنگ فەرهەنگی زمانی شعیری فراوانتر و دەوڵەمەنتر دەکات. واتە ڕەنگێکی خوازراو بە مەبەستی دەلالەتی ویستراو لای شاعیر دەبێتە زمانی شاعیر و ڕەنگێکە تەنەکانی پێ وێنە دەکات و دەلالەتی نوێیان پێ دەبەخشێت)) (عبدالسلام و علی،٢٠١٩: ١١٨). هەمیشە ڕەنگەکان وەک ئاماژەیەکی گرنگ کاریگەرییان لە سەر باری دەروونی شاعیران هەبووە لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە تیدا ژیاون، شاعیر لە کاتی هۆنینەوەی شیعرەکانیدا ((ڕەنگ و زمان و بیر و کات و شوێن وەک پێنج ڕەگەزی گرنک بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لەبەرئەوەی شاعیر بەناخی شتەکاندا شۆڕ دەبێتەوە حاڵەتی دەگمەن و ورد هەڵدەبژێرێت و لە وەسفکردنیان داهێنان ئەنجام دەدات، کە وەسفەکان تام و کاریگەری ڕەنگەکان دەبەخشن)) (حەمەد، ٢٠٠٢: ٣٧٩). ڕەنگ ئاماژە کردنێکە ڕاستەوخۆ سەرنجی وەرگر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و ئەوە ڕەنگەکانە شاعیر بۆ خۆی کێش دەکات نەک شاعیر ڕەنگ بۆخۆی کێش بکات، ئەمەش لەبەر بوونی ئەو هێزە زۆرەیە کە لەڕەنگەکاندا هەیە شاعیر هەرگیز ناتوانێت فەرامۆشی بکات.

بەم جۆرە دەگەینە ئەوەی بڵێین، کە زۆربەی ڕەنگە جیاوازەکان لای شاعیران هەڵگری ئاماژەی جیاوازن لە دونیا بینیی شاعیردا، دەکرێت هەریەک لە پەیامەکانی وەکو(خۆشەویستی، نیشتیمانپەروەری، بەردەوامی، زاڵبوون، ژیانەوە، ماتەمینی، ترس، دڵەڕاوکێ، ئومێد، پاکبوونەوە،

خەم و خەفەت، ئاشتی، تورەبوون، ئارام بوونەوە،.... هتد)بگەیەنن. ڕەنگەکان هەڵگری هەریەک لەم پەیامە جیاوازانەن، تێڕوانینی شاعیر جیاوازترە بۆ ڕەنگەکان، چونکە شاعیر بەهۆی ئاماژەی ڕەنگەکانەوە تابلۆی شیعرەکانی دەنەخشێنێت جوانییەکی چێژبەخش بە وەرگر دەبەخشێت، هەردوو شاعیر (جەمال شارباژێڕی و ع.ح.ب) ڕەنگ و ئاماژە جیاوازەکانی ڕەنگیان وەکو بنەمایەکی گرنگ تەماشاکردووە بۆ گەیاندنی مەبەستی شیعری خۆیان، لەبەرئەوەی ڕەنگەکان هەڵگری چەندین واتا و ئاماژەی جۆراوجۆرن، کە ڕەنگە زمان هەموو کات نەتوانێت ئەو مەبەست و واتایە بگەیەنێت، دواجار شاعیریش وەکو هەر تاکێکی تری کۆمەڵگا کاریگەر بووە بە ئاماژە ڕەنگییەکان، بەڵام ئەم کاریگەرییە لای ئەدیبان بە جۆرێکی تر دەرکەوتووە و وایکردووە جوانی لێ بەرهەمبهێنێت.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ئاماژەکانی ڕەنگەکان پۆلێنیان دەکەین بۆ سێ جۆر، ڕیزبەندیکردنیان بە پێی بەهێزی و لایەنی مێژووییانە، کە بریتین لە:

**١- ڕەنگەکانی سروشت**

**٢- ڕەنگەکانی جەستە**

**٣- ڕەنگە بەکارهاتووەکانی ژیانی ڕۆژانە**

سەرەڕای هاوبەشی ڕەنگەکان لە نێوان هەر سێ جۆرەکەی ڕەنگ لە ڕووی فۆڕمەوە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەڵگری مەبەست و واتای جیاوازن، بۆ نموونە ڕەنگی (ڕەش) لە سروشتدا ئاماژەیە بۆ هاتنی شەو، لە ڕوخساردا ئاماژەیە بۆ بوونی نەخۆشی و لە ژیانی ڕۆژانەدا لای هەندێک میللەت ئاماژەیە بۆ خەم و ماتەمینی، ڕەنگی ڕەش لە ناو گەردووندا هەڵگری واتایەکە جیاوازە وەک لەسەر پێستی مرۆڤ، هەروەها هەڵگری واتایەکی ترە لەسەر ڕووی کەرەستەکانی ژیانی ڕۆژانە.

### ٤-٢-٢: ڕەنگەکانی سروشت

بەشێکی گرنگی ڕازاندنەوە و دیمەنی جوانی سروشت بریتییە لە ڕەنگەکان، کە تابلۆی سروشتیان ڕەنگاوڕەنگ و ڕازاوەتر کردووە، گەر ڕەنگ لە سروشت داببڕین بەدڵنیاییەوە ئەو جوانییەی نەدەبوو کە ئێستا هەیەتی و ڕەنگەکانی سروشت بەیەکەوە جوانییەکی ڕازاوە و دڵڕفێنیان بەرجەستە کردووە، هەر ڕەنگێکی سروشت هەڵگری ئاماژەیەکی تایبەتە، بۆ نموونە ڕەنگی سەوز ئاماژەی وەرزی بەهار و ڕەنگی زەرد ئاماژەی وەرزی هاوین و پایزە ڕەنگی هەور و تاریکی ئاسمان ئاماژەی باران و سەرمایە، لەبەرئەوە بەشێک لە گۆڕانی ڕەنگ لە سروشتدا

کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕینی هەستی شاعیر، دەتوانین بڵێین دیمەنی جوانی سروشت لە ڕێگەی ڕەنگەکانەوە نەخشاوە و سەرنجی ئەدیبیان ڕاکێشاوە هەست و سۆزیان وروژاندووە، لەبەرئەوە سروشت جێگە و پەناگەی شاعیران بووە. لە ناو شیعرەکانی هەردوو شاعیردا وێنەگەلێکی جوان و ڕازاوە دەبینرێن، کە ئیستاتیکا و چێژیان بە زمانی شیعرەکانیان بەخشیوە، لەخوارەوە نموونەی شیعرەکانیان دەخەینە ڕوو.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (سزاو خۆشەویستی)دا دەڵێت:

**لە دووری تۆ پەشۆکاوم**

**هەمیشە ماتەم و بێدەنگ**

**ڕۆژی ڕووناک لەبەرچاوم**

**تاریکیە وەک شەوە زەنگ** (جەمال بەرگی یەک: ٤١)

شاعیر لە ڕێگەی هەریەک لە چەمکە دوالیزمەکانی (ڕۆژ و شەو، تاریک و ڕووناک) کە هەریەکەیان ئاماژەی ڕەنگی سروشتن. هەردوو ڕەنگی تاریک و ڕوونی بۆ مەبەستی گەشبینی و ڕەشبینی بەکارهێناوە، زۆر بە زیرەکانە لە ڕێگەی لادانی واتاییەوە جوانییەکی ڕازاوەی بەرجەستە کردووە، ئەمەش هۆکاری جوانترکردنی دەقەکەیە، چونکە سیفەتی ڕۆژ کە ڕووناکییە هەمیشە هەستی پێدەکرێت، بەڵام شاعیر دەڵێت لای من هەمیشە تاریک و شەوەزەنگە، لەم وێنەیەدا زیاتر ڕووندەبێتەوە:

ڕۆژ ⟵ هەڵگری سیفەتی ڕوناکییە ↙

لای شاعیر یەکسانە و جیاوازی نییە بەهۆی دووری و دابڕانەوە

شەو ⟵ هەڵگری سیفەتی تاریکییە ↖

شاعیر لە دەقی (بڕوای پتەو)دا دەڵێت:

**لە ژێر تارای شەوەزەنگ دا**

**لە ناو زیندانێکی تەنگ دا**

**چوار تفەنگی**

**دەست بە قەمچی**

**چاو سوور وەک خوێن**

**دەم پڕ لە جوێن!**

**هەموو ڕۆژێک دەهاتن بۆم** (جەمال بەرگی یەک: ٦٥ )

لەم دەقەدا شاعیر هەستی نیشتیمانپەروەری خۆی بە ئاوێتەکردنی ڕەنگی سروشت و ڕەنگی جەستە دەربڕیوە و جوانی خوڵقاندووە، ئاماژەی ڕەنگی تارای شەوەزەنگ، کە مەبەست کۆت و زیندان و ژیانێکی پڕ لە ناخۆشی و ناڕەحەتییە، ئەوە دەردەخات کە شاعیر لە نەهامەتیدا بووە، چونکە کەسانێکی ستەمکار کە چاویان سوور بووە بەخوێن سزایان داوە، (ڕەنگی سوور گوزارشتە لە کەسێکی بێ بەزەیی و دڵڕەق و ڕەنگی سووری چاو هەڵگری ئاماژەی ترس و زۆرداریيە). شاعیر جوانی دەقەکەی لە ڕێگەی ئەو دوو ئاماژە نازمانییەوە دەربڕیوە (تارای شەوە زەنگ و چاوی سوور) کە ئاماژەن بۆ ستەم و زۆرداری دوژمن.

هەروەها شاعیر لە دەقی (بێکەس)دا دەڵێت:

**بۆیە بێکەسی مەزن ڕووی کردە**

**مانگی ڕوو زەردی وێڵ و سەرگەردان**

**تا بەشایەت بێت کە چۆن ئەم کوردە**

**بیست و حەوت ساڵە لە ژێر ئاگردان** (جەمال بەرگی دوو: ٣٢٢)

فایەق بێکەس لە دەقی (ئەی مانگ) گلەیی و خەمی دەرونی بۆ مانگ دەکات و دەقێکی جوان و ڕازاوەی بەرجەستە کردووە، بۆیە ئەم دەقە جێگەی سەرنجی جەمال شارباژێڕی بووە و دەڵێت کاریگەربوون بە سروشت و ڕەنگەکانی لەسەر شاعیر بە جۆرێکە کە کردویەتی بە هاوخەم و شایەتحاڵ بۆ ژیانی چەوسانەوەی خۆی، جوانی دەق بەهۆی لادانی واتاییەوە خوڵقاوە، چونکە ڕەنگی زەردی مانگ هۆکارەکەی بۆ هاوخەمی میللەتی کورد دەگەڕێنێتەوە، کە ڕەنگی زەرد ئاماژەی نەخۆشی و بێتاقەتیە.

شاعیر (ع.ح.ب) لە دەقی (بڕوانە) زۆر جوان لە ڕێگەی چەند ڕەنگێکی سروشتەوە جوانی بەرجەستە کردووە و دەڵێت:

**بڕوانە گیانە ئاسمانی شین**

**داهۆتۆتەوە بۆ لوتکەی ڕەنگین**

**جریوە و جوکەی ئەستێرەی زێڕین**

**کە جێ ئەهێڵن دەم بە پێکەنین**

**لەگەڵ گۆرانی و بەستەی هەڵپەڕێن** (ع.ح.ب: ٢١-٢٢)

جوانی ئاسمان و لوتکەی شاخ و ئەستێرە کە پانتاییەکی فراوانی سروشت پێکدەهێنن، بوونەتە مایەی ئاسوودەیی دڵ و دەروون و وروژاندنی هەست و ئیلهامی شاعیر، بۆیە شاعیر داوا دەکات

که بۆ ئارامی دڵ و دەروون بڕوانینە شینی ئاسمان یاخود لوتکەی ڕەنگاوڕەنگی شاخەکان و تیشکی زێڕینی ئەستێرە، کە هەریەکەیان ئاماژەن بۆ خۆشبەختی و گەشبینی، چونکە لە ڕووی دەروونییەوە، ((ڕەنگی سەوز هۆکارێکی گرنگە بۆ گەشبینی ئارامبوونەوەی دەروون و دڵنیایی و هەوەها ڕەنگی شین دەلالەتە بۆ جیهانی بێ سنوور و ئەستێرە و دەریا و بەرەبەیان)) (عبد السلام و علی، ٢٠١٩: ١١٦)، بۆیە ئەم دوو ڕەنگە جێگەی سەرنجی مرۆڤن، بە تەماشاکردنیان مرۆڤ دڵخۆش دەبێت.

شاعیر (ع.ح.ب) لە دەقی (بەرەو بەهار)دا جوانییەکی ڕازاوەمان بۆ دەنەخشێنێت و دەڵێت:

**پرشنگی زێڕینی هەتاو**

**ئەدا لە بەفری ڕووی نسێو**

**لە ژێر پێیا ئەبێ بەئاو**

**پشت هەڵ ئەکا لە لوتکەی کێو** (ع.ح.ب: ١١٢)

ئەو دیمەنەی کە جێگەی سەرنجی شاعیر بووە وێنەیەکی پڕ لە ئیستاتیکی لێ خوڵقاندووە، کە بە بیری ئێمەدا نەچووە، ئەویش هەردوو چەمکی پارادۆکسی هەتاو و بەفرە، هەمیشە زەردی تیشکی هەتاو سپێتی بەفر لەناو دەبات و دەیکاتەوە بە ئاو لە عاشقی خۆی جیادەکاتەوە کە لوتکەی سەختی شاخەکانە، کەواتە ڕەنگی زەرد ئاماژەیە بۆ زاڵبوون و سپێتی ئاماژەیە بۆ بێهێزی، کەواتە ئەوە هێزی ڕەنگە وای لە شاعیر کردووە ئەم دەقە جوانەی لێ بەرهەم بهێنێت.

**٤-٢-٣: ڕەنگەکانی جەستە:**

یەکێک لە ئاماژە گرنگەکانی جەستە بریتییە لە ڕەنگەکان، ئاماژەکانی جەستە بە تایبەتی ڕوخسار هەمیشە سەرنجی شاعیرانیان ڕاکێشاوە، بۆیە بەشێکی گرنگی جوانی جەستە ڕەنگ گوزارشتی لێ دەکات، وەکو دەوترێت (پێستی سپی، چاوی شینی، پرچی ڕەشی، گەردنی زەردی، ڕوومەتی سوری،...هتد). هەروەها هەر گۆڕانی فیسۆلۆژی جەستە لە ڕێگەی ڕەنگەوە دەردەکەوێت، بۆ نموونە لە کاتی ترسدا دەوترێت ڕەنگت پەڕیوە، یان لە خەم خەفەتدا ڕەنگی ڕوخسار ڕەش دادەگیرسێت لە کاتی نەخۆشیدا ڕەنگ زەرد هەڵدەگەڕێت، لەبەرئەوە هەریەک لەم چەمکانە بەڕوونی لە دەقی شیعریدا بەدی دەکرێن و لە ڕێگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە جوانیان بە دەق بەخشیوە.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (پیرە)دا لە ڕێگەی چەند ئاماژەیەکی ڕەنگی جەستەوە جوانییەکی چێژبەخش بەرجەستە دەکات و دەڵێت:

**پیرێژنێکی سەرسپی**

**هەشت نۆ دە ساڵە نەنەیە**

**بەڵام بۆ ڕەشێتی قژی**

**هەمیشە سەر بەخەنەیە**

**کەچی هێشتا خۆی لا شۆخە**

**چرچەکانی ڕوومەتیشی**

**پینە مکیاجی تۆخە**

**خێل دەبیت لای دابنیشیت!** (جەمال بەرگی دوو: ٤٢٥)

شاعیر لەم دەقەدا زۆر بەڕوونی لە ڕێگەی ئاماژەی ڕەنگی قژەوە گوزارشت لە تەمەنی بەرانبەر دەکات و ئەو دیمەنی کە پێی کاریگەربووە لە ڕێگەی هەریەک لە ئاماژە ڕەنگییەکانی (ڕەشی قژی و سەر بەخەن و میکیاجی تۆخ)وە گوزارشتی لێکردووە، کە هەریەکەیان ئاماژەن بۆ لە بیربردنەوەی تەمەنی پیری و گەڕانەوە بۆ لاوێتی و چێژ وەرگرتن لە ژیان. بۆیە شاعیر لەم دەقەدا بەڕوونی پەیام و مەبەستی خۆی لە ڕێگەی ڕەنگی جەستەوە گەیاندووە.

شاعیر لە دەقێکی تری بەناوی (فریشتەی سەربەستی)دا دەڵێت:

**خوێنی ئاڵت بۆ دەڕێژم**

**دەیکەم بەتارای بووکی بۆت**

**سزا و ناسۆری دەچێژم**

**تا جوێ دەبیتەوە لە کۆت**

**جووت ئەبینەوە خۆم و خۆت**(جەمال بەرگی یەک: ٩١)

دەربڕینی ئەو پەڕی هەستی خۆشەویستی لە ڕێگەی ڕەنگی ئاڵەوە کە ((جۆرە ڕەنگێکە وەک گوڵاڵە سورە))، (خاڵ، ٢٠٠٥: ٦ ) هارمۆنی نێوان ڕەنگی (ئاڵ و سوور) جوانییەکی چێژبەخشی بە دەقەکە بەخشیوە، چونکە ڕەنگی ئاڵ گوزارشتە لە خۆشەویستی و عیشق هەروەها ڕەنگی سوور گوزارشتە بۆ کۆڵنەدان و دەرچوون لە کۆت و دیلی، کەواتە ڕەنگی سوور دوو گوزارشت لەخۆدەگرێت، یەکەمیان خۆ بە قوربانیدانە بۆ یار و دووەمیان لە پێناوی یار خوێنی خۆی دەڕێژێت و جلەکانی سوور دەکات و دواتر وەک تارایەک دەدات بەسەری یاردا لە کاتێک دەگەنەوە بە یەکتری.

(ع.ح.ب) له دەقی (پاکانه)دا زۆر به جوانی له ڕێگەی چەند ئاماژەیەکی ڕەنگیی جەستەی یارەوه جوانی بەرهەم دەهێنێت و دەڵێت:

**تا لەم دنیایه ئەڕۆم**

**بۆ هەرچ کوێیه مل نێم**

**هەرچ شوێنێ بکەم بەجێم**

**ڕەنگی ئەو جووته چاوه**

**ئەو قژه زەردە خاوه**

**ئەو دەم و لێو و خاڵه**

**تیشکی ئەو کوڵمه ئاڵه**

**بزەی ئەو زەردەخەنه**

**دڵ و دەروون هەڵکەنه** (ع.ح.ب: ٣١)

هەریەک له ئاماژه ڕەنگییەکانی (ڕەنگی جوته چاو، قژی زەرد، کوڵمی ئاڵ) لەگەڵ ئاماژەی دەنگی که زەردەخەنەیه. پێکەوه جوانییان دروست کردووه و سەرنجی شاعیریان ڕاکێشاوه، که ئەو پەڕی کاریگەرییان له ئێستا و داهاتوو لەسەر شاعیر دروستکردووه، گەر به وردی بڕوانین شاعیر تەنیا له ڕێگەی ئاماژەی ڕەنگی چاو زوڵف و کوڵم و زەردەخەنەوه پەیامی عاشقبوونی یاری خوێندووەتەوه که چەند دڵ و دەروون بەره و نائارامی دەبات. شاعیریان سەرسام کردووه، بەبێ ئەوەی هیچ ئاخاوتنێک له یارەوه ببیستێت له پەیامەکەی گەیشتووه.

شاعیر له دەقێکی تردا به ناوی (برینی کۆن)دا له ڕێگەی ڕەنگی ڕوخسارەوه ئاماژه به باری دەروونی یار دەدات و دەڵێت:

**وەک من خۆراکت هەر نییه**

**ڕوومەتت زەرد ئەچێتەوه**

**ئارام له لەشت یاخییه**

**ڕەگ و ڕیشەت ئەتوێتەوه** (ع.ح.ب: ٢١٨)

لەم دەقەدا شاعیر تەنیا له ڕێگەی ئاماژەی ڕەنگییەوه بەراوردی خۆی و یار دەکات، دیمەنی یار له حالەتی زەردبوونەوەی ڕوومەتەکان ئاماژەن بۆ بوونی نەخۆشی و تێکچوونی باری دەروونی، ئاماژەی زەردی ڕوومەتی خۆشەویستەکەی ئەو پەیامەی به شاعیر گەیاندووه که شەکەت و ماندووه.

## ٤-٢-٤: ڕەنگە بەکارهاتووەکانی ژیانی ڕۆژانە:

سەرجەم ئەو ڕەنگانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاری دەهێنێت، سیفەتی هەستکردنی مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیانەوە کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەبووە بە تایبەتی هەستی بینین، چونکە بووتە هۆی جیاکردنەوەی ڕەنگەکان لەگەڵ یەکتری جیاوازیکردن لە نێوانیاندا بۆیە دەوترێت: ((ڕەنگ بە یەکێک لە بوارە واتاییەکانی زمان دادەنرێت، بواری واتایش بریتییە لە گروپێکی وشە کە پەیوەندییەکی واتای لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت، زۆرجار وشەیەکی گشتی کۆیان دەکاتەوە و جۆری ڕیزکردنی ڕەنگەکەکان هەڕەمەکییە و دەتوانن شوێنگۆڕکێ بکەن)) (کریم، ٢٠٠٢: ٧٧) هەریەکێک لە ڕەنگەکان هەڵگری واتایەکی تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام لە جیهانبینی شاعیر و لەناو دەقی شیعریدا کێڵگەی واتاییان گۆڕانی بەسەردا دێت و بۆ واتا و مەبەستی تر بەکار دەهێنرێن، سەرەڕای ئەوەی وەک بنەمایەکی گرنگی ڕازاندنەوەی دەق تەماشاکراوە.

جەمال شارباژێڕی لە دەقی (بفەرموو)دا بەڕوونی کاریگەربوونی بە ئاماژەکانی ڕەنگەوە پێوە دیارە و دەڵێت:

**با تا تینم تیایە هەور بگرێنم**

**پەلکەزێڕینە دەرهێنم**

**ڕەنگ بروێنم**

**باخ بەر بێنم** (جەمال بەرگی یەک: ٢٤)

جوانی پەلکەزێڕینە و کاریگەربوونی شاعیر پێی، هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی شاعیر ئەم دەقە زۆر چێژبەخشە بەرهەم بهێنێت و لادانی واتایی دروست بکات، کە هۆکارێکی گرنگی ئیستاتیکای دەقەکەیە، چونکە گریانی هەور ئاماژەیە بۆ باران بارین و هۆکارە بۆ دروستبوونی ڕەنگە جۆراو جۆرەکانی پەلکەزێڕینە، کە دیمەنێکی جوان و هەستبزوێنی هەیە و هەستێکی خۆش بە شاعیر دەبەخشن، گریانی هەور هۆکارە بۆ بوژانەوەی زەوی و ڕەنگاوڕەنگ بوونی، کە ئەمەش تابلۆی سروشت هێندەی تر جوانتر دەکات، کەواتە پەیامی پەلکەزێڕینە و ڕەنگ ئاماژەن بۆ بوژانەوە و ژیانەوە.

شاعیر لە دەقێکی تری بەناوی (نیگارێک لە دڵ)دا دەڵێت:

**ئەی کیژۆڵەی نەرمۆڵەی کەمێک باریک**

**تریفەی مانگ بۆ تریفەی پەست و تاریک**

**دوو چاوی گەشی گەورەی ڕەشی وەکو ئاسک**

**باخەوانی دوو سێوی سووری ناسک**

**ئەی قژ خاوی زەردی زاخاوی زێڕین**

**خەندەی سەر لێو سارێژکەری زامی ژین**

**ئەی بزوێنی مەلی سۆزی دەروونم** (جەمال بەرگی یەک: ١٦٢)

شاعیر تابلۆی کچێکی جوانی نەخشاندووە کە بەهۆی جوانییەکەیەوە بووەتە تریفەی مانگ بۆ شاعیر و پەستی و تاریکی لێ ڕەواندووەتەوە، ڕەهەندەکانی جوانیی ئەم کیژۆڵەیە ڕەنگەکانی (ڕەش، سوور، زەرد، زێڕین) بوونە بە بنەمایەکی گرنگی ئیستاتیکی ئەم دەقە، شاعیر زۆر بەڕوونی کاریگەربوونی خۆشەویستەکەی بەسەرییەوە لە ڕێگەی ئاماژە ڕەنگییەکانەوە دەربڕیوە، کە ڕەشی چاو هەڵگری ئاماژەی خۆشەویستی و جوانییە و ڕەنگی سوور هەڵگری پەیامی هەست بزواندنە و پڕ لە جوانییە، ڕەنگی زەردی قژ ئاماژەیە بۆ خۆجوانکردن و ڕاکێشانی سەرنجی بەرانبەر. چواندنی ڕەنگی زەرد بە زاخاوی زێڕ ئاماژەیە بۆ کاریگەر بوونی ڕەنگ لە بیر و هزری شاعیردا.

لە دەقی (کەرکوک) کاریگەری ڕەنگ بەڕوونی بەسەر جەمال شارباژێڕیەوە هەست پێدەکەین و دەڵێت:

**کەرکوکەکەم**

**شاری هەمیشە نەبەزی**

**سپی و سۆڵ و سیما سوور و**

**دامێن سەوزی**

**خنجیلە ئێسک سوکەکەم**

**هەربژیت بەسەربەرزی** (جەمال بەرگی دوو: ٥٢٤)

ئەم دەقە دەکرێت دوو خوێندنەوەی بۆ بکرێت، خوێندنەوەی یەکەم: شاعیر زۆر بەڕوونی کوردستانی بوونی شاری کەرکوکی سەلماندووە لە ڕێگەی هەر سێ ڕەنگی سور و سپی و سەوز کە ئاماژەیە بۆ ڕەنگەکانی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، بە پێی ڕیزبەندی ڕەنگی ئاڵای کوردستان وەسفی شاری کەرکوک دەکات و کە ئاڵای کوردستان سیمای سورە پاشان سپییە دامێنیشی سەوزە.

خوێندنەوەی دووەم: کە هەریەک لە ڕەنگی (سپی و سۆڵ) ئاماژەیە بۆ پاکێتی و ڕاستی، بەکارهێنانی ڕەنگی سوور، ئاماژەیە بۆ بوونی ئاگری بابە گوڕگوڕ، هەروەها دامێنی سەوزی ئاماژەیە بۆ بوونی سەوزایی و باخداریی لە خوارووی کەرکوک، جوانی و ڕازاوەی ئەم دەقە

لەوەدایە، شاعیر کەرکوکی چواندووە بە بەرخێک کە سپی و سۆڵە و ڕووی سورە و لە دامێنیکی سەوزدایە، شاعیر لە ڕێگەی هەریەک لە ڕەنگی سپی و سوور و سەوزەوە خۆشەویستی بۆ کەرکوک دەربڕیوە. هیوای سەلامەتی و سەربەزی بۆ دەخوازێت.

جەمال شارباژێڕی لە دەقێکی کۆمیدیدا بەناوی (هەژدینە)دا کە بیست و یەک دێڕە لە ڕێگەی ڕەنگی حیزبەکانەوە وێنەیەکی ئیستاتیکی زۆر جوانی دروستکردووە، بەڕوونی کاریگەربوونی شاعیر بە ئاماژەی ڕەنگەکانەوە دیارە، لەکۆتایی دەقەکەدا دەڵێت حیزبەکان زویر مەبن هەمووتانم لە کچێکی سرکدا کۆکردووەتەوە، لەبەر زۆری  تەنیا چەند کۆپلەیەکی دەخەینە ڕوو.

**ئەی جوتە چاو یەکێتی**

**نیگایەک بەیارمەتی**

**ئەی گۆناو لێو کۆمۆنیست**

**گفتێکی خۆشم نەبیست**

**ئەی ڕوخسار زەحمەت کێشان**

**بێرە لام بێ دڵ ئێشان** (جەمال بەرگی دوو: ٤٧٨)

چواندنی ڕەنگی ئاڵای حیزبەکان بە ڕەنگی ئەندامانی جەستەی یار، بۆخۆی ئەوەمان پێدەڵێت کە پەیامی ڕەنگ چەند کاریگەرە، شاعیر زۆر جوان بە ئاوێتە کردنێک لە جیاتی ڕەنگ ناوی حیزبەکان دەهێنێت و دەقێکی کۆمیدی لێ دروستدەکات، کە ئەوانیش (ڕەنگی سەوز لە چاودا جوانییەکی سیحراوی هەیە و ڕەنگی سوور لە گۆنا و لێودا ئاماژەیە بۆ خۆ ڕازاندنەوە و پەیامی خۆشەویستی، هەروەها ڕەنگی زەردێکی کاڵ کە ئاماژەیە بۆ ترس و نیگەرانی، کە لە ڕوخساردا دەردەکەوێت، بەڕوونی لە ڕێگەی ڕەنگی حیزبەکانەوە جوانی لە دەقدا خوڵقاندووە.

شاعیر (ع.ح.ب) لە دەقێکی نیشتیمانپەروەریدا بەناوی (سڵاوی لاوان)دا دەڵێت:

**سڵاو لە دنیای ڕۆژ ئاوا**

**لە سپی و ڕەش، لە زەرد و سوور**

**لە دایکان و کۆرپەی ساوا**

**سڵاو لە ڕۆژهەڵاتی دوور** (ع.ح.ب: ١٦٢)

کۆکردنەوەی چوار ڕەنگی سپی و ڕەش هەروەها زەرد و سوور لەم دەقەدا دەکرێت دوو خوێندنەوەی بۆ بکرێت، یەکەمیان گوزارشتکردنە لە ڕەنگی مرۆڤ کە بە گشتی مرۆڤ چوار ڕەنگە (سپی سوور ڕەش زەرد) دووەمیان پەیامە بۆ لاوەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە تایبەتی

لاوی ڕۆژهەڵات، هەروەها پەیامی دیوی پشتەوەی ئەم ڕەنگانە ئەوەیە، کە ڕەنگی سپی ئاماژەیە بۆ گەیشتن بە ئاشتیی سەربەخۆیی و بە دوایدا هاتنی ڕەنگی ڕەش پەیامە بۆ گەنجان کە نیگەران نەبن و هەموو ناڕوونییەکان ئاشکرا بکەن، چونکە دەوترێت: ((ڕەش ڕەنگی نیگەرانی و ترسە و ڕەنگی نهێنی و نەزانراوەکانە)) (ستیڤن جۆن کلبەرت، ٢٠٠٧: ٢٢) پاشان ڕەنگی زەرد پەیامە بۆ ئەوەی نابێت بترسن و نیگەران بن، و ڕەنگی سوور ئاماژەی کۆڵنەدان و قوربانیدانە.

هەروەها لە دەقی (ئەی کاروانی)دا دەڵێت:

**دڵم وەک خەڵووز ڕەشە**

**وەک وڵاتەکەم بەش بەشە** (ع.ح.ب: ٦٤٣)

دەقێکی کورت، بەڵام هەڵگری فرە واتا و مەبەستی جیاواز بەهۆی بوونی ڕەنگی ڕەش لەم دەقەدا، چونکە ڕەش هەڵگری پەیامی ئازار و بێ هیواییە ڕەنگێکە شتەکان دەشارێتەوە، بەڵام جوانترین پەیام ئەوەیە شاعیر دەیەویت پێمان بڵێت دار کرا بە خەڵوز ورد و بەش بەش دەبێت و پاشان بۆ سوتان بەکاردێت، کوردستانیش بەشکراوە و بۆ دوژمن دەیسوتێنێت و بۆ ئەوەی خۆی تێربێت، بۆیە جوانی و ڕازاوەیی ئەم دەقە بەهۆی ئەو پەیامەوەیە کە ڕەنگی ڕەش گوزارشتی لێ دەکات

# ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

١. چێژ و جوانی هۆکارێکی گرنگی ڕەنگدانەوەی ئاماژە نازمانییەکانە لە شیعری هەردوو شاعیر، ئەم جوانییەش لە ڕێگەی ئاوێتەکردن و تێکەڵکردنیان لەگەڵ هەستەکانیان، یاخود هارمۆنییەت و گونجانی نێوان ئاماژە نازمانییەکان هاتووەتە دی، بووەتە هۆی چێژبەخشین و هونەری بەرز و خستنە ڕووی بیری نوێ و جیاواز، بۆیە هەردوو شاعیر ئاگاییەکی زۆریان لە بواری ئاماژەی نازمانیدا هەبووە و جێگەی گرنگی و بایەخ بووە.

٢. ڕەنگدانەوەی ئاماژە نازمانییەکان لە شیعریدا جگە لە مەبەستەکانی(جەختکردنەوە، پێچەوانەیی، دووبارەکردنەوە، تەواوکاری، جێگرتنەوە، ڕێکخستنەوە) لەشیعری هەر دوو شاعیردا بۆ مەبەستێکی تری زۆر گرنگ بەکارهاتوون، ئەویش چێژ و جوانی و ڕازاندنەوەی دەقە، کە ئاماژە جەستەییەکان زۆرترین ڕۆڵیان لەم بوارەدا گێڕاوە.

٣. ڕووخسار سەرچاوەی زۆرێک لە ئاماژە نازمانییەکانە و هەریەک لە ئەندامەکانی (چاو، ڕوو، ڕوومەت، برۆ، لێو) لەخۆ دەگرێت، ئاماژەکانی چاو زۆرترین ڕەنگدانەوەی لە شیعری هەر دوو شاعیردا هەبووە، ڕوومەتەکان دەرخەری جوانی و ڕازاوەی ئافرەتە، بۆیە لە شیعری هەردوو شاعیردا گوزارشت بووە بۆ هەریەک لە (خۆشەویستی و عیشق، شەرمنی، تاسەی دووری و دەسبازی، برسێتی و هەژاری). لەگەڵ ئەوشدا بەشێکی گرنگی وێنەی شیعری بووە.

٤. ئاماژە دەنگییەکان لە دەقی شیعری هەردوو شاعیر زۆر بەڕوونی هەستی پێ دەکرێت، بەشێکی گرنگی بەرهەمهێنانی وێنەی شیعری پڕ لە جوانی و چێژە و بەهایەکی ئیستاتیکی بە دەقە شیعرییەکانیان بەخشیوە. بەهۆی جۆراوجۆری ئەو پەیامانەی کە دەتوانێت بیگەیەنێت.

٥. ئاماژە (ڕەنگی و هەستییەکان) بنیادێکی گرنگی پێکهێنانی شیعرن، هەڵگری واتای هێمایی و دەلالەتی جۆراوجۆرن ڕەگەزی سەرەکی وێنەی شیعری پڕ لە ئیستاتیکین، ڕەنگەکان دەچنە خانەی هاوەڵناوەوە و وەکو بەشێکی گرنگی وەسفکردن و چواندن بەکارهاتوون و ڕەهەندی ئاماژەییانەی پێ بەخشراوە لە پێناو گەیاندنی واتاو مەبەستی تر، لەگەڵ ئەوەشدا هەستەکان بنەمایەکی گرنگی درککردنی کۆمەڵێک جوانین کە ڕەنگە هەموو کات زمان نەتوانێت گوزارشتیان لێبکات.

٦. لەم هێڵکارییەی خوارەوە بە شێوەیەکی ڕوون ڕەنگدانەوەی سەرجەم ئاماژە نازمانییەکان لە شیعری هەردوو شاعیر خراوەتە ڕوو، کە بۆمان دەرکەوت ڕەنگدانەوە و کاریگەرییەکە لەسەر شاعیر (جەمال شارباژێڕی) زیاترە و بووە بە بنەمایەکی گرنگی جوانی و چێژ لە دەقەکانیدا.

| | ئاماژە | جەمال شارباژێڕی | ع.ح.ب |
|---|---|---|---|
| ئاماژەكانی ڕوخسار | ١. ڕوو | (١٩) جار باسكراوە: **بەرگی یەكەم لاپەرە** (٣٦، ٥٧، ٨٦، ١٣٩، ١٤١،٢٠٣، ٢٣٠،٢٨٤، ٣٥، ٤٣٦، ٤٤٣) **بەرگی دووەم لاپەرە** (١٦، ٧٥، ١٨٤، ٣٠٨، ٣٦٣، ٤٢٠، ٤٨٢، ٥١٤) | (٦) جار باسكراوە لاپەڕە (٢٦، ٣٢، ٩٧، ٢١٢، ٤٤٩، ٦٢٢ ) |
| | ٢. چاو | (٣٥) جار باسكراوە: **بەرگی یەكەم لاپەڕە** (١١، ١٤، ١٦، ٢٧، ٣٣، ٣٦، ٣٨، ٤٣، ٥٧، ٨٦، ١١٤، ١١٩، ١٣٩، ١٤٢، ١٤٢، ١٥٥، ١٥، ١٥٧، ١٦٢، ١٦٦، ١٩٤): **بەرگی دووەم لاپەڕە** (١٩، ٣٢، ٣٣، ٧٥، ١٢٧، ١٥٦، ١٧٠، ١٧١، ٢٦٢، ٢٩٨، ٣٢، ٣٢٣، ٣٦١، ٣٧٦ ) | (١٢) جار باسكراوە لاپەڕە (١٢، ١٥، ٢٤، ٣١، ٣٨، ٨٥، ٢١٢، ٢٤٦، ٣٤١، ٦٠٦، ٦٠٦، ٦٣٩) |
| | ٣. برۆ | (٣) جار باسكراوە**بەرگی یەكەم لاپەرە** (٤٣)**بەرگی دووەم لاپەڕە** (٤٦٠، ٤٧٣) | هیچ دەقێكی نییە باسی ئاماژەی برۆی كردبێت |
| | ٤. ڕوومەت | (١١) جار باسكراوە. **بەرگی یەكەم لاپەڕە** (٣٥، ٥٧، ١٢١، ١٣٩، ١٤٢، ١٥٥، ١٥٦، ٣٢٠، ٣٢٨). **بەرگی دووەم لاپەڕە** (١٠٥، ٤٣٦) | (٣) جار باسكراوە لاپەڕە (٣١، ٧٢، ٢١٣) |
| | ٥. لێو | (٢٠) جار باسكراوە. **بەرگی یەكەم لاپەڕە** (٤١، ٥٥، ٥٧، ١٠٦، ١١٤، ١٥٦، ١٦٢،١٦٥، ١٦٩، ١٧٠، ١٧١، ٢٣٢، ٤٠٥). **بەرگی دووەم لاپەڕە** (١٢٢، ١٩٢، ٣٧٦، ٣٩٧، ٤١١، ٤٣٩، ٥١٤) | (٥) جار باسكراوە لاپەڕە (٣١، ٧٣، ١١٠، ٣٦٠، ٢١٣) |
| ئاماژەكانی جەستە | ١. سەر | (٥) جار باسكراوە: **بەرگی یەكەم لاپەڕە** (٦٠، ١٠١، ١٠٦، ١١٦). **بەرگی دووەم لاپەڕە** (٤٧٦) | (٤) جار باسكراوە لاپەڕە (١١٨، ١٧٣، ٣٢٨، ٣٠٦) |
| | ٢. .گەردن | (٦) جار باسكراوە. **بەرگی یەكەم لاپەڕە** (٢٤، ٣٠، ٥٤، ٧٤، ١٠٦). **بەرگی دووەم لاپەڕە** (٣١٥) | (١) جار باسكراوە لاپەڕە (١٧٣) |
| | ٣. پرچ | (٦) جار باسكراوە. **بەرگی یەكەم لاپەڕە** (٣٤، ٤٣، ١٤١، ١٦٢، ١٦٩، ١٨٢) | (١) جار باسكراوە لاپەڕە (٢٠٨) |
| | ٤. دەست | (٥) جار باسكراوە. **بەرگی یەكەم لاپەڕە** (٦٥، ٧١، ١١٧). **بەرگی دووەم لاپەڕە** (١٤، ٢١٠) | ٣) جار باسكراوە لاپەڕە (٣٠٦، ٢٤٦، ٧٠٤) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاماژە دەنگییەکان | ١.گریان | (٦) جار باسکراوە. **بەرگی یەکەم لاپەڕە** (١٨، ١٠٤، ٣٤٧). **بەرگی دووەم لاپەڕە** (٨٤، ١١٥، ٣٤٧) | (١) جارباسکراوە لاپەڕە (١٧) |
| | ٢.پێکەنین | (١٥) جار باسکراوە. **بەرگی یەکەم لاپەڕە** (١٦٨، ١٩٨، ١٧٨، ٢١١، ٤٤٧).**بەرگی یەکەم لاپەڕە** (٩، ٢١، ٣٨، ٣٨، ٥٦، ١٥٦، ٢٩٣، ٣٥٩، ٣٦٠، ٤٤٣) | (٧) جار باسکراوە لاپەڕە (٣١، ٣٥، ٥١، ١١٥، ١٦٧، ٣٦٥، ٨٢٠) |
| | ٣. بێدەنگی | (١٢) جار باسکراوە. **بەرگی یەکەم لاپەڕە** (٤١، ١١٥، ١٤٨، ١٧٦، ٢٢٥، ٣٦١، ٣٦٧، ٣٧٧، ٤٠٨). **بەرگی یەکەم لاپەڕە** (٥٠، ٣٦١، ٤٠٠) | (٢) جار باسکراوە لاپەڕە (٢٠٣، ٨١٣) |
| | ٤. ئاوازی دەنگ | (١٥) جار باسکراوە. **بەرگی یەکەم لاپەڕە** (١٠، ١٥، ٩٥، ٩٧، ١٠٦،١٨٨، ١٩٧، ١٩٨، ٢٩٠، ٢٩٧، ٣٧٢). **بەرگی یەکەم لاپەڕە** (٤٨، ١٤، ٦٤، ٣٩٣ ) | (٢) جارباسکراوە لاپەڕە (١٥٠، ١٥٩) |
| ئاماژە هەستییەکان | ١. بینین | (٣٣)جار باسکراوە. **بەرگی یەکەم لاپەڕە** (٥٤، ٥٧، ٨٦، ١٣٩، ١٦٢، ٣١٥، ٣٦٧، ٣٩٨، ٤٠٤، ٤٠٨). **بەرگی دووەم لاپەڕە**. (٢٣، ٤٨، ٥٠، ٥٢، ٧٦، ٧٩، ٩٢، ٩٢، ٩٦، ١٠٤، ١١١، ١١٢، ١٥٨، ١٦٢، ١٨٣، ١٨٤، ٢٠٨، ٢١٨، ١٩٥، ٣٧٢، ٤٥٩، ٤٣٩، ٥١٠) | (٣) جارباسکراوە لاپەڕە (٢١، ٢٢، ٤٩) |
| | ٢. بیستن | (٣) جار باسکراوە. **بەرگی یەکەم لاپەڕە**. (٣٠٤، ٤١٨). **بەرگی دووەم لاپەڕە**.(٣٧٦) | (٥) جار باسکراوە لاپەڕە (١١، ١٢٤، ٢٩٢، ٧٠٦) |
| | ٣. بۆنکردن | (٤) جار باسکراوە. **بەرگی یەکەم لاپەڕە**. (١٢١، ٣١٢). **بەرگی یەکەم لاپەڕە**. (٣٤٢، ٤٣٩) | (٣) جار باسکراوە لاپەڕە (٢٠٩، ٢٧٨، ٦٠٦ ) |
| | ٤. تامکردن | (٦) جار باسکراوە. **بەرگی یەکەم لاپەڕە**. (٣٣٧، ٤٢٤). **بەرگی یەکەم لاپەڕە**. (٩٤، ٢٠٤، ٤٦٠، ٥٣٨) | (١) جارباسکراوە لاپەڕە (٢١٦) |
| | ٥.بەرکەوتن | (٢٣) جار باسکراوە. **بەرگی یەکەم لاپەڕە** (٣٦، ٤٠، ٦٦، ٩٠، ١٦٨، ٣١٩، ٣٢٨، ٤٢٦). **بەرگی یەکەم لاپەڕە**.(٣٥، ٣٧، ٧٢، ٨٢، ٩٦، ١٧٤، ١٨٧، ٢٠١، ٢٠٥، ٢٦٤، ٢٧٠، ٢٧٦، ٢٩٢، ٣٧١، ٤٦٧) | (٣) جار باسکراوە لاپەڕە(٢١٦، ٢٤٦، ٣٧٦) |
| | ١.سپی | (٦) جار باسکراوە. **بەرگی دووەم لاپەڕە**(١١، ٢٧، ٨٨، ٤٢٥، ٤٧٨، ٥٢٤) | (٢) جارباسکراوە لاپەڕە (١٦٢، ٥٧٧) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاماژە ڕەنگییەکان | ٢. ڕەش | (٩) جار باسکراوە. **بەرگی یەکەم لاپەڕە**(٤١، ٦٥، ١٠٧، ١٦٢، ١٧٦، ١٩٠). **بەرگی یەکەم لاپەڕە**(٢١٠، ٤٢٥، ٥٢٥) | (٦) جار باسکراوە لاپەڕە(٣١، ٩٥، ٩٧، ١٦٢، ١٨٠، ٦٤٢) |
| | ٣. زەرد | (٨) جار باسکراوە. **بەرگی یەکەم لاپەڕە**(٨٦، ١٦٢، ١٦٩، ١٨٢، ١٨٥). **بەرگی یەکەم لاپەڕە**(٢٧، ٣٢٢، ٤٧٨) | (٨) جار باسکراوە لاپەڕە (٣١، ٣٨، ٨٧، ١١١، ١١٢، ٢٠٣، ٢١٨، ٥٧٧) |
| | ٤. سور | (٩) جار باسکراوە. **بەرگی یەکەم لاپەڕە**(٣٤، ٦٥، ٧٩، ٩١، ١١٩، ٢٢١، ٢٣٢، ). **بەرگی یەکەم لاپەڕە**(٤٧٨، ٥٢٤) | (٢) جارباسکراوە لاپەڕە (١٥٤، ٤٤٩) |
| ئاماژەکانی سروشت | ١. هەور | (١٢) جار باسکراوە. **بەرگی یەکەم لاپەڕە** (١٨٨، ١٩٠، ٢٣١، ٢٣٢، ٢٩٢، ٢٩٩، ٣٧٥). **بەرگی دووەم لاپەڕە** (٢٤، ٤٠، ١٥٣، ٣٩٧، ٥٠٣) | (٣) جارباسکراوە لاپەڕە (٥٤، ٩٥، ٧٢٣) |
| | ٢. شەو و ڕۆژ | (٤) جار باسکراوە. **بەرگی یەکەم لاپەڕە** (١٩٠،٤١، ٢٥٨، ٢٧٧) | (٣) جار باسکراوە لاپەڕە (٤٥، ٦٦، ٢٠١) |
| | ٣. گوڵ و دڕک | (١١) جار باسکراوە. **بەرگی یەکەم لاپەڕە** (٧٨، ٨٨، ٢٢٣، ٢٨٨، ٢٩٤، ٣١٧، ٣٢٦، ٣٣٣، ٣٥٠).**بەرگی یەکەم لاپەڕە**(٣٦، ١٤٩) | (٥) جار باسکراوە لاپەڕە (١١٨، ١٨٦، ٢١١، ٢٨٦، ٢٨٨ ) |
| | ٤. خۆر و مانگ | (٣) جار باسکراوە. **بەرگی یەکەم لاپەڕە** (٢٥٩، ٢٩٢) **بەرگی یەکەم لاپەڕە** (٣٢٢) | (٤) جارباسکراوە لاپەڕە (١١٢، ٢٨٩، ٣١٣، ٣٣٨) |
| | ٥. با | (٣) جار باسکراوە. **بەرگی یەکەم لاپەڕە** (٧٢، ٢٢٧، ٢٩٢) | (٤) جارباسکراوە لاپەڕە (٢٠٥، ٣٠٨، ٤٣٦، ٤٥٤) |
| | ٦. چرۆ لق گەڵا | (٤) جار باسکراوە. **بەرگی یەکەم لاپەڕە** (١٧٥، ٣٠٦) **بەرگی یەکەم لاپەڕە** (١٤٧، ٥٢٨) | (٢) جارباسکراوە لاپەڕە (٦٢٨، ٦٣١) |
| | ٧. ئاسمان | (١١) جار باسکراوە. **بەرگی یەکەم لاپەڕە** (٥٣، ١٥١، ٣٧٦، ٣٧٨، ٤٤٠، ٤٥٢، ). **بەرگی یەکەم لاپەڕە** (٤، ٨، ٢٤، ٤٠، ٣٦٢) | (٦) جارباسکراوە لاپەڕە(٨١، ١١٨، ١٢٩، ١٨٦، ١٨٨، ٢٥٤) |

## لیستی سەرچاوەکان

*** قورئانی پیرۆز**

**زمانی کوردی:**

**کتێب:**


١. ئەرستۆ (٢٠١١)، **هونەری شیعر (شیعر ناسی)**، وەرگێرانی عەزیز گەردی، چاپی دووەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

٢. ئەمین، وریا عومەر (٢٠٠٤)، **چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی**، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٣. ئەمین، بورهان محمد (٢٠١٦)، **تەفسیری ئاسان**، ناوەندی ڕۆشنبیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٤.الکاشف، ئەحمەد جمال الدین (٢٠١٥)، **خوێندنەوەی ڕوخساری مرۆڤ**، وەرگێرانی هەورامان عەلی، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

٥.پیز، ئالن (٢٠١٩)، **زمانی جەستە**، وەرگێرانی سەلاح سەعدی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین.

٦.پیز، ئالن (٢٠١٩)، **زمانی جەستە**، وەرگێرانی دانا نادر محمد، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٧.پیربال، فەرهاد (٢٠٠٤)، **ڕێبازە ئەدەبییەکان**، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٨.پیکارد، ماکس (٢٠١٩)، **جیهانی بێدەنگی**، وەرگێرانی ئارام ئەمین شوانی، ناوەندی فێربوون، هەولێر.

٩.حسێن، جەبار ئەحمەد (٢٠٠٨)، **ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عیراق(١٩٥٠-١٩٧٠)**، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٠.حەوێزی، دەریا و سڵیوە، هاوژین (٢٠١٥)، **ئیرۆتیک لەشیعری (حەمام)ی شێرکۆ بێکەسدا**، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

١١.حسێن، شیروان و میرزا، شیروان (٢٠١٠)، **لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان**، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٢.حسێن، محمد ئەمین (٢٠٠٧)، **زمانی جەستە**، چاپخانەی ئاوێنە، هەولێر.

١٣.خۆشناو، سەرباز مەجید (٢٠١٩)، **سیمۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت**، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر.

١٤.خەلیل، زانا (٢٠١٣)، **ئیرۆتیک لە شیعری نالیدا**، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١٥.خەزنەدار، مارف (٢٠١٠)، **مێژووی ئەدەبی کوردی**، بەرگی حەوتەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر

١٦.دزەیی، عبدولواحید مشیر (٢٠٠٥)، **رەهەندی دەروونی لە بواری راگەیاندا**، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

١٧.ڕەسول، عبدوللا حسێن (٢٠١٤)، **پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی**، چاپخانەی هێڤی، چاپی سێیەم، هەولێر.

١٨.زەنگەنە، مستەفا محمد کریم (٢٠٠٢)، **ڕەنگ لە زمانی کوردیدا**، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٩.عبدولرحمان، شیلان عوسمان (٢٠٠٩)، **کارابوونی زمان لەپەیوەندییەکۆمەلآیەتییەکاندا**، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.

٢٠.سابیر، .پەرێز (٢٠٠٦)، **رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر**، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٢١.عەلی، ئازاد (٢٠٠٧)، **دەروونزانی گشتی**، ئاماژە بە چاپخانە و شوێنی چاپ نەکراوە.

٢٢.عیسی، هاوژین سلیوە. (٢٠٠٩)، **بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری (شێرکۆ بێکەس)**، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی .

٢٣.فتاح، محمد مەعروف (٢٠١١)، **زمانەوانی**، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم، هەولێر.

٢٤.فەتاح، محمد مەعروف (٢٠١٠)، **لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان**، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر.

٢٥.کانک، ئەلیزا بێز (٢٠٢١)، **زمانی جەستە**، وەرگێڕانی شەپۆل مامەش، چاپی سێیەم، ناوەندی وارڤان.

٢٦.کانگیی، برایان (٢٠٢٠)، **چۆن خەڵکی دەخوێنیتەوە**، وەرگێڕانی شاباز حامید قادر، ناوەندی سایە، سلێمان.

٢٧.کلبەرت، ستیڤن جۆن (٢٠٠٧)، **زمانی جەستەی ڕەنگ**، وەرگێڕانی محمد ئەمین حسێن و کەمال حەسەن، لە بلآوکراوەکانی کۆمپانیای ئاوێنە، سلێمانی.

٢٨.گلاس، لیلیان (٢٠١٩)، **زمانی جەستەی درۆزنەکان**، وەرگێڕانی ئیبراهیم بەهائەدین، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٢٩.گرۆست، گەیس (٢٠٢٠)، **زمانی جەستە**، وەرگێڕانی هێمن ئەحمەد، چاپی دووەم، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی.

٣٠.گلاس، لیلیان (٢٠١٨)، **چۆن بیری خەڵک دەخوێنیتەوە**، وەرگێڕانی شێرزاد موکریانی، چاپخانەی کەنج، سلێمانی.

٣١.مستەفا، ئاسۆ عومەر (٢٠١٢)، **بەها ئیستاتیکیەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران**، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر .

٣٢.مەحمود، فازیل مەجید (٢٠٠٧)، **سروشت لە شیعری گۆراندا**، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣٣.میراودەلی، کەمال (٢٠٠٥)، **فەلسەفەی جوانی و هونەری ئیستاتیکا**، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی.

٣٤.مەحوی، محمد (٢٠٠٩)، **زانستی هێما، هێما**، واتاو واتا لێکدانەوە، بەرگی یەکەم چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

٣٥.معایتە، خەلیل عەبدول رەحمان (٢٠١٣)، **دەروونناسی کۆمەڵایەتی**، وەرگێڕانی سەلاح سەعدی، چاپخانەی نارین، هەولێر.

٣٦.محمد، ئومێد (٢٠٢١)، **نهێنی ڕوومەتەکان**، چاپی دووەم، چاپخانەی جەنگەڵ، تاران.

**دیوان:**

٣٧.شارباژێڕی، جەمال (٢٠١٣)، **کۆشیعری جەمال شارباژێڕی**، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٣٨.شارباژێڕی، جەمال (٢٠١٣)، **کۆشیعری جەمال شارباژێڕی**، بەرگی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٣٩.بەرزنجی،محمد حسێن (٢٠١٣)، **دیوانی شیعری ع.ح.ب**، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

**نامەی ئەکادیمی:**

٤٠.ئیسماعیل، سروود وەلی (٢٠٠٨)، **سروشت لە شیعری کوردیدا لەبەر ڕۆشنایی شیعرەکانی مەولەوی و پیرەمێرد و گۆراندا**، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی بەغداد.

٤١.ئەحمەد، شنە ئەبوبەکر (٢٠٠٨)، **زمانی جەستە**، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.

٤٢.حەمە بچکۆل، ئاهەنگ شەفیق (٢٠١٩)، **گوتاری جەستە لە ڕۆمانی کوردیدا کرمانجی خواروو ساڵانی (١٩٩٥-٢٠٠٥)**، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

٤٣.حەمەد، پەخشان سابیر (٢٠٠٢)، **ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستانی عێراقدا**، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.

٤٤.حەمید شەمس، هێمن عەبدول (٢٠٠٦)، **شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا**، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، زانکۆی کۆیە.

٤٥.حەمە ئەمین، سارا صدقی (٢٠١٠)، **جەمال شارباژێڕی و ڕۆڵی لە نوێگەری شیعری کوردیدا**، نامەی ماستەر، بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی.

٤٦.حسام الدین، هێرۆ (٢٠١٧)، **ئیرۆتیک لە شیعری ژنانی باشوری کوردستاندا (کرمانجی خواروو ٢٠٠٠-٢٠١٣)**، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی چەرموو.

٤٧.خەلیل، کامەران ئیبراهیم (٢٠٠٧)، **سیمۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلای جزیریدا**، نامەی ماستەر، زانکۆی دهۆک.

٤٨.سالح، دەرون عەبدول رەحمان (٢٠١٤)، **ڕۆڵی زمان لە ئاڕاستەکردنی لایەنی دەرونی تاکدا**، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

٤٩.عبدوڕەحمان، عەبدولسەلام سالار (٢٠٠٦)، **وێنەی هونەری لەشیعری (شێخ نووری شێخ ساڵەح)دا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلیمانی.

٥٠.عەلی، لوقمان ڕەئوف (٢٠١٣)، **دەقی شیعری کوردی لە ڕوانگەی سیمۆلۆژیاوە**، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

٥١.عەلی، ئازاد ڕەمەزان (٢٠٠٥)، **بنەما زمانییەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلاحەدین.

٥٢.کەریم، فەرهاد قادر (٢٠٠٩)، **بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلیمانی.

٥٣.مامە، داستان صابر (٢٠٢١)، **ڕۆڵی هێما نازمانییەکان لە ئاخاوتنی کوردیدا**، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین.

٥٤.مستەفا، ئاسۆ عومەر (٢٠١٩)، **ڕێچکەی گوتاری ڕەخنەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا(کرمانجی خواروو ١٩٢٠-١٩٧٠)**، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**فەرهەنگ:**

٥٥.خاڵ، شێخ محمد (٢٠٠٥)، **فەرهەنگی خاڵ**، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

**گۆڤار:**

٥٦. ئەحمەد، یونس سلێمان (٢٠١١)، **زانستی زمانی کۆمەڵایەتی وەک لقێکی گرنگی زانستی زمان،** گۆڤاری ڕامان، ژ ١٧٠ .

٥٧.بەسیر، کامیل (١٩٨٢)، **خاڵبەندی بۆ ڕێنوسی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق**، دەستەی کورد، بەرگی ٩، بەغداد.

٥٨.چیا، محەمەد (٢٠٠٠)، **زماننناسی ئالەتێک بۆ ڕاڤەکردنی واتاکان**، گۆڤاری هەژان ژ ٥.

٥٩.حەوێزی، دەریا جەمال (٢٠١٤). **ستاتیکای زمانی شیعری لە دیوانی (مۆسیقای نامۆیی)ی هاوژین سلێوە دا**، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ ٣١.

٦٠.حسێن، سالار کریم (٢٠٢١)، **سیمۆلۆژیای فۆتۆ لە چیرۆکی کوردیدا، چوارەمین ئەلبومی تەنیای (سیامەند هادی) بە نموونە**، گۆڤاری ڕامان، ژ ٢٨٧–٢٨٨.

٦١.ڕەؤوف، لوقمان (٢٠١٨)، **سیمۆلۆژیای ڕەنگ لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا دیوانی ڕەنگدان بە نموونە**، گۆڤاری کۆنتێکست، ژمارە ٢–٣، سلێمانی.

٦٢.ڕەشید، ئەحمەد محمد و سەلام، دیلان و بەکر، کانیاو (٢٠٢١)،**وێنەی شیعری لە (شیعرەکانی سالم) دا**، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان. ژ ٨.

٦٣. ڕەسول، تەها ئەحمەد (٢٠١٢)، **ئیستاتیکا و فەلسەفەی هونەر**، گۆڤاری ڕامان، ژ١٧٩.

٦٤.سەمەد، مەریوان ئەسعەد و عمر، نەوزاد ئەنوەر (٢٠٢١)، **جوڵە و ئاماژەکانی سەر و لێکدانەوەیان بە پێی تیۆری کردە قسەییەکان**، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ ٨.

٦٥.سالّح، ڕێزان (٢٠١٦)، **ئیرۆتیک لە شیعری قوبادی جەلیزادە**، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین. ژ ٧.

٦٦.سالّح، تارا موشیر (٢٠١٩)، **پەیوەندی نێوان زمان و هێما لەگەڵ واتا و وێنە**، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ ٦.

٦٧. سالّح، تاڤگە عمر (٢٠٢٠)، **ئاماژە جەستەییەکان لە شیعری نالیدا**، گۆڤاری زانکۆی کەرکوک. ژ١٥ .

٦٨.شێخانی، زەیتۆ (٢٠٠٧)، **زمانی جەستەو ڕۆڵی لە ژیانی ڕۆژانەماندا**، گۆڤاری ڕامان، ژ ١١٩.

٦٩.عەبدولڕەحمان، عەدنان و محمود، شنۆ (٢٠١٨) **ڕەنگ لە شیعری گۆران و نیمایوشیج**، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٥٣، بەشی.(B)

٧٠.عبدوالسلام، ژوان و محمد، یوسف علی (٢٠١٩) **دەلالەتەکانی ڕەنگ لە دەقە شیعرییەکانی مستەفا بەگی کوردیدا**، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە ٥.

٧١.کەریم،کاوە عەبدول (٢٠٠٧)، **زمان و پرۆسەی پەیوەندیکردن**، گۆڤاری ڕامان، ژ ١١٨.

٧٢.موعین، سازان ڕەزا (٢٠٢١)، **جۆرەکانی ڕستە لە زمانی ئاماژەدا**، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان،ژ ٣.

**زمانی عەرەبی :**

**کتێب:**

٧٣.أبوأصبح، صالح (١٩٩٩)، **الأتصال و لاعلام في الجتمعات المعاصرة**، دار ارام للدراسات والنشر، عمان.

٧٤.الصيرفي، محمد (٢٠٠٦)، **الاتصالات ألادارية**، مؤسسة حورس الدولوية، الأسكندرية.

٧٥.الهنداوي، على فالح (٢٠١١)، **مبادئ أساسية في علم النفس**، دار الحنين للنشر والتوزيع، الطبعةالثانية.

٧٦.المرابط، عبدالواحيد (٢٠١٠)، **السيماء العامة و السيماء الادب**، منشورات الاختلاف، بيروت.

٧٧. بركات، وائل (٢٠٠٢)، **السيمولوجيا بقراءة رولان بارت**، مجلة جامعه ديمشق، المجلة ١٨عدد الثانى.

٧٨.بويسنس، أيرك (٢٠١٧)، **السيمولوجيا والتواصل**، ترجمة وتقديم جواد بنيس.

٧٩.حمدان، أمية (١٩٨١)، **الرمزية و الرومانتكية في الشعر لبناني**، دار الرشيد للنشر، (سلسلة دراسات ٢٦٧).

٨٠.حمود، على عبدالرزاق (١٩٩١)، **النقد الأدبي الحديث**، دار الحكمة لطابعة واله والنشر، بغداد.

٨١.حسان، محمد سعد و غيث، خلو بدر و الكرابلية، معتصم عزمي (٢٠٠٥)، **مقدمة في علم الجمال**، مكتبة المجتمع العربي للنشر، عمان.

٨٢.خليل، صالح و أبو أصبع، صالح (٢٠٠٦)، **الاتصال والاعلام في الجتمعات المعاصرة**، دار مجدلاوى والتوزيع، الطبعة الخامس عمان.

٨٣.زيادى، صدام (١٩٨٩)، **المدخله الى الفلسفة**، ط١، الحرية للطباعة، بغداد.

٨٤.زكارنة، هديل (٢٠٠٣)، **علم الجمال**، مركز الكتاب الأكاديمى، عمان.

٨٥. سليمان، عيصام الموسى (٢٠٠٩)، **مدخل الى الاتصال الجماهيري**، دار النشر، مكتبة الجامعة الشارقة.

٨٦.سالم، محمد عزيز نظمي (١٩٨٦)، **علم الجمال**، دارالفكر الجامعي، اسكندرية.

٨٧.عەقيل، محسن (٢٠١٠)، **موسوعة الفراسة في معروفة لغة الجسد**، دار المحجة البيضاء، بيروت.

٨٨.غريب، روز (١٩٧١)، **تمهيد في النقد الحديث**، دارالمكشوف، بيروت.

٨٩.مطر، أميرةحلمی (١٩٦٢)، **فلسفة الجمال**، دار القلم، القاهرة.

٩٠.هاجن، شيلی (٢٠١٧). **كل شئ عن لغة الجسد**، مكتبة جرير،

**زمانی فارسی:**

**كتێب:**

٩١.جهانگيری، نادر (١٣٧٨)، **زبان بازتاب زبان**، فرهنگ و انديشه، انتشارات أگاه.

٩٢.ضميران، محمد (١٣٨٠)، **در امدی بر نشانه شناسی**، ترجمه مظفر قهرمان، نشر پرسش، تهران.

**زمانی ئينگليزی:**

**كتێب:**

٩٣ . pearson.J ,Nelson.p, Tisworth, s. and Harter,L ,.(٢٠٠٣),**Human Commmunication**, McGraw- Hill higher. Education.

٩٤ . CRYSTAL and RANDOLPH QUIRK. (١٩٦٤), **systems of prosodic and para linguistic features in English**, the hague: mouton.

# Abstract

Aesthetic of non-linguistic Allusions in the Poetical Texts of (E. H. B and Jamal Sharbazhery)

Non-linguistic allusions are the main principles of communication process, as in this process transferring knowledge via language allusion cannot be successful alone rather it needs non-linguistic allusions to develop the communication. This significant role is the same in literature genres as well. All of the basics of non-linguistic allusions reflected in the literature particularly in poetical texts, because they have great role in the embodiment of poetic image of attractive poetries since analysing each non-linguistic allusion has its great role and message. The embodiment of non-linguistic allusions in poetry, will make the poetries brief and attractive which is the historical characteristic of poetry. Both poets successfully embodied the non-linguistic allusions in some of their poetries. so they were significant basics of aesthetics of the poetries to make the poetries attractive for the readers. The research consists of four sections: the first section (aesthetic and non-linguistic allusions) consists of four parts, in the first part the term and concept of aesthetic and Kant theory described. Second part is about the relation between non-linguistic allusions and semologya. So, in the third part, the communication process and its types clarified and also in the fourth part, focused on non-linguistic allusions in term of different point of view. The second section (aesthetic of body allusions) is about the aesthetic of body allusions in the poetical texts of both poets. It is clearly focused on the allusions of body and statue and erotic allusions. Though the third section (aesthetic of feeling and sound allusions) illustrating each allusion of feeling and sound in the poetical texts of both poets. The

fourth section (the aesthetic allusions of nature and colors) demonstrate the allusions of nature and colors and particularly the aesthetic dimensions of each allusion illustrated with poetical examples. At the end the result demonstrated in some points. So according to a statistic all of the allusions of both poets illustrated and compared.

## Aesthetic of non–linguistic Allusions in the Poetical Texts of (E. H. B and Jamal Sharbazhery

A thesis

Submitted to the Council of the College of Education and Language at Charmo University in Partial Fulfilment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Literature.

BY

**Zrar Sardar Mohammed**

BSc Degree in Language and Literature University of Sulaymaniya year (2012)

Supervised by

**Dr. Aso Omer Mustafa**

Galla Rezan2722 October 2022